# بەدرخان
Bedirxan

بەدرخانی و لەسەر لاچێ لەمەویاش، لە گشت لاوە دەتانهارن وەکو ئاش

هەفتەنامەیەکی رۆژنامەوانیی
گشتیی ئازادە
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی
"بەدرخان" دەریدەکات

ژمارە (١٠٩) پێنج شەممە ٢٠٠٨/١/٨ زایینی
بەرانبەر بە بەفرانباری ٢٧٠٨ی کوردی
ساڵی نۆیەم

www.bedirxan.net
bedrxan@yahoo.com


## نەخۆشییەکەی سەرۆک بارزانی



لە بەشی سێیەمی بیرەوەرییەکانی مامۆستا عەبدوڵڵا پشدەری، کەباس لە ژیان و بەرخودانی خۆی دەکات، کە پێشتر بەدوو بەرگ چاپ و بڵاوکراوەتەوە، ئەمجارەیان وردەکاری زیاتر لەگەڵ بارزانی بۆ بەدرخان دەگێڕێتەوە.
ماوەی دوو مانگی خایاند ئەوجا (شا) ڕازیبوونی خۆی پێشاندا، کەوا بارزانی نەمر بڕواتە ئەمریکا بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەی، ئەو دواخستنەش بۆ ڕۆیشتنەکەی ئەوە بوو، کە شای گۆڕ بە گۆڕ وایدەزانی کە سەرۆک بارزانی تەنیا مەبەستی ئەوەیە، کەوا بچێتە ئەمریکا و جارێکی تر لەگەڵ ئیدارەی ئەمریکا ڕێک بکەوێتەوە، کە ئەویش بۆ سیاسەتی (شا) لەوکاتەدا نەدەگونجا، ئیتر هەر بۆیەو لە ترسی ئەوەی وتمان (شا) فەرمانیدا، کەوا یەکێکی تایبەت لەدەزگای (ساواک) بخەنە پاڵ سەرۆک بارزانی لەوسەفەرەیدا هەمیشە چاودێری بێت، ئەوە بوو ئاغای(مبینی) کۆنە سیخوڕی خۆیان لەگەڵدا نارد، کاک مەسعود و کاک شەفیق قازیشی لەگەڵدا بوو

ل١٨




لە یادی ١٢ ساڵەی کۆچی ئایشەشان

ل٢



هونەرمەند حەمە جەزا لە حزووری بەدرخاندا

ل٣



کەمال محەمەد گۆرانی بۆ منداڵان دەڵێ

ل١٢


## مەلا محەمەدی شەڵماشی .. ژیان، سیاسەت، ئایین، وەرگێڕان



لە دیمانەیەکی تایبەت و کراوەدا، نووسەرو مەلاو وەرگێڕو شۆڕشگێڕ مامۆستا مەلا محەمەد شەڵماشی بەمجۆرە بۆ بەدرخان خۆی ناساند: من بە مەلا محەمەدی شەڵماشی ناسراوم و برای مەلا ئاوارەم، لەکاتی خۆیدا ئیمام و مودەڕیس و پێشنوێژی مزگەوتی سەرچاوەی سەردەشت بووم، منیش ماوەیەک مامەوە کابرایەک هەبوو کە لە ساواک بوو، ئەوکات لە زەمانی شادا ساواک هەبوو، برایەکم هەبوو مەلا مەحمودیان پێدەگوت، لە دەرەوە خەریکی کاسبی بوو، وەختی عەسر هاتەوە گرتیان و بردیان بۆ پادگای سەردەشتێ، منیش مستەفای برام کە ئێستا لە هۆڵەندایە ئەو وەختە گەنج بوو، گوتم بچۆ نان و کەبابێکی بۆ بەرە، دیارە کە هاتۆتەوە نەیانهێشتووە نان بخوا و گرتوویانە، لە ڕێگا تووشی ئەو ساواکییەی بوو بوو، گوتبووی ئەو نانە بۆ کوێ دەبەی؟ گوتبووی بۆ کاکم، گوتبووی بۆ کاکە مەلات گیرا؟ ئەویش گوتبووی نا کاکە مەلام نیە، مەلا مەحمودە، گوتبووی بچۆ بڵێ ئەوە دوو مانگە لەسەر ئەو ماتەڵن کە بیگرن، گوتویانە ئەو ئیمامی مزگەوتە نارڕوا، کە ئەو هاتەوە ئیمشەو دەیگرن، پێی بڵێ بڕوا، ئینجا تەقریبەن ١٨ سەر بزنێکمان هەبوو، حاجی ژن چوو بیاندۆشی، ژنەکەی ناردبوو بۆ ناو مەڕەکان و گوتبووی پێی بڵێن ئەمشەو بڕوا دەنا دەیگرن، منیش ئاشنایەکم هەبوو پیاوێکی زۆر چاک بوو، هەر ئەو عەسرە ٥ هێستری هێناو ئێوارە ئەو شتەی پێویست بوو پێچامانەوە و خەلیلی کوڕم ٦ مانگ بوو، هەر ئەو شەوە هاتین بەلای بەناودا نیوەشەوێ هاتینە ماڵی حاجی عەزیزی قامیش، نیوەشەو بوو لە دەرگاماندا و ئەویش بە دەستێکی دەمانچەی پێ بوو، بە دەستێکی گڵۆپی بە دەستەوە بوو، گوتی کێن؟ گوتم فڵان کەسم...
لەکۆتایی دیدارەکەدا کە لەم ژمارەیەدا بەشی یەکەمی بڵاودەکرێتەوە، پەنجە دەخاتە سەر نهێنی و هەموو شتەکانی دیکەی ژیانی خۆی و مەلا ئاوارەی بەناحەق لەسێدارەدراو.
شایەنی باسە، ئێستا مامۆستا مەلا محەمەدی شەڵماشی لە وڵاتی فنلەندا دەژی...

ل٢٠

## عەبدوڵڵای حەسەن زادە باس لە دەرچوونی (٥٠٠) ژمارەی رۆژنامەی (کوردستان) دەکات



پێش شەست و دوو ساڵ بەر لە ئێستا، حکومەتی کوردستان لە مەهابادو ئۆرگانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە ئەویش رۆژنامەی "کوردستان"ـە، سەبارەت بە دەرچوونی (٥٠٠) ژمارە لەو رۆژنامەیە، مامۆستای گەورەو نووسەرو سیاسەتوان و رۆژنامەنووس و رووناکبیری گەلی کوردستان "عەبدوڵڵا حەسەن زادە سکرتێری پێشووی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران" کە نیو سەدەیە لە کاری نووسین و وەرگێڕان و بابەتی رۆژنامەنووسیدایە، مامۆستا هەر زوو بە وەرگێڕانی رۆمانی "گێلە پیاو"ی عەزیز نەسین زۆرێک لە خوێنەرانی کوردی ئاشنا بە خوێندنەوە کردو لە پاشان بە وەرگێڕانی هەرسێ بەشی رۆمانی "حەمەدۆک"ی یەشار کەمال مێشکی زاخاو داین.. لەو نووسین و پێشەکییە بۆ ناساندنی "عەبدوڵڵا حەسەن زادە" قەڵەم لە ئاستیدا لەرزۆک و نەزۆکە، وەلێ، لە دوا دیمانەی کە لەگەڵ مامۆستا "عەبدوڵڵا حەسەن زادە"...

ل١٩



ڕێبوار کەریم وەلی:
لە هەولێر، کەسمان هەولێری نین

ل ١١



ئیسماعیل خورماڵی
لە کەڵچەری بەدرخاندا

ل کەڵچەر



نەوزاد عەلی ئەحمەدو
رۆژنامەگەری کوردی لە تاراوگە

ل ٢٢

## بۆچی ئەحلام مەنسوور لە وەرگرتنی خەڵاتەکەی دەزگای ئاراس پەشیمانە؟!



ل١٧

* چوار سەد خانوو بۆ خانەوادەی شەهیدان دروست دەکرێت
* بەدرخان پەیمانگای گۆتە بۆ زمانی ئەڵمانی بەسەردەکاتەوە
* پرۆفیسۆر مارف خەزنەدار لەناوەندی ئاڤێستا
* عەلی قەرەداغی و غەزوە کورد
* د. رەئووف عوسمان و مەشهەدانی
* فەرید ئەسەسەردو بارزانییان



شۆڕش قادر نهێنییەکانی درامای سەمفۆنیای مەرگ بۆ بەدرخان ئاشکرا دەکات

ل هونەری



کانی حەمەعەلی:
ڕۆڵی ئارەزوو خۆشەویستی کردووم



هونەرمەند حەمە جەزا

## حەمە جەزا سەردانی بەدرخان دەکات

**راگەیاندنی بەدرخان**

هونەرمەندی ناسراو گەورەی کورد و مامۆستای مەقام و سروودەکانی شاخ حەمە جەزا سەردانی دەزگای بەدرخانی کرد و لەلایەن حەمید بەدرخان سەرۆکی دەزگا و نووسەر و لێکۆڵیار د. سەروەر عەبدوڵڵاو نووسەر و مێژوو نووس د. زرار سدیق و مەسعود ئیبراهیم مەلاهەمزەی سەرپەرشتیاری بەشی هونەری بەدرخان و چەندین میوان پێشوازی لێکرا.

بەیانی رۆژی٢٧/١٢/ ٢٠٠٨ هونەرمەند حەمە جەزا بە یاوەری مام عەبدوڵڵا و ئەیاد عەبدوڵڵای فۆتۆگرافەر سەردانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخانیان کرد و پێشوازیان لێکرا و باسیان لە بەئەنجامگەیاندن و چاپکردنی یادەوەری هونەرمەند کرد و بڕیارە هونەرمەند شەرەفی ئەو کارە پیرۆزە بە بەدرخان بسپێرێ، کە کتێبەکە لەلایەن مام عەبدوڵڵاوە ئامادەکراوە و پێکهاتووە لە یاداشتنامە و کۆی بەرهەمەکانی هونەرمەند و پاشکۆیەکی وێنەکانی هونەرمەند چ لە ژیانی شاخ و چ لە کاتی ئاساییدا.

دوابەدوای ئەوەش هونەرمەند چاوێکی بە بڵاوکراوەکانی دەزگای بەدرخان خشاند و دەستخۆشی لە ستافی دەزگاکە کرد و پیرۆزبایی دەرچوونی دوا ژمارەی لێکردن و هیوای بەردەوامی بۆ خواستن.

هەر لەو دانیشتنەشدا باس لەو دانیشتنەکرا، کە سەرۆکی هەرێم لەگەڵ هونەرمەندانی گۆرانیبێژ سازیکردبوو، هونەرمەند ئەوەی بە کارێکی باشزانی و هیوای خواست تا زووە یاسای پاراستنی مافی هونەرمەندان دەربچێ و هونەرمەند و نا هونەرمەند لەیەک جیابکرێنەوە، ئەوەش بە دانانی لیژنەیەک دەبێ، کە لیژنەکە ئاگاداری هونەری ئەم وڵاتە بێ و بزانێ کێ کاری باش و جدی کردووە و کێش کاری خراپی کردووە.

لە کۆتایی سەردانەکەشدا بەگرتنی چەند وێنەیەکی یادگاری هونەرمەند ماڵئاوایی لێ کردین و هیوای بەردەوامی و کاری جوانتری بۆ خواستین و بەڵێنی بەردەوامیشی بە هەمووان دا.

جێی ئاماژەیە هونەرمەند حەمەجەزا لەو ماوەیەدا دوایین بەرهەمی خۆی بڵاوکردەوە، کە ئەویش سیدییەک بوو بەناوی "بەفری سپی"، کە سەرجەم کارەکانی ئەو سیدییە بریتییە لە مەقام، کە خۆی دەبینێتەوە لە ٦ مەقام و پێکهاتوون لە: (گەردەلوولی سپی هۆنراوەی لەتیف هەڵمەت و سلێمانی هۆنراوەی دکتۆر شێرکۆ عەبدوڵڵا و کەرەستەی ژن کە هۆنراوەیەکی فارسییە و هەژاری موکریانی وەریگێڕاوە، لە شەوێکدا هۆنراوەی شێرکۆ بێکەس و شەوگارە سەختەکان و پێشینانمان کە هەردووکیان هۆنراوەی هونەرمەند خۆیەتی.

# وەک هەنگاوی یەکەم و بەبری ٥ ملیۆن دۆلار ٢٠٠ خانووی نیشتەجێکردن لەلایەن نووسینگەی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ کەسوکاری شەهیدان لە شاری هەولێر دروست دەکرێت



نەخشەی پڕۆژەی دروستکردنی ٤٠٠ خانووی نیشتەجێبوون بۆ شەهیدان



کارکردن لە خانووەکانی شەهیدان لەکاتی دروستکردنیدا

**تایبەت بە بەدرخان - هەڵۆحەسەن**

بەمەبەستی دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبون بۆکەس و کاری شەهیدان، وەک وەفایەک بۆخوێنی پاکیان کەگیانی خۆیان بەخت کرد لەپێناو ڕزگارکرن و ئازادی کوردستان، کەلەسایەی قوربانی و خۆبەختکرنی ئەواندا ئێستا هەرێمی کوردستان خاوەنی پەرلەمان و حکومەت و کیانی خۆیەتی، نوسینگەی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەبڕیاری هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی بڕیاری دروستکردنی ٤٠٠ چوارسەد خانووی نیشتەجێکردنیدا لەشاری هەولێر بۆکەس و کاری سەربەرزی شەهیدان.

لەوبارەیەوە بۆتان عەلی حەسەن ئەندازیارو سەرپەرشتیاری پرۆژەکە رایگەیاند: پڕۆژەی دروستکردنی ٤٠٠ خانووی نیشتەجێبوون بۆکەس وکاری شەهیدان لەشاری هەولێر لەسەرزەوییەک بە رووبەری ١١٢٠٠ مەتر دوجا بنیاد دەنرێت، ئێستا وەک بەشی یەکەم ٢٠٠ خانوو لەقۆناغی جێبەجێکردندایەوهەرخانوەک٢٠٠مەتر دووجای بۆتەرخانکراوەو بریتی یە لە دووژوری خەوتن و ژورێکی میوان و چێشتخانەو موشتەمەلات لەگەڵ هەورەبانێک و گەراجی ئۆتۆمبێل و باخچەیەک.

بودجەی پرۆژەکە بۆئەو ٢٠٠ خانووەی لەجیبەجێکردندایە ٥ پێنچ ملیۆن دۆلارەو لەلایەن نوسینگەی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان دابینکراوەو پرۆژەکە لە ٢٠٠٨/١٠/١ دەستی بەکارەکانی کردووەو دراوەتەتەندەرو لەلایەن کۆمپانیای "سیمای شار" جیبەجێدەکرێت و ٣٧٪ ی کارەکانی چۆتەپێش و بڕیارە لەماوەی ٢٧٠ رۆژدا تەواوبکرێت.

ئەندازیاری سەرپەرشتیاری پرۆژەکە دوپاتیشی کردەوە کە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان کراوە بۆئەنجامدانی هەموو خزمەتگوزارییەکی پێویست وەک ئاوو کارەباو زێراب و بنکەی تەندروستی و باخچەی ساوایان و خوێندنگاو یاریگاو چەندین خزمەتگوزاری دیکەی پێویست.

شایانی باسە ماوەیەک لەمەوبەریش بەردی بناغەی نەخۆشخانەی پاڕی خێرخوازی کەتایبەتە بەکەس و کاری شەهیدان و ئەنفال و پێشمەرگە دێرینەکان لەشاری هەولێر داندراو لە سەرئەرکی هەڤاڵ کۆسرەت رەسول عەلی ولەلایەن دەزگای خێرخوازی رێباز فاوندەیشن بنیاد دەنرێت، نەخۆشخانەکەش بەشێوەیەک دەبێت کەتائێستا لەهەرێمی کوردستان خزمەتگوزاری تەندروستی لەو شێوەیەی تێدا پێشکەش نەکرابێت.

# د.رەئووف عوسمان ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق: مەشهەدانی ساڵی ٢٠٠٥ لەسەر کاری تیرۆرستی دەستگیرکراوە

**دوای ئەوەی مەحمود مەشهەدانی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق دەستی لەکارکێشایەوە و وازی لەو پۆستە هێنا، دەنگۆیەکی زۆری لەدوای خۆی جێهێشت و بووە جێی قسە و باس، سەبارەت بە رەفتارە ناشیرین و نەشیاوەکانی، دکتۆر رەئوف عوسمانمان دواند..**

**دیداری حەمید بەدرخان- سلێمانی**



د. رەئووف عوسمان - سلێمانی - ٢٠٠٨

*** هۆی لادانی مەشهەدانی لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی عێراق، هۆکەی رێککەوتنێک نییە لەنێوان لیستی هاوپەیمانی کوردستان و ئیئتیلافی شیعە؟**

– خۆی لە راستیدا ماوەیەکی زۆرە دەبووا مەشهەدانی لابرابووایە، چونکە جاری پێشووش ئاوا کۆمەڵێ هەڵە و شتی وایکرد، بە تایبەتی پاسەوانەکانی لە ئەندامێکی پەرلەمانیان دابوو و سووکایەتیشیان پێکردبوو بەناوی کاک فریاد، کە لە بەری تورکمانە و بە مەزهەب شیعەشە، تەنها لەبەرئەوەی کاک فریاد کۆمەڵێک پرسیاری رەوانی کردبوو، دیارە ئەوان بە رەوایان نەزانیووە، دیارە لەو کاتەوە مەشهەدانی کۆمەڵێک نیشانەی پرسیاری لەسەرەو ئەوانە هەموو کۆبوووە بۆ دواجار، دواجاریش کە لە حەج گەرایەوە رۆژێک لەناو پەرلەمان کۆمەڵێک قسەی ناخۆشی بەرامبەر پەرلەمانتارەکان کرد، قسەکان زۆر ساردبوون و ناشێن لێرە بیڵێم کە بەرامبەر پەرلەمانتارەکان، داوای ئەوەشی کرد گوتی من دەست لەکار دەکێشمەوە، پیاو خراپی گەورە ئەوەیە کە پشتگیری لەدەست لەکارکێشانەوەکەم ناکا و پیاوخراپیش ئەوەیە کە دێتە جێگەی من.

*** مەبەستت ئەوەیە وشەی (گەواد) و ئەوانەی بەکارهێنایە؟**

– لەو وشانە کە پیاو پێی ناخۆشە بیڵێ بۆ سەرۆکی پەرلەمان کە گەورەترین دەسەڵاتە لە عیراقدا، چونکە هەموو یاساکان لەوێوە چاو دەکاتەوە و سەر دەردێنێ بەراستی پێی ناخۆشە، ئیتر ئەوەبوو ئەوە وایکرد کە بەدوای ئەودا ٣ رۆژ کۆبوونەوە کرا لە ٨٠٪ی ئەندام پەرلەمانان نەچوونە ژوورێ، لەبەر ئەو جنێوانەی کە دابووی، ئەمە وایکرد کە هاوپەیمانی کوردستان لەگەڵ لیژنەی باڵاو حزبی دەعوە و بەرەی ئیئتیلاف یەکتری ببینن، تەنانەت هەندێ لە خەڵکەکانی عیراقیشی تیابوو، حزبی ئیسلامی کە نزیکەی ٢٣ کورسیان هەیە هەموو بە یەکەوە بڕیار درا کەوا داوای لێ بکرێ دەست لەکار بکێشێتەوە، ئەگەر بەخۆشی دەست لەکار نەکێشێوە ئیقالە دەکرێت، یانی مەحروم دەبێت لە خانەنشینی و هەموو ئەو شتانەی پێویستە لەرووی یاساییەوە بۆی بکرێ، بێگومان زۆر سەرسەختی نواند، لە یەکێ لە کۆبوونەوەکان کە ئێمە بڕیارماندا بوو بیخەینە بەردەمی تا دەست لەکار بکێشێتەوە لەو کۆبوونەوەیە زۆر سەرسەختی نواند و وتی ئەو داوایەی ئێمە کە ئەو ٥٥ کەسە پێشکەشتان کردووە بۆ ئەوەی دەست لەکار بکێشمەوە یاسایی نییە، چونکە هۆکارەکانتان نەنووسیوە، دیارە ئەوە جۆرێکە لە بیانوو، ئینجا مێژوو و بەرواریشتان لێ نەنووسیوە، بەهەرحاڵ ئەوانە کۆمەڵێک بیانووبوون و سەختی زۆری نواند و دەترسا کە ئەگەر ئەو بچێتە دەرێ ئێمە یەکسەر دەست بکەین بە دەنگدان و ئەوانە، دوایی پاش ١٠ دەقیقە زانی خەڵکێکی زۆر لە پەرلەمان هەیە و لەوانەیە هەر بکەوێتە دەنگدانەوە و کۆبوونەوەکە بەبێ ئەو بکرێ، جارێکی دیکە گەڕایەوە، کە گەڕایەوە ئاسایی لە پەرلەمان دانیشت، ئیتر ئەوەبوو ئەو رۆژە دوو را هەبوو، رایەکیان وابوو کە هەر ئەو رۆژە ببڕێنرێتەوە و تەواو، هەندێکیش رایان وابوو کە بۆ دوایی بێ، بەڵام گروپەکەی خۆی چووبوونە لای و گوتبوویان هیچ رێگاچارەیەک بۆ تۆ نەماوە تا بەرگریت لێ بکەین، چونکە ئەو دەنگانەی هاوکۆکن لەسەر لابرنت یەکجار زۆرن و لە ١٥٠ زیاترن، لەبەرئەوە باشتروایە دەست لەکار بکێشیتەوە بۆ ئەوەی هەقی خانەنشینی و ئەوانەت نەفەوتێ، ئیتر ئەوەبوو هات وتارێکی خوێندەوە کە تاراددەیەک هەندێ سۆزی تیابوو، سۆزەکە بۆ راکێشانی سۆزی هەندێ کەسی سەربەخۆی بوو لەدواجار دەستی لەکار کێشایەوە و بە زۆرینەی دەنگ و تەنانەت دەنگەکانیشی نەژمارد و بە زۆرینە پەسەندکرا و لە پەرلەمان نەما.

*** دکتۆر بەڵام باس لەوە دەکرێ ئەو کابرایە لە ساڵی ٢٠٠٤ لە هەڵەبجە و ئەولا ئەنسار و لئیسلام بووە، پێتوانییە ئەوە بەڵگەیەکە بە دەست لیستی هاوپەیمانی و ئەمەریکا کە ئەو کابرایە پێشووتر تاوانبار بووە و لەگەڵ گرووپێکی تیرۆریستی کاری کردووە؟**

– نا. لەگەڵ ئەنسارو‌ئیسلام نەبوو، لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامی بووە و ماوەیەک لەگەڵیان بووە و هاوڕێی نزیکی بەڕێز عەلی عەبدولعەزیز بووە، تەنانەت دیوانێکی شیعری هەیە کە شیعرێکی تێدایە بۆ (نکبە حلبجە) پێشکەشی کردووە، بەڵام خۆی گوتوویەتی خۆشەویستی عەلی عەبدولعەزیز رایکێشام بۆ ئەوەی ئەو شیعرە بنووسم، واتا تراژیدیا و کارەساتی هەڵەبجە و کیمیابارانەکە نەیانهەژاندووە، بەقەدەر ئەوەی عەلی عەبدولعەزیز جووڵاندوویەتی، واتێدەگەم هاورێیەتییەکەش تەنها ئەوە بووە کە رایکردووە و چۆتە ناویان و ئەوان وەریانگرتووە و ماوەیەک لەگەڵیان بووە.

*** پێشبینی دەکەی سەرۆکی داهاتووی پەرلەمان لەگەڵ خواستی هەموو کوتلەکانی ناو پەرلەمان بگونجێ؟**

– پێش ئەوە حەزدەکەم هەندێ تی دیکەش هەیە باسی بکەم، دەنگۆیەک هەبوو کە ئەو کاتەی مەشهەدانی چووە بۆ حیجاز کۆمەڵێ خەڵکی بینیوە ئەو خەڵکانە مامۆستای کۆنی بوونە و دیارە ئەوانە لە عیراق قاچاغن و گوایە ئەوانە داوایان لێکردووە دەست لەکار بکێشێتەوە و وازبێنێ، چونکە خۆی لە وتارەکە ٣ خاڵی گوت کە دەشێ لە سەریان بووەستین، یەکێ لە خاڵەکان گوتی (ان الله لم یرزق حصافه الکلام) واتا خوا توانای قسەکردنی بەهێزی نەداومەتێ، واتە یەکێ لە خاڵەکان کە لابراوم لەوانەیە لەبەرئەوەبێ و خۆی بەوەی دانێ، خاڵی دووەم گوتی قوتوی من لە ژیانا مونتەزر زەیدیە کە چەکەکەی پێڵاو بووە و ئەسعەد هەمەوەندییە کە نازانم ئەو بەرێزە کێیە، بەراستی ئەو خاڵە دەکاتە ئەوەی تۆ نەفەسەیەک بکەی بەرامبەر بەو پیاوە، خاڵی سێیەم هەر لە وتارەکەدا گوتی ئەبو وائیل (کە لەوە دەچێ یەکێ بێ لەوانەی قاچاغە لە عیراقدا) منی بینیوە و گووتوویەتی (اما انا لهذا فارس ان یترجل) یانی کاتی ئەوە نەهاتووە ئیتر ئەو سوارە بەپێ بڕوا، ئەم قسەیە کاتی خۆی ئەسمای کچی حەزرەتی ئەبوبەکر کردوویەتی، کاتێک کوڕەکەی کراوە بە سێدارە و عەبدوڵڵای کوڕی زوبێری حەجاجی یوسفی سەقەفی کردوویەتی بە سێدارە و هەڵواسراوە، کە هەڵواسراوە بۆ چاو ترساندنی ئەهلی مەککە و حیجاز ماوەتەوە، هەر لەوێ وەستاوە، دایکی چۆتە ژێر تەرمی کوڕەکەی و گوتوویەتی کاتی ئەوە نەهاتووە ئیتر ئەو سوارە بەپێ بڕوا، ئەبو وائیل ئەمەی بە مەحمود مەشهەدانی گوتووە لە حەجدا، ئەوە یانی تۆ ئێستا لەو پلەو پایەدا وەکو ئەوە وای بە سێدارەی دەسەڵاتەوە بی، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە بێیتەوە سەر زەوی و بەرێگا بڕۆیت و ببیتەوە بە خەڵکی ئاسایی و لەناو ئێمە و ماناندابێیت و بڕۆی، ئەمە ەوە دەگەیەنێ کە مەشهەدانی هەر خودی خۆی تاراددەیەک ئەو گروپەی کە ئەم بەرۆح و بەگیان لەگەڵیاندایە لەو گروپانەن کە لە دەرەوەی رژێمی ئێستا عیراقن و دژی ئێستای عێراق دەوەستن.

*** پێتوایە ئەوە بەرنامەرێژی بۆ کرابوو کە ئەو لە حەج بێتەوە و جوێن بە ئەندام پەرلەمانەکان بداو وا بەتووڕەیی قسە بکا؟**

– مەرج نییە، رێک وابێ، بەڵام بە بڕوای من لە (٧٠٪)ی دەشێ وابێ، چونکە ئەندام پەرلەمانێکی دیکە لە بەرەی تەوافوق چووە بۆ لای بۆ پیرۆزبایی کە لە حەج هاتۆتەوە و گوتوویەتی من زۆر بێ تاقەتم و دەمەوێ دەست لەکار بکێشمەوە و رۆح گەیشتۆتە ناو دەمم، چونکە ئیشەکە ئیشێکی قورسە و من ماندووم، ئەو قسەیەی دوو رۆژ بەر لەو تورەییە کردووە، ئینجا دوای ئەوەی کە ئەو رۆژەی ئەو هەراو هۆریایە بوو پێش ئەوەی دەست لەکار بکێشێتەوە، کۆمەڵێ قسەی کرد، ئەو قسانەش هەر هی یەکێکن کە لە دەرەوەی ئەم حکومەتە بێ، بۆ نموونە تا ئێستا لەگەڵ حزبی ئیسلامی بووە، بەڵام پێی گوتن ئێوە پیلانگێڕن، بە میسال ئالووسی گوت تۆ پیاوی ئیسرائیلی لەبەرئەوەی جارێک، دوو جار چۆتە ئیسرائیل، بە ئێمەی هاوپەیمانی کوردستانی گوت بەغدا بەغدای گروبەیە ئێوە بۆ ناچنەوە هەولێر، بە بەرەی ئیئتلافی وت ئێوە هەموو پیاوی بێگانەن، دیارە مەبەستی ئێرانە، ئێ ئەم هەڵوێستە هەڵوێستی ئەوانەیە کە ئێستا چەکیان بە دەستەوەیە دژی ئەو تاقیکردنەوەی ئێستای عێراق، لەبەرئەوە بە بڕوای من مەشهەدانی ئەو ماوە زۆرەش کە لە پەرلەمان بووە، جۆرێک بووە لە شانۆگەری کە بینیویەتی و بڕوای ١٠٠٪ی بەو پەرلەمانە و دیموکراسیەتەش نەبووە، چونکە جارێک وتارێکی خوێندەوە لە پەرلەمانی عیراقدا، گوتی رۆژی دوایی گفتوگۆ لەسەر ئەم وتارە دەکەین، رۆژی دوایی من سێیەم کەس بووم کە هەستام گفتوگۆم کرد، بە مەنتیقێکی ئەرستۆ ٨ خاڵم لەسەر گوت، یەکێ لە خاڵەکان ئەوەبوو کە گوتم تۆ رەشبینی بەرامبەر ئەو تاقیکردنەوەی ئێستای عێراق و هەموو تۆمەتەکان دەخەیتە سەر ئەو دیموکراسییەتە و نایخەیتە سەر ئەوانەی تیرۆریستن و ئەوانە دەکەن، وتارەکەشت وتارێکی لاوازە و باوەڕناکەم خۆت نووسیبت، ئەوە لەگەڵ ئەوەی گوتی زۆر دڵپاکم کە خوا حافیزیەکەیە، بەڵام بە درێژایی ئەو جەلسەیە هەموو جارێک کە گفتوگۆ دەکرا، دەیگوت کاک رەئوف دەڵێ تۆ متەشائیمی و وتارەکەت تەسدیق لەسحی و ئەوانەیە، تا ساڵێکیش هەموو رێگایەکی گرتەبەر بۆ ئەوەی من هەڵنەستمەوە و موحارەبەی دەکردم و هەمیشە ناوم دەنووسی دوای دەخست یان هەر نەیدەهێشت، لەبەرئەوە کابرایەک بوو داخ لەدڵ بوو بەرامبەر بە دیموکراسییەت و ئەو دەنگە هەقانەو بەرامبەر هاوپەیمانی کوردستان ئەوە ئەنجامەکەیەتی.

*** بەڕای تۆ ئەوە هیچ پەیوەندییەکی هەیە بە گروپی ٢٢ی تەمووزەوە؟**

– بەڵێ ئەوانە کۆمەڵەی تەنسقیە، یانی ئەگەر ئەوان بیانەوێ دژایەتی کورد و ئەم تاقیکردنەوەیە بکەن زۆر ئاساییە یەکێک لەوانە بێن، ئەوکاتە دەبێ بڵێین رەحمەت لە کفن دز، بەڵام باوەڕناکەم ئەوانە سەرکەوتن بەدەست بێنن، چونکە هەمان کێشە دەخەنەوە بەردەممان، لەوانەیە داوابکەین کە نەبن، بەرەی ئیئتلافیش بڕواناکەم کۆک بن لەسەر هاتنی ئەوان.

*** کەواتە گروپی ٢٢ی تەمووز نابن؟**

– باوەڕ ناکەم ٢٢ی تەمووز، ئیلا ئەگەر وەجهێک لە وەجهەکانیان شتێک مام ناوەندییەکی پێوە دیاربێ و زۆر توند و تیژبێ بەرامبەر بە هاوپەیمانی کوردستان، یانی دەبێت خۆی بەڕاستی ئەم دیموکراسیەتەی ئێستا کە دەڵێن دیموکراسەتی تەوافوقی چەکێکی دوو دەمە، زۆرجار باش بەکاردەهێنرێ و زۆرجاریش خراپ بەکاردەهێنرێ، ئینجا ئەگەر ئەو چەکە دوو دەمە بە باری باشە بەکاربێ دەبێ گوێبگرن لەرای هاوپەیمانی کوردستان و گوێش بگرن لە ئیئتیلاف بۆ ئەوەی یەکێکی شیاو بێنن، ئەگەر لایەنە پۆزەتیڤەکەی دیموکراسیەتی تەوافوقی بەکاربێنن.

# رەگەزی کورد

د. نەبەز مەجید ئەمین

هەر بوو دەوڵەمەندکردنی بابەتی گەڕان بە دوای قۆناغەکانی گەشـەکردنی وشەی کورد باشتر وایە گەشتێک بە نێو نوسراوە ئەرمەنییەکاندا بکرێت، کە دراوسێی ڕاستەوخۆی کوردەکان بووون و باشترین سەرچاوەش لەم ڕووەوە گەڕانەوەیە بوو جوگرافیای ئەرمینیا لەسەدەی حەوتەمی زایینیدا، کە چەند ئاماژەیەک بەرچاو دەکەوێت، مەبەستی وڵاتی کوردە، کە بەزمانی ئەرمەنی ناسـراوە بە(کرچیخ)و بەپێی وتەی (ئەدۆنتس) بێت لە وشەی(korticaikh) وەرگیراوە، کـە (کرتیخ+ئایخ)، کە ئایخ بە واتای کـورد دێت هەروەها بە واتای (ئەترۆپاتیخ) دێت، کە واتای دانیشـتوانی ئەزەربێجان دەبەخشێت، لەسەردەمی(فاوسنۆس بیزاتینۆس ) لە سـەدەی چوارەمی زایینی) کرچیخ ولایەتێـک بووو لە نزیک سـەڵماس و پانتایی خاکەکـەی لە جۆڵەمێرگ دەسـتی پێدەکرد تا جزیرەی(ابن عمر) و ئەم هەرێمانەی دەگرتەوە(کردوخ، ئالیـاک کوچک)، بەڵام دواتر گۆڕانکاری بەسـەر ئـەم ناوچانەدا هات و هەرسێ هەرێمی (کوردۆخ، کوردیخ، تموریخ) کەوتنە نێو چوارچێوەی وڵاتی کوردوێینی)(30).

بەم پێیە نـاوی کورد لەلایەن گەلانی دەوروبەرییەوە وەک لەسـەرچاوە و نووسراوەکاندا هاتووە بەم شێوەیە ناویان براوە :

سۆمەرییەکان: گوتی/جوتی/جودی.

ئاشورییەکان: گوتی/کورتی/کرتی/کارتی/کاردۆ/کارداکا/کاردان/کارداک.

ئێرانییەکان: گورد/کوتیوی/سیرتی/کورداها.

یۆنانی: کاردۆسۆی/کاردۆخی/کاردۆک/کردۆکی/کردۆخی/کاردوەکی/کوردخ.

ڕۆمانییەکان: کرتی. هیتییەکان: گوردا ئەرمەنەکان :گورتوخ (31).

ئەگەرچـی لە لایـەن هەندێکەوە هەوڵدراوە، کە ڕەگ و ڕیشـەی وشـەی کورد ببەنەوە سـەر هەمان ڕەگ و ڕیشەی وشـەی(کرد) ی عەرەبی، بەڵام ئەم هەوڵانە بەرامبەر بە ڕاستییەکان و ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە بابەتی و زانستییەکاندا بێ ئاکام بووو. هەرچۆنێک بێت وشەی کورد بەم شێوەیەی، کە ئێسـتا باوە ئەمڕۆ لەسـەر زاری خەڵکی دەگەڕێت بـوو یەکەمجار لە نووسراوە فارسـییە-پەهلەوییەکاندا دەرکەوتووە، کە زیاتر پێدەچێت ئەو کات واتایەکی کۆمەڵایەتی بەخشیبێت و بوو کۆمەڵێکی تایبەت بەکارهاتبێت پترلـەوەی کە مانای نەتەوەیەکی بەخشـیبێت، زیاتر ئەم ناوە بوو گروپ و هـۆزە کۆچەرییەکانی ئێـران بەکارهاتـووە و ئاماژە بـووە بۆ هۆزە شوانکارەکان، ئەمەش لەنامەکەی ئەرتەبانی پێنجەم بوو ئەردەشێر زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت، کە لەم نامەیەدا ئەرتەبان بەئەردەشێر دەڵێت:( تۆ لە سنووری خۆت دەرچوویت و مردنی خۆت دەوێت، ئەی کوردی لە نێو خێوەتی کورددا پەروەردەبووو کێ ڕێی پێدایت، کە تاج لەسەر بنێیت)(32).

ئەوەی زیاتر ئەم مەسـەلەیە پشت ڕاسـت دەکاتەوە، کە وشەی کورد وەک ئاماژەیـەک بوو کۆچەری بەکارهاتووە ئەوەیە ئەردەشـێر بە ڕاسـتی لە بنەماڵەیەکی شوانکارە بووە لە باشووری ڕۆژئاوای ئێران. هەرلەم بارەیەوە لە کارنامەی ئەردەشـێری بابەکاندا هاتووە دەڵێت: کە ئەگەرچی ئەردەشێر بـە ڕەچەڵەک لە بنەماڵەی شـایانە، بەڵام لە ماڵە شـوانکارەکانی کورد پێگەیشـتووە(33). لەگەڵ ئەوەشـدا هەندێک پێیان وایە، کە ئەم وشەیە لەسەردەمی ساسانییەکاندا بوو یەکەمجار بەکارهاتووەو دەڵێت: ئەم وشەیە فارسییەو لە وشەی بابلی (کاردۆ-KARDO) یان لە وشەی (قردۆ) کە مانای ئازایەتی دەبەخشـێت هاتووە(34). کەواتە وشـەی کورد بە پێی بۆچوونی هەندێک لە توێژەران واتای کۆچەری یان شوانکارە یا شاخاوی دەبەخشێت، بەڵام زۆربەی توێژەران و مێژوونووسـان مانای ئەم وشـەیە بەشـەڕکەر و ئازا لێک دەدەنەوە و دەڵێن لەوشـەی(کورد) ی فارسـییەوە هاتووە، کە مانای قارەمان دەبەخشێت، و پەیوەندی هەیە بە وشەی(قردو) یان(کاردۆ)ی ئەکەدییەوە، کە ئەمیش مانای بەهێزی دەبەخشـێت، لەزمانی سۆمەری و ئاشـووریش هەر مانای (شەڕکەر)ی بەخشـیوەو زۆر کەس پێیان وایە، کە وشەی (کورج) ی کوردی کە مانای توندوتۆڵ دەبەخشێت پەیوەندی بە وشەی کوردەوە هەیە(35).

هەرلەم بارەیـەوە ئەمین زەکی بەگ دەڵێت: ئەگەر کورد بگەڕێتەوە سـەر ڕەچەڵەکی (سیرتییەکان) وەک سترابوون و هەندێک لە زانایان دەڵێن ئەوە وشـەی (سـیرت) لە کوردیدا واتای غیرەت دەگرێتەوە(36)، شەرەفخانیش لەشـەرەفنامەدا دەڵێت:( وا دەردەکەوێت کە وشـەی کـورد بە مانای ئازاو بەجەرگ و بێ باک بێت(37). بەهەرحاڵ ئەم وشەیە بوو کێ بەکارهاتبێت و چۆن و چ واتایەکی بەخشیبێت گرنگ ئەوەیە، کە لەسەردەمی ساسانییەکاندا (226زایینی) بە دواوە ئیتر بە ڕوونی و ئاشکرایی لە دەقەکان و نوسراوەکاندا بەرچاو دەکەوێت، ئەوەتا ئەردەشێری بابەکان باسی یەکێک لە دوژمنەکانی دەکات و بە (پاشـای کوردان) ناوی دەبات(38). بەڵام سـەبارەت بە وشەی کورد لە نوسراوە عەرەبییەکانی سەردەمی فتوحاتی ئیسلام و سەرچاوەکانی دواتریش سـەرەتا کەوتبوونە ژێر کاریگەری ئارامی و سریانییەکان، بەڵام دواتر سوودیان لەو نووسراوە فارسیانە بینی و لە چەندین نووسینی عەرەبە ئیسلامەکاندا ناوی کورد بەرچاو دەکەوێت، (ئیبن حوقل) ناوی کوردان وەک شوێنی مەسـیحییەکان دێنێت، بەڵام باسـی کورد دەکات وەک بەشێک لە دانیشتوانی ناوچەی فارس و دەڵێت: شـوانکارەو کۆچەرین(39). بەهەمان شـێوە لە کتێبەکانی (ئیبن ئەسـیرو تەبەری) کە باسی نامەکەی ئەرتەبان دەکەن باسـی کوردیان کردووە(40) هەروەها (ئسـتخری و ئیبن مسکویە) باسی کوردیان کردووە(41). (ئیبن ئەسیر) کاتێک کە باسی داگیرکاری موسڵ دەکات لەلایەن سوپای ئیسـلامەوە دەڵێت: هەموو ناوچەکانی کوردو قردێ و بازبدی و موسـڵ هی ئیسـلامن(42). هەروەها عەبدوڵلای کوڕی عومەر کە باسـی ئیبراهیمی پێغەمبەری کردووە لە پەیوەندی نێوان کوردو نەمرود دواوەو دەڵێت یەکێک لە ئەعرابی فارس کوشـتویەتی، ئەمەش مانای کورد دەگەیەنی(43). بەهەمان شێوە (ئیبن ئەلعبری) بە شێوەی کردا ناوی کوردی هێناوەو لەچەند شـوێنێکدا ئاماژەی پێکردووە(44)، هەروەها گەشتیاری ئیتالی مارکۆ پۆڵۆ لەسەدەی دوانزەی زایینیدا بە شێوەی (کارد) ناوی کوردی هێناوە،(45) کە د.جەمال ڕەشید پێی وایە ئەمە لەبەر ئەوە بووەو کە پۆڵۆ سـەرەتا بە ناوچەکانی باکووری کوردستاندا تێپەڕیوەو ئەوانیش پیتی(و) دەکەن بە (ا)، بوویە (کورد) بە (کارد) تێگەیشتووە(46). لێرەدا بابزانین بیرو ڕای د.جەمال ڕەشید لەم بارەیەوە چییە، کە دەرەنجامی دیراسەیەکی چڕوپڕ و بابەتیانەی دوورو درێژە کە لەم ڕووەوە ئەنجامی داوە.

د.جەمال ڕەشید گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە سێ وشەی ئەتنیکی و جوگرافی هەیە، کە سـەرەکین و پەیوەندییان بە مێژووی نـاوی نەتەوەیی ئەمڕۆی کوردەوە هەیە.

(CURDK–KURD–KURDA) , (KART–CORT–CURT–KURT) , (QARDU–QARDA)

دەربـارەی گروپی یەکەم دەڵێت: کـە ئەو ناوە لە تۆمارە مێژووییەکاندا هاتووە بـوو ئاماژەکردن بە ناوچەی(جغجغە) و تەپۆڵکەی ڕەش لەسـەر ڕووباری خابوورو هۆرییەکان، دواتریش بە تێپەڕبوونی کات بوو بە ناوێک بـوو کۆمەڵێکی ئەتنیکی لەپاش ئەو گۆڕانانەی، کە بەسـەریدا هات پاش هاتنی ئارییەکان و دروستکردنی دەوڵەتی میتانی. بەڵام گروپی دووەم ناوێکی ئەتنیکییە، کە بوو چەند هۆزێکی میدی لـە ناوچەی چیاکانی زاگروس تا ناوچەی گروپی یەکەم لە باکوورو ڕۆژهەڵاتی سـوریا بەکارهاتووە. گروپی سـێیەمیش ئەوە تەنیا ناوێکـی توبووگرافی ناوخۆییە بـوو ناوچەکانی باشووری ڕووباری بووتان بەکارهاتووە، کە شوێنی کورتییەکان و مردوکان بووە، بـەڵام دواتر بە تێپەڕبوونی کات ئەم ناوە لە تۆمارە مێژووییەکاندا ون بووە(47).

د.جەمال ڕەشـید پێی وایە لەهەزارەی دووەمی بـەر لەزایین بە دواوە ئیتر پرۆسـەی بە کورد کردنی زمان لە ناوچەکانی ناوەڕاستی کوردستان دەستی پێکردووەو ئەمەش بە باڵادەست بووونی شێوەزاری ئارییەکان هاتۆتە ئاراوە، کە هاوکاتە لەگەڵ بەرجەسـتەبووونی ئەم پرۆسەیە، هەردوو وشەی(کورت ) و(کوردا) ئاوێتەی یەکدی بووون وسـەرەنجام وای لێهات، کە سـەرجەم ناوچەکە لەناوخۆیاندا بە قورتی(QURTI) دەناسران. ئەوەتا لە دەقەکەی (تیگلات بلایزەری) پاشای ئاشووری بە (KURTI–KORTI) هاتووە، کە زۆر نزیکە لە وشەی (کوردا)، کە لەنووسینەکانی سوشیندا هاتووە لەهەزارەی سێیەمی بەر لەزایین، کە ئاشکرایە داڕێژراوی یەکدی نین، بەڵام دواتر دوای نیشتەجێ بووونی کورتییەکان لە (ارچ کاردا) (خاکی کاردا) ئەم دوو وشەیە بووون بە ڕەگی ڕاستەقینەی کورد(48).


بەشی چوارەم

## ڕوونکردنەوەیەک پێویست بۆ هەفتەنامەی بەدرخان

ژمارە(١٠٧) لـە٢٠٠٨/١٢/٢٢ دا لەلاپەڕە (٤)دا لەنووسـینەکەی (کەمال محێدین)دا هەڵەیەکی مێژوویی ڕووی داوە مەغزاکەی ئەمەیە: لەکۆتایـی حوزەیرانی ١٩٧٣دا (ئەحمەد حەسـەن بەکر) سـەرۆکی ئەو کاتـەی عێـراق سـەردانی بولغاریای کردبوو و لەسەرەتای تەمموزدا بەفڕۆکە هاتەوە بغداد، (نازم گزار) مدیری ئەمنی عامـە و (قصر النهایە) ویسـتی (بەکر) لەناوبەرێت چۆن بوو چۆن نەبوو(سەدام) فریای ئەویـش کـەوت ئەگەرچی نازم گـزار هەریـەک لە (حەمادی شـەهاب) وەزیـری دیفـاع و (سـەعدون غێدان) وەزیری ناوخۆی دەسـت بەسەرکردبوو لەو مەسەلەیەدا حەمادی شەهاب کوژراو سـەعدون غێدان بە برینـداری مایەوەو چاکبۆوەو نازم گزار لەڕێگەی کوت کوژرا ئەمە لەناوەڕاستی سـاڵی ١٩٧٣دا بوو. باشـە کاک کەمـال بەدڵنیاییەوە باس لەدوای هەرەسی سـاڵی ١٩٧٥ دەکات کە گوایە کاغەزی دابێت بە(حەمادی شەهاب) (کۆتایی فولسـکایی یەکەم و سەرەتای فۆلیسکای دووەم) تکایە با هەفتەنامەی (بەدرخان) ئەو چەند دێر نوسینەی کاک کەمال بڵاوبکاتەوە جارێکی تر، (حەمادی شـەهاب) نزیکـی دوو سـاڵ بووبێـت کوژرابێت چۆن لەگەڵ نووسینەکەی کاک کەمالـدا یەکانگیر دەبێـت و ئەم جۆرە باسانە با نەبن بە(قەیەڵ) بەسەر وەچەی ئایندەماندا، بەڵام خەڵکی تر هەبوو کە مەسەلەی کوردیان بەرەو ڕووکردبوونەوە وەک (غانم عەبدولجەلیل)و (بورهانەدین عەبدولڕەحمان)و (تایە عەبدولکەریم) لەم دواییانەشدا (خالید عەبد عوسمان) نەبێ ئـەو کاغەزە درابێت بـە یەکێک لەمانە (والله أعلم)، بێ ئەرک با کاک کەمال بە یادەوەرییەکەی دا بچێتەوە حەتمەن بەفکری دێتەوە و دەسـتەواژەی (ختوت عەرزە)ی کوردی نابێتە (خطوط عریظة)ی عەرەبی تکایە ووریای نووسینەوەی عەرەبی ئەم دەستەواژەیە بن، لەسەر داوای کاک حمید ئەم نووسینەم نووسی دەنا بە تەلەفۆن ئاگادارم کردبوو، بەو هیوایەی سوودێکم گەیاندبێتە (بەدرخان).....

**عەبدولڕەحمان مارف سەعید**
**زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی کشتوکاڵ**
٢٠٠٨/١٢/١٩

# کەمال محیەدین: دەستبەسەرداگرتنی مووچەی مووچەخۆرانی کۆیە لە ساڵی ١٩٦١ لەسەر دەستی شەهیدی سەرکردە د.خالید سەعیدەوە بوو



کەمال محیەدین - هەولێر ٢٠٠٨

*** پاش ٥٥ساڵ لە خەباتـی کوردایەتیتان ئەمڕۆ کوردایەتـی چۆن دەبینی؟ بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی کە لەساڵی ١٩٧٤ لەژێر هەر دارێک وەزارەتێک هەبوو لە ناوچەی دەربەندی رایات، چۆن جیاوازی دەکەیت، لەنێوان حکومەتی ئێستای کوردستان و حکومەتەکەی ساڵی ١٩٧٤ لە ناوچەی دەربەندی رایات؟**

- کوردایەتی لەسـاڵانی"٥٠"پەنجاکاندا بەتایبەتی پـاش تێکچوونـی کۆماری کوردسـتان لە مەهاباد و لەسێدارەدانی پێشـەوای نەمر"قازی محەمەد"ی نەمر و هەڤاڵەکانی و دوورکەوتنەوەی سـەرۆک بارزانی نەمر و پێشمەرگە قارەمانەکانی لە کوردسـتان و چوونیان بۆ یەکیەتی سـۆڤیەت و تووندبوون و پەرەسەندنی هەڕەشـەو بەربەرەکانێی حکومەتەکانی یـەک لـەدوای یەکی عێـراق و ئێران و تورکیاو سوریا دژی کورد و کوردایەتی، بۆیە لەوکاتانەدا کوردایەتی کز و بێکەس و سـاوابوو، گەورەتریـن کۆسـپیش لەپێشـمان واتـا لەپێـش کوردایەتی هەڵوێستی شیوعییەکان بوو، بەتایبەتی شیوعییە کوردەکان، کە باوەڕیان بە مافی چارەنووسی گەلی کورد نەبوو، کوردایەتی و ئێمەو پارتی دیموکراتی کوردستانیان بە جوڵانەوەیەکی کۆنەپەرسـتانەو سەر بە ئیسـتیعمار دەزانی و دژی ڕێکخراوە دیموکراتییە کوردستانییەکان بوون...

لەسایەی خەباتی بێ وچان و نەبەزانەی پارتی و کادرە دڵسۆز و ماندوونەناسەکانی وردە وردە کوردایەتی پەرەی سەندو، ڕەگ و ریشەی داکوتا لەناو کرێکار و جوتیار و قوتابیان و کاسبکارانی کوردسـتان و ڕێکخراوە کوردسـتانییەکان دروسـت بوون و ڕێکخستنە نهێنییەکانی پارتی لە گشـت ناوچەکانی کوردستان و بەغداش چەسـپان و پەرەسـەندنی بەخۆیـەوە بینی و پەیوەندی سـەرکردەکانی پارتی لەگەڵ بەڕێزان"کامـل جادرچی و عەزیز شـەریف، حوسـێن جەمیـل و فایەق سـامەرائی و سـەدیق شەنشـەل و..." ڕۆژ بەڕۆژ بەهێزتر دەبوو، سـەرەنجام پارتی دیموکراتی کوردستان ئاشنایەتی و دۆسـتایەتی پەیداکـرد لەگەڵ حیزبە عەرەبییەکانی عێراق و ڕاستی و عەدالەتی کێشـەی کوردیان بـۆ ڕوون کردنەوەو کەوتنە کارو خەباتی هاوبەش بۆ خەباتی دیموکراتیانەو ڕزگارکردنی گەلی عێراق لە داگیرکەران و هێنانەدی ئاواتەکانی گەلی کورد و عـەرەب بە دامەزراندنی ڕژێمێکی دیموکراسی ڕاسـتەقینەو مسۆگەرکردنی مافی نەتەوایەتی ڕاستەقینەی گەلی کورد لە عێراق.

پاش شۆڕشی ١٤ تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ بە ڕەسمی لە بەندی٣ی دەستووری عێراقیش خەنجەری کوردی وێنەی کێشراو ئازادی و سەربەستی هەموو کوردستانی عێراقی گرتەوە لەگەڵ سەرانسەری عێراق، پارتی دیموکراتی کوردسـتانی عێراق ئیجازەی پێدراو ڕۆژنامەی خەباتی تێکۆشـەر بە ئاشـکرا کەوتە ناو کۆمەڵانـی خەڵکی عێراق و کوردستان و گەڕانەوەی جەنابی سـەرۆک بارزانی نەمـر و هەڤاڵەکانی و بەسـتنی کۆنگـرەی چوارەمی پارتی دیموکراتی کوردسـتان لـە ڕۆژانی ٣- ١٩٥٩/١٠/٨ بـە ئامادەبوونی سـەرۆک بارزانی نەمر و هەڵبژاردنی بە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردسـتانی عێراق بە تێکڕای دەنگ و ڕزگاربوونی جوڵانەوەی کوردایەتی و پارتی دیموکراتی کوردستان لە چەپۆکی زوڵم و زۆری حیزبی شیوعی عێراقی و گەڕانەوەی کوردایەتی بۆ ڕێبازە ڕاسـتەقینەکەی، لـەو ماوەیەش نێوان جەنابی بارزانی و عەبدولکەریم قاسـم زۆر باش بوو.

پـاش شۆڕشـی ئەیلوولی گـەورە لە ١٩٦١/٩/١١ و دروسـتبوونی پێشمەرگەو هێـزی چەکـداری کوردسـتان و بنکەو ئێستگەی کوردسـتان و هەندێ ناوچەی ڕزگارکـراوو ڕێکخسـتنی ئیـداری و کۆمەڵایەتـی جوڵانەوەکەمـان بـۆ جوڵانەوەیەکی مۆدێرن و بەهێز و ناسراو لە نـاوەوەو دەرەوەی عێراق ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەر و پلەداری سوپای عێراق هاتنە ریزی شۆڕشی ئەیلول و هەروەها ناحـەزە سیاسـییەکانی عەبدولکەریم قاسم و دەست بەسەرداگرتنی ٣٠٠٠٠ سی هـەزار دینار لە مووچە خۆرانی شـاری کۆیـە لـە ڕۆژی ١٩٦١/١٢/١ لـە نزیک شاری کۆیە لەلایەن پاڵەوانە نەمرەکەی کوردستان یەکەمین پێشمەرگەو قارەمانی کورد هەڤاڵی نەبەز و لەخۆ بووردوو د. خالید سەعیدی نەمر و هەمیشە زیندوو سەد هەزار ڕێزو سڵاو بۆ گۆڕی پاکی ئەو شەهیدە ماندوونەناس و نەترسە.

هەروەها دەست بەسەر داگرتن و هێنانی جبەخانەکەی پۆلیسی هەولێر، کە زیاتر لە ٥٤ تفەنگ و دەمانچەو ژمارەیەکی زۆر لە تەقەمەنی بۆ ناو شۆڕشـی ئەیلول بەسەرپەرشتی هەڤاڵانی نەبەز و کۆڵنەدەر جەنابی کاک"عەلی عەبدوڵڵا، شەمسەدین موفتی، عەریف سلێمان، عەریف عەلی و عەریف عوسمان و..."دەستبەسەرداگرتنی پۆلیسـخانەی چوارتاو ئەسـیرکردنی خوالێخۆشبوو عەبدولوەهاب ئەتروشی و پۆلیسەکان و هێنانی چەک و جبەخانەکە بۆ شۆڕشی کوردستان لەلایەن قارەمانە نەبەز و بەناوبانگەکەی کوردستان هەڤاڵی هەمیشـە زیندوو کاک عەلی عەسکەری شـەهیدی ڕێگای پیاوەتـی و خەباتی هەمیشەیی لەپێناو کوردو کوردستان.

بەڵێ بەم سەرکەوتنانەو گەلێ سەرکەوتنی دیکە وەک سەرکەوتنەکەی گەلی زاخۆ، کـە لـە ڕۆژی ١٩٦٢/٤/١ پێشـمەرگە قارەمانەکانی بادینان لەناو گەلی زاخۆ لە هێزی دوژمنیان داو ٣٤٥ سەرباز و ١٧ ئەفسـەر کوژران و ٥١٤ ئەفسەر و پلەدار دەستگیرکران و ٥٠٠ پێنج سەد تفەنگ و ٤٢ ڕەشـاش و ژمارەیەکی زۆر لە تەقەمەنی و خۆراک دەستکەوتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو..

هەمـوو ئـەو دەسـتکەوتانە حکومەتی "عەبدولکەریـم قاسـم"ی شـڵەژاندو دڵەڕاوکـەو بـێ بـاوەڕی خسـتە ناو ئەفسـەرەکانی نـاو سـوپای عێراق و هێـزە دەرەکییەکانیش لەگـەڵ هەندێ وڵاتـی عەرەبی بەعسـییەکانیان هاندا بۆ کودەتاکـردن لەسـەر عەبدولکەریم قاسـم لەم گێژەلولکە سیاسـییەی ناو عێـراق بەعسـییەکان هێرشـیان کردە سـەر وەزارەتی بەرگریی و لە ڕۆژی ٨ی شوباتی ١٩٥٣ دەسـەڵاتیان گرتە دەست و عەبدولکەریم قاسـمیان کوشت لەگەڵ لێپرسراوەکانی و کەوتنە گرتن و کوشتنی خەڵکی بێ تاوان.

بەعسـییەکان داوای موفاوەزاتیـان کـرد لەگـەڵ بارزانـی و شـۆڕش لە مانگـی ١٩٦٣/٣ گەورەتریـن کۆنگرەی کوردستان لەشاری کۆیە بەسترا بە ئامادەبوونی جەنابی سـەرۆک بارزانی و هەمـوو ئەندامانی لیژنـەی مەرکەزی و مەکتەبی سیاسـی پارتـی و ئامر هێز و بەتالیۆنەکانی لەشکری کوردسـتان و سـەرۆک هۆزو ناودارەکانـی کورد و وەفدی حکومەتی بەعسـیش هاتە کۆیەو گفتوگۆ دەستی پێکردو وەفدی موفاوەزی کورد دەستنیشـانکرا بە سـەرۆکایەتی جەنابی مام جەلال لەم کاتە خۆم"کەمال محێدین"لێپرسـراوی لیژنەی ناوچەی کۆیە بـووم هەروەهـا ئەندامی لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی شـاری کۆیە بووم، بە سەرۆکایەتی جەنابی شەهیدی نەمر کاک عومەر دەبابە، کە لەوکاتە شاری کۆیەو دەوروبەری ناوچەیەکی ئازادکراو بوو.

موفاوەزات شکسـتی هێناو بەعسییەکان لـە ڕۆژی ١٩٦٣/٦/٩ وەفـدی کوردییان خسـتە بەندیخانەو هێرشیان کردە سەر کوردسـتان و زۆر کوردی بـێ تاوانیان زیندەبەچاڵکرد، بەتایبەتی لە سلێمانی و کۆیەو بە تۆپ و تەیارە کەوتنە بۆردومانی کوردستان و لێدانی شـیوعییەکانیش، ئەمەش وای لە یەکیەتی سـۆڤیەت کرد، کە بکەوێتە دژی بەعسییەکان و داوایان لە جمهورییەتی مەنگۆلیا کرد، کە داوای چارەسەرکردنی کێشـەی کورد بکات لە نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەم هەوڵدانەش بێ ئەنجام بوو.

بەشی پێنجەم



شەهیدان عەلی عەسکەری و دکتۆر خالید سەعید - جۆڵەمێرگ ١٩٧٧ (ئەم وێنەیە بۆ یەکەمینجارە بڵاودەکرێتەوە)


## غەزەو کورد

**کوردێکی موسڵمان**

لەم شەوانەدا لە یەکێک لە کەناڵە ئاسمانییەکانی عەرەبی، کە ڕاستەوخۆ پەخشی دەکرد، قسەکردن بوو لەسەر کەرتی غەزەو کێشەی مەزلومیەتی گەلی فەلەستین، بەوشەی سۆزداری و ئاگریناوی لای وابوو، کە بەو قسانە شەقامی عەرەبی هەڵدەستێتەوەو تەخت و تاراجی ئیسرائیلیش دەڕووخێنێ، قسەکانی ئەو وتاربێژە یا ئەو مامۆستای زانکۆیەی قەتەر (د.عەلی قەرەداغی) لە قەرزاوی قەرزاویتر، لە ئوسامە ئوسامەتر، لە خەلیفە ڕاشدییەکان خەلیفەتر، لە ئەسحابەکان ئەسحابەتر، لە سەرۆکی وڵاتانی عەرەبی عەرەبتر، لە تەنتاوی تەنتاویتر، شەلم کوێرم ناپارێزم قسەی دەکرد.

هەرچەند سەیری قسەکانیم دەکرد، ئاگری لێدەباری، منیش پرسیاری ئەوەم کرد، ئاخۆ لەبەرامبەر قەتل و عامی کوردان، عەرەب و موسلمانانی جیهان ئەو بەزمەیان کرد؟ یا ئاخۆ بۆچی وڵاتی قەتەر بەڕەسمی ئەو قسانەی نەدەکردو تووشی قوربەسەرێکی کوردی وەکو قەرەداغیان کرد! ئاخۆ ئەو مامۆستا بەستەزمانە نازانێ کورد هەمان سیاسەتی سەلاحەددینی ئەیوبی دووبارە ناکاتەوە! کورد قودس بۆ هیچ کەس ئازاد ناکات، بەڵکو کورد ژیرانە مامەڵەدەکات و دەڵێ: هەر یەکێک بێ، کوردو کوردستان بێنێتە نێو کایە سیاسییە نێودوڵەتییەکان، ئەوا ئێمەش لە ڕۆژانی موسیبەت بەهانایەوە دێین و شەفاعەتی بۆ دەخوازین، خۆ ئەگەر وەکو وەرەقەیەکی سووتاو بەکارمان بهێنێ، وەکو سەردەمی سەفەوی و عوسمانی لە شەڕی چاڵدێراندا، ئەگەر ئەو سەردەمەشە بەناوی پیرۆزی قورئان بە سورەتی (ئەنفال) شەرەفی کوردان بخەنە نێو تابووتەوە، لەم ڕۆوە کورد زاناو مامۆستای ئایین و زمانزانی و دیبلۆماتی باشی هەیە، بەڵام لەبەر چەندین هۆکاری دەرەکی و ناوەکی ناپڕژێنە سەر ئەوەی قسان بکەن، هەر ڕۆژەی کارێک بورووژێنێ لە ساڵێک، کوردان دەتوانن دۆست و دوژمن ئاگاداربکەنەوە.

بە مەلا عەلی قەرەداغی دەڵێم، بەڕێز: تۆ لەنێو وڵاتێکی بەخێرو بێری وەکو قەتەر دەژیت، ڕاستە هەندێ جار مزگەوت دروست دەکەیت، ژمارەی مزگەوتەکانی دروستت کردووە سێ بەرامبەر خوێندنگاکانە، ئێستاش سەرەڕای دروستکردنی زانکۆو پەرەپێدانی تەکنەلۆژی لەقەرەداغ، کورد دەخوازی کێشە نەتەوایەتییەکان چارەسەر بکات و وەکو هەموو میللەتەکانی دیکە خاوەنی کەسێتی مەعنەوی خۆی بێت، کورد لەمێژە گوتویەتی: (تا ماڵ هەبێ مزگەوت بەتاڵە).



دکتۆر عەلی قەرەداغی

# کوردو سیاسەتی دووفاقەی مالیکی

**شیخ سەربەست بەرزنجی**

ماوەیەکە دەسەڵاتدارانی بەغدا بەتایبەتی حکومەتەکەی مالیکی و دەزگاسەربازی و ئەمنیەکەی ڕێبازو سیاسەتێکی تازەیان گرتۆتەبەر بەرامبەر کوردان، ئەویش تارادەیەکی بەرچاو خۆدزینەوەیە لەو بەڵێنانەی چ لەسەردەمی موعارەزەیان یائەوەی لەدەستووری تازەی عێراق دەنگیان بۆداوە، ڕاشکاوانەش باسی ئەوە دەکەن کە ئەوێ دەمی بۆیە بەونەرمییە لەگەڵ کوردان هەڵسوکەوتیان کردووە چونکە هیچ سنوورو ناوچەیەکی ڕزگارکراویان لەخوارووو و ناوەڕاستی عێراقدا نەبووە چالاکی شۆڕشگێڕانەی تێدا ئەنجام بدەن، سەرکردەو زۆرینەی بارەگاکانیان لەناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستان بووە، پاش ڕووخانی بتەکەی بەغداش بۆ دامەزراندنەوەی دەوڵەتی تازەی عێراق لە وئاستەدانەبوون بتوانن عێراق بەتەواوی کۆنترۆڵ کەن، بۆیە بەناچاری پەناو هانایان بۆکوردوهێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان هێنا بۆ پاراستنی ناوچەکان، تەنانەت ئەو شوێنەش کە بەناوچەی سەوز دەناسرێ و حکومەتە تازەکەو پەرلەمان و دەزگا گرنگەکانی تێدایە، کورد بەرپرسی یەکەمی پارێزگاریکردنی بوو .

دەوڵەتی تازەی عێراق هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە تائێستا تووشی قەیرانی ئەمنی و داتەپینی ژێرخانی ئابووری و بێمتمانەیی لە دامو دەزگا ئیدارییەکانی بووە، گەندەڵییەکی بەرفراوان ڕووی لە حوکم کردووە، شەڕی تایەفی و تەسفیەی حیسابات لەنێوان مەزهەبە جیاوازەکان سیمای ڕوونی دەسەڵاتدارانی عەرەبی عێراقە، زۆرینەی دەستەو تاقمەکانی دەسەڵاتدار لەهەوڵی خۆدەوڵەمەندکردنی ناشەرعیانەن بەهەر نرخێک بۆیان بلوێ درێغی ناکەن دەستەگوڵی دزی دەوەشێنن و بەرەو هەندەران دەڕۆن بێ ئەوی حیساب بۆ خەڵکە نەدارەکەی بکەن، ئەوەی لەناوەندی کارەسات و گێژاوەکان سەرگەرمی ساڕێژکردنی برینەکان و هەوڵی بنەبڕکردنی گەندەڵی، شەڕی تایەفی، شەڕی تیرۆر، شەڕی کۆنە بەعسییەکانی دەست سوور بەخوێنی ڕۆڵەی ئەم میللەتە، شەڕی قاعیدە دەکات و قۆڵی مەردانەی هەڵماڵیوە کوردو سەرکردایەتییەکەیەتی، کە پێیوایە دەبێ عێراقی تازە لەسەربنەمایەکی تازە بونیات بنرێتەوە، تێیدا هەموو پێکهاتەکانی بەشداربن و هاووڵاتی و هاونیشتمانی پلە یەک بن، بەشداریکردنی کوردان لەداڕشتنی دەستوورو بڕیارو دەنگ بۆ دانی خاڵ و بەندەکانی خاڵی وەرچەرخانی گەڕانەوەی متمانەی نێوان سەرکردایەتی کوردو دەسەڵاتی تازەی حوکمی بەغدابوو، هەرچەندە کەمترین داخوازیەکانی شۆڕش و ڕاپەڕینی لەخۆگرت لەگەڵ ئەوەشدا سەرکردایەتی کورد ئامادەیی تەواوی نیشاندا بۆ بەشداری و سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی دەوڵەتی تازەی عێراق، بەهەموو سەنگییەوە هاتە مەیدانی ململانێ و بەرەنگار بوونەوەی نەیارانی عێراقی تازە زۆرچاک ئەوەشی لەبەرچاو بوو، کە کۆنەپەرست و شۆڤێنییە داخ لەدڵەکانی ناوەوەو دەرەوەی عێراق هەرگیز چاویان بەو گۆڕانکارییە تازانە هەڵنایەو ئامادەنین، کەمترین ماف و دەسکەوتەکانی خەڵکی کوردستان بسەلمێنن، بەناچاری سەری بەڵێ و پابەندبوونیان بۆ هەندێ مادەو بڕگەکانی دەستوورشۆڕکردووە .



نوری مالیکی

دەوڵەتی تازەی عێراق هەر لە حکومەتەکەی ( عەلاوی و جەعفەری تادەگاتە مالیکی) هیچیان ئامادەیی تەواویان نەبووەو نییە کێشەکانی کورد چارەکەن تا لەعێراقێکی ئارام و دیموکراتدا ئاسوودە بن، دانانی سەرانی کوردی لەپۆستە سیادییەکان بەشێکی کەمیئەوداخوازیانەیە، کەسەرکردایەتی کوردی بە موستەحەقاتی دەزانێ منەتیش نییە لەسەرکوردان تاڕۆژانە بەچاوی کوردان دابدرێتەوە، داخوازییەکانی کورد خۆیان لەزۆر شتی گرنگی وەک بەڕەسمی ناساندنی سنووری هەرێمی کوردستان، گۆڕینی دراوی عێراقی و بە کوردی لەسەرنووسینی، میزانیەی هەرێمی کوردستان بەڕەچاوکردنی ژمارەی دانیشتوانی کورد لەسەرتاسەری عێراقدا، ئاڵای عێراق و ڕەنگدانەوەی ناونەتەوەکان تێیدا، دەسەڵاتی دارایی هەرێم و سەرچاوە سامانییەکانی وەک نەوت و ئاوو کانەکانی دیکە ناساندنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەک هێزێکی نیزامی و پڕ چەک کردن و دروستکردنی سەربازگەوشوێنی حەوانەوەو مەشق پێکردن و مووچە پێدانیان، بەڕەسمی داوای لێبوردن لەگەڵی کورد لەسەر مەسەلەی ئەنفال و جینۆسایدو کیمیابارانی کوردان، قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتوانی کوردان لەو هەموو ماڵوێرانییەی بەسەر کورداهات لەسەر دەستی ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق زۆری دیکەکەدەکرێ چەندین یاسای بۆ دەرکرێ لە پەرلەمانی عێراق . ئەمانە مشتێکن لەخەرواری کێشەو ململانێیەکانی کورد و حکومەتی بەغدا .

کاتێ کوردو سەرکردایەتییەکەی دێنە سەرباسی هەر یەکێک لەو مەسەلانە، داروودەستەلەگۆڕنراوەکانی بەعس، کە بەناوو جلوبەرگی تازەوە خزاونەتەوە ناوپەرلەمان و سوپاو دەزگا ئەمنی و پۆلیسییەکەی حکومەتی تازە، زۆر بێشەرمانە لەڕووی نوێنەرانی کورد دەوەستنەوە هەموو وەعدەو بەڵێنەکان ڕەتدەکەنەوە، وەک ئەوەی کورد هیچ ڕۆڵی نەبووبێ لە پرۆسەی ئازادی عێراق، کوردان بەگێرەشێوێن و ئاژاوەچی لەقەڵەم دەدەن، ئەو تەقەقینەوەو کوشتن و دەربەدەرکردنانەی لەو ماوەی دوایی لەموسڵ و تەلەعفەرو کەرکووک ڕوویاندا ئۆباڵەکەی دەخەنە ئەستۆی کورد، هێزی پێشمەرگە بەچەتەو ڕێگرو میلیشیای لەیاسا دەرچووباس دەکەن، بەیارمەتیدەرو هاریکاری دەستەو تاقمی قاعیدەو بێچوەکانی سەدامی دەشوبهێنن، ئەو ناوچانەی ناویان لێناوە (المناطق المتنازع علیها ) دەکەنە سنووری دەسەڵاتی حکومەتەکەیان و هەرسێ پارێزگاکەی (هەولێرو سولەیمانی و دهۆک) ناودەنێن هەرێمی شیمالی عێراق بەلایانەوە قورسە دەستەواژەی ( هەرێمی کوردستان ) بەکاربێنن و لە بەڵگەنامە ڕەسمییەکانیان کاری پێبکەن، پتر لە ٤٥٪ ی خاکی بەپیتی کوردستانیان دابڕیوە بەخاکی ئوممەی عەرەبی دەزانن ئامادەنین بەهیچ جۆرێک بگەڕێنەوە بۆ مەنیقی عەقڵ و مێژوو تاقبووڵی ڕاستییەکان بکەن و بۆیەکجارەکی ئارامی و دڵنەوایی بەخەڵکی عێراق و کوردستان ببەخشن .

سەرانی تازەی حوکم لەعێراقدا جگە لەلایەنەکوردییەکەی بەهۆی کوردو هێزەکانی هاوپەیمانان نیمچەهێمنی و ئارامییەکیان لەشارەکانی خوارووو و ناوەڕاست دەستەبەرکردووە بەلەخۆبایی بوونەوە بێ پرس و ڕاو ڕاوێژکردن کەوتنە هێنانی هێزی سەربازی و دامەزراندنی هێزەکانی سەحوە لەو ناوچانەی، کە پێیان دەوترێت ( کێشەدارەکان ) هەڕەشەیان لەکوردو هێزی پێشمەرگە کرد، کە دەبێ ئەو دەڤەرانە چۆڵکەن بەبیانووی ئەوەی( سنوورەکە لەتیرۆرستان پاکدەکەنەوە)، بەتایبەتی لەخانەقین وجەلەولاو موسل وکەرکووک وگەرمیان بەگشتی واشیان ڕاگەیاند گۆیا کورد لەسنووری خۆی تەجاوزی کردووە، میلیشیاکانی کورد ئارامیان لەو ناوچانە تێکداوە، پێویستە حەدیان بۆدانرێ، ئەگەر لاملیان کرد بەزەبری هێز لەو ناوچانە دەرکرێن و بیانگەڕێننەوە ئەو شوێنانەی پێش ڕووخانی بتەکەی بەغدا، واتە سنووری هێلی ٣٦، بەنەکشانەوەشیان حیسابی ڕێگرو لە یاسادەرچوویان بۆدەکرێ، چاکە دانەوەی سەرکردایەتی کوردو هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان، کە لەڕۆژانی سەخت و دژواردا بەهانای سەرانی عەرەبی دەوڵەتی تازەی عەرەبی عێراقییەوە هاتن بەوە دەدرێتەوە، کە مافی ئەوەیان نییە تەنانەت پارێزگاری لە دەسکەوتەکانی شۆڕش و ڕاپەڕینیش بکەن پاساویان ئەوەیە( عێراق وڵاتی هەموانە هەموو وەک یەک دەیپارێزین ) لەو شوێنانەی پێویست کات داوا لەسەرانی کورد دەکرێ هێزەکانی کوردیان بۆ ڕەوانە کەن تا شەڕی تیرۆرو باندەکانی ئیرهابیان بۆ بکەن، کە پێویستیان پێیان نەما ئەیێ شوێنەکان جێبێڵن، ئەگەرنا دەبنە بەشێک لەمیلیشیای تێکدەر، ئەوەش کرێگرتەیی و قۆرۆچیەتی نەبێ هیچ ناوێکی تری نیشتمانی لێ نادۆزرێتەوە.

کوردو سەرکردایەتییەکەی بۆ ئەم مەسەلەیە باجی زۆریانداو بە دەیان پێشمەرگەی قارەمان و کادیری تێکۆشەر بوونە قوربانی، پایەکانی دەوڵەتی مالیکی پێ قایم بوون و ئارامی گێڕایەوە زۆر ناوچەو ئیرهابی لێ دەرپەڕێنرا لەبەرامبەردا کورد بەهەڵپەرست و تێکدەرو ئاژاوەگێڕ ناسرا، ئێستاش لەڕۆژنامەوگۆڤارو تەنانەت سایتەکانی ئەنتەرنێت و میدیاکان ڕۆژانە لەلایەن شۆڤێنییەعەرەبەکانودەوڵەتانیئیقلیمی دەزگا ئەمنی موخابەراتییەکانیان، هێزە سەربازییەکانیان، ڕاگەیاندنەکانیان بەردەوام بۆ وەشاندنی گورزی نامەردانە و ناوزڕاندنی کوردو داخوازییەکانی پڕۆپاگەندەی ئەوە بڵاودەکەنەوە کورد نەتەوەیەکی جیاخوازە، کورد دەیەوێ دەست بەسەر سەرچاوەکانی داهاتی ئوممەی عەرەبی دابگرێ، کوردئیسرائیلی دووەمە، کورد بەنیازە دراوی عێراقی بگۆڕێ، کورد بەنیازە سنووری جوگرافی و نەخشەی عێراق دەسکاریبکات، کورد بەنیازە ناوچەکانی خانەقین و کەرکووک و شەنگارو بەدرەوجەسان و هیتر بخاتەوەسەر نەخشەی ئەو شوێنانەی تری شارەکانی عێراق، کە زەوتیان کردووەو ناویان لێناوە ( هەرێمی کوردستان )، وەک ئەوەی بڵێن کورد نەتەوەیەکی شەڕانی داگیرکارە، کورد دەیەوێ عێراق پارچەپارچەکا، کورد بەنیازە سنوور جیاکاتەوە، کورد بە نیازە ...بەنیازە . بەنیازە.

هەموو ئەو جەنگەی ئەمڕۆ بەرپایان کردووە ڕاستە شەڕی سەربازی و پەلاماردان نییە، هەرچەندە هێرش و پەلامارە سەربازییەکانی هەر لەیەک لەلەشکری تورک و فارسەکان بەردەوامن و ڕۆژانە بەتۆپ و تانک و فڕۆکە شەڕکەرەکانیان پەلاماری ناوچە سنوورییەکانی کوردستان دەدەن و ماڵوێرانی دروست دەکەن بەبیانووی ڕاوەدوونانی شەڕوانانی پەکەکە، دەیانەوێ ئەزموونی تازەی فیدراڵیەتی کوردی لەبنەوە هەڵتەکێنن و لەهەموو دەسکەوتەکان خاڵی کەنەوە، ئەو ڕێکەوتنە ستراتیجییەی نێوان عێراق و ئەمریکا، کە سوودو پاراستنی کوردانی تێدایە مۆرنەکرێ، بەمۆرنەکردنی دەتوانن هەموو هێڵە سوورەکانی تایبەت بەکوردستان ببەزێنن و لە ڕێگەی ئابلۆوقەیەکی توونوندجارێکی ترکوردستان بخەنەوە ژێر چەپۆکی داگیرکاری و ئەزموونەکەی هەڵوەشێننەوە، سەرانی کوردی ناچار بە تەنازولات کەن، ئەگەر لەسەر حیسابی خاک وگەلەکەشی بێ، داخوازییەکانی کوردان بە( تەعجیزی ) لەقەڵەم دەدەن و واشی بڵاودەکەنەوە کوردان ناتوانن حوکمڕانی خۆیان بکەن و لەسەر مەسەلەی دارایی و دەسەڵات کێشەو ناکۆکیانە، لەڕێگەی شەڕو گێچەڵ پێفرۆشتنەوە دەیانەوێ کورد ناچاری شەڕێکی داسەپاوکەن، کە هەرگیز خوازیای نییە بەوەش دەرفەت بۆ دەست تێوەردانی دەرەکی و ناوخۆ خۆشدەکەن لەپاشان بەناوی گێڕانەوەی ئەمن و ئاسایشی ناوچەکە دووبارە هێزە سەرکوتکەرەکانیان و دەسەڵاتە دیکتاتورییەکەی عەرەبی بەسەرکوردوکوردستان دادەسەپێننەوە، سیاسەتی دووفاقەی مالیکی و حکومەتەکەی بەرامبەر کورد و داخوازییەکانی ڕوونە چ بەدەست تێکەڵ کردنەوەو زیندووکردنەوەی پەیمانە دووقۆڵی و سێ قۆڵییەکانی لەگەڵ دەوڵەتەئیقلیمییەکان چ بەخۆگێلکردن بەرامبەر دەرکرنی کورد لەو شوێنانەی کوردیان تێدایە یا بەدابڕینی هەندێ هۆزو تیرەی کورد لەکورد بوونیان و ناساندنیان بەکەمینەکان لەدەستووری عێراق یا داواکردن و پاڵپەستۆی زیاتر بۆسەر سەرکردایەتی کورد بەوازهێنان لەهەندێ داخوازی، کە هەموو شەڕوپێکدادانەکانی کورد و ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراقی لەسەر دووبارەبۆتەوە.

حکومەتی مالکی وەک هەردوو حکومەتەکەی پێشوو هیچی بۆکورد پێ نییە تەنها لەکات بەفیڕۆدان نەبێ، بەوەش گرەوی خۆپڕچەککردن و بەهێزکردنی ماشێنە جەنگییەکەی دەباتەوە و بەناوی یەک پارچەیی خاکی عێراق کاری لەسەردەکات، لەبەرامبەریشدا عێراق بەبەشێک لەوڵاتی عەرەبی دەزانێ و ئامادەنییە هیچ نەتەوەیەکی تری غەیرە عەرەبی بەشێک لەجڵەوی دەسەڵاتی حوکمی هەبێ و تێیدا بە هاووڵاتی پلەیەک ئەژماربکرێ، ئەوەی ئەمڕۆ هەیە بەئەمری واقیعی تەماشادەکەن، کە دەکرێ هەروەختێک دەرفەتیان بۆ هەڵکەوێ ئەو سیاسەتی ئەمری واقیعە بگۆڕن و لێی پەشیمان ببنەوە، نموونەی زیندوو زۆرن لەو ڕووەوە، کە لەمادەکانی دەستووریدا دەرکەوتن و چۆن پاشەکشەیان تێداکرد ئامادەش نین لەهیچ دەنگدانێکی تری ئەو مادە دەستوورییانەی پەیوەست بەکورد بێنەوە هۆڵی پەرلەمان و جۆرێک لەهاوپەیمانی لەگەڵ لایەنی کوردی ببەستن بۆ بە دەستووری کردنی بڕگەو بابەتەکانی بەپێچەوانەوە ئامادەی سازدانی ڕێکەوتنی چەندین لایەنەن دژی کوردان، لەباربردنی مادەی ١٤٠ و دەرکردنی هێزی پێشمەرگە لەو ناوچانەی تادوێنێیەکی زوو بەخوێنی کوردان ئازادکراو پارێزگاری لێکرا، تۆمەتبارکردنی کوردبەگۆڕینیدیمۆگرافی کەرکووک و موسڵ و زۆر شوێنی تر، هاندانی تاقمێکی چەواشەکاری سەر بە میتی تورکی بەناوی ( بەرەی تورکمانی ) و دژایەتی ئاشکرایان بۆ کوردو کوردستان تائەوەی وشەی (کوردستان ) لەسەرلاپەڕەی ڕۆژنامەکەیان، کە ناوی ( قلعە ) یەو لەکەرکووک دەردەچێ بکەن بەشیمال، تەنانەت سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش بەناوی ( حاکم ادارە الشمال ) ی ناودەبەن، جگە لەدەیان بوختان و درۆو دەلەسەو سووکایەتی بەکورد و کوردستان، کوشتن و دەربەدەرکردنی مەسیحییەکانیش لەموسڵ وشوێنانی دیکە بەدەسیسەی کوردانی دەزانن و دنیایان بەو باس و خواسە وروژاندووە کەچی مالیکی و حکومەتەکەی لەبەرامبەر دەرکردنی کوردان نقەیان لەخۆبڕیوەو لەژێرلێوەوە بزەیاندێ، مالیکیش وەک نەبای دیبێ و نەباران بەتەنگ مەرگەساتی کوردانەوە نییەو بۆ برادەرانی مەسیحیش ڕۆژانە لەخەمی گەڕانەوەوقەرەبووکردنەوەی زیانەکانیانە، کەچی ئەو سەدان هەزار کوردەی بەدەستی ئیرهاب ئاوارەو کوژراو ماڵوێران کرا، نابێ کەس هەرباسیشی بکا

تاوانبارکردنی کوردان بەو تۆمەتانە پیلانێکی چەپەڵانەی دوژمنانی کوردە، کە لە ناوەوە پاشماوەکانی بەعس و شۆڤینیستەکان کاری لەسەردەکەن و لەدەرەوەش دەوڵەتانی ئیقلیمی هاریکاریانن، پێویستە کوردیش لەبەرامبەردا پشت ئەستوور بەجەماوەرەکەی و ڕێکخستنەوەی ناوماڵی، گرتنەبەری سیاسەتێکی هێمنانەی خۆپارێز لە شەڕوگێچەڵ، دۆزینەوەی هەلی کارو ئاوەدانکردنەوەی سەرلەنوێ دێهاتەکان، قبووڵ کردنی ڕای بەرامبەرو تەیارکردنەوەی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان، دۆستایەتیکردنی دەوڵەتانی دەوروبەر لەسەربنەمانی بەرژەوەندی هاوبەش، یەکدەنگی و پاراستنی یەکیەتی ڕیزەکان دەتوانی سەرکەوتووانە ئەوقۆناغە تێپەڕکا، ئەوانەش، کە بە خەیاڵی دیکتاتۆریانەو بیری تەسکی داگیرکاری لەگۆڕەپانەکەن ملدان و تەسلیم بە ئیرادەی حەقخوازی نەبێ هیچی دیکە فریایان ناکەوێ، دەنا مێژوو ڕەحمیان پێناکاو وەک هەموو فەرمانڕەوا دیکتاتۆرەکان تووڕدەدرێن و شەرمەزاری دنیاو ڕووڕەشی بەردەمی دادگای یەزدان وگەل دەبن .

# پەراوێزکردنی کورد لەسەرچاوەی بڕیار وایکرد پشتگیری لە چاکسازی سیاسی بکەین

**باوکی دابان**

بەڵگەنامەی چاکسازی لەبارودۆخێکی زۆر ناسک و گونجاو مۆرکرا، چونکە پێداویستی بابەتیانەیە بۆ پرۆسەی ئازادی و دروستکردنەوەی عێراقێکی فیدراڵی پەرلەمانی یەکگرتووی سەر بەخۆ دوور لە دەست تێوەردانی دەوڵەتە ئیقلیمییەکان. جگە لەمە بۆ بەرەنگاربوونەوەو زاڵبوون بەسەر کۆسپ و تەگەرەکان لەکاتی مۆرکردنی ئەم بەڵگەنامەیە لەسەرەتا شپرزەو ململانێیەکی چڕو پڕو حیوارێکی زۆر ڕوویدا لەنێوان لایەنەکان بۆ چارەسەر کردنی قەیرانەکان بۆ بەستنی ڕێکەوتن لەگەڵ ئەمریکا. باشتروابوو چاکسازی پێش مۆرکردنی پەیماننامەکەی نێوان عێراق و ئەمریکا بووایە، بەڵام بەهۆی ململانێی هەندێک لەلایەنە سوننی و ڕەوتی سەدر نەتوانرا لەکاتی خۆی بەئەنجام بگات، چونکە واباش بوو جۆرێک لە دیموکراتیەت و ئازادی هەبێت بۆ ڕادەربڕین لەسەر ئەم مەسەلەیە، بۆ ئەوەی بیسەلمێنین عێراقی ئەمڕۆ عێراقی دوێنێی دەستی دکتاتۆرەکان نییە. دەبێت ئەم بەڵگەنامەیەی چاکسازی جێبەجێبکرێت لەسەر ئەرزی واقیع، بەشێوەیەک ببێتە هێنانە کایەی بارودۆخێکی لەباری سیاسی، بۆ ئەوەی عێراق ئاوەدان بکەینەوە لەهەموو ڕوویێکەوە. ئەم بەڵگەنامەی چاکسازی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەسەرۆکی وەزیرانی عێراق بەڕێز(نوری مالکی) یەوە هەیە. پێش مۆرکردنی ئەم بەڵگەنامەیە سەرۆکی وەزیران هەموو لایەنەکانی پەراوێزکردبوو ماوەیەک بوو ئەم حکومەتەی، کە لە عێراق فەرمانڕەوایی دەکرد جۆرێک لە تاکڕەوی پیادەکردبوو، هیچ حسابێکی بۆ ئەم لایەنانە نەدەکرد، کە تەوافقیان پێک هێنابوو. جگە لەمە ئەم بڕیارانەی، کە دەردەچوو بوونی کوردیان فەرامۆش کردبوو، تارادەیەک وەک پێویست نەبوو، لەگەڵ ئەمەی لیستی هاوپەیمانی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامی نوێنەرایەتی کوردیان دەکرد بە قورسایەکی باش لە بەغدا. ئەگەر بەکارهێنانی دەسەڵات لە بەغدا بە قورسایی هێزەکانی لایەنەکان بوایە، ئەو کات بێ هیچ دوودڵی ناومان دەبرد بە حکومەتی تەوافق. ئەم پەراوێزکردنەی کورد وایکرد پشگیری لە چاکسازی سیاسی بکەین بۆ دیتنەوەی میکانیزمی گونجاو هەر لە جێبەجێکردنی بەندەکانی دەستوور و دەسەڵاتی قەزاو چۆنیەتی بەشداریکردنی سیاسی....هتد.لەعێراق.

کاتێک ئەم ڕێکەوتنە گرنگی دەردەکەوێت، ئەگەر بەکردار بێتە مەیدانی جێبەجێکردن، واتە دانانی میکانیزم بۆ گۆڕینی بە کردەوە لەسەر ئەرزی واقیع. بۆیە دەبێت لایەنە پەیوەندارەکان کەش و هەوای لەبار بهێنەدی و چونکە ناتوانین لە پەشێوی و ململانێ دیالۆگی چارەسەرکردن بەکاربێنین و پشگیری لەکاری لێژنەکان بکەین و ئارامی مامەڵە بکەین بەڕێزگرتنی بیروڕای بەرامبەر و یەکتر قبووڵکردن. یەکێک لەم لایەنە دژانەی ئەم ڕێکەوتنە (ڕەوتی سەدر) بوو هەر لەسەرەتاوەو بەچاوی خۆمان پشێوی نانەوەکانیانمان لە ڕێگای ڕاگەیاندنەکانەوە دێت، بەڵام لە ئەنجامی ڕاستی سەرکەوت و بەڵگەنامەکە مۆرکرا، چونکە لەبەر ژەوەندی هەموو گەلی عێراقدایە، عێراقێک ئەمڕۆ پێویستی بەیارمەتی هەموو لایەکە. لیستی هاوپەیمانی و یەکگرتووی ئیسلامی، کە نوێنەرایەتی کورد دەکەن لە ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق لەگەڵ لیستی ئیئتلافی شیعی خوازیاری ئەوەن، سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکردن هێزی عێراق لەسوپاو پۆلیس بەکارنەهێنێت بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکان وەک ڕوویدا لەناوچەی قەرەتەپە و جەبارەو خانەقین. جگە لەمە جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) ی دەستووری عێراق جێبەجێکردنەکەی لە ئەستۆی سەرۆکی وەزیرانی عێراقە بەپێی ماددەی (٨٠/٧٨) چونکە سەرۆک وەزیران سنووری دەسەڵاتی زۆر فراوانە و خۆی سەرۆکی هێزە چەکدارەکان و جێبەجێکەری دەسەڵاتەکانە. هەر بۆیەش ماوەیەک تاکڕەوی کاری دەکردو هیچ حسابێکی بۆ لایەنەکان نەدەکرد. بەڵام ئەم بەڵگەنامە چاکسازی سنوورێکی دانا تارادەیەک دوودڵی و دڵەڕاوکێی لەناو دڵ و دەروونی لایەنەکان ڕەواندەوە، بەتایبەتی لەناو میللەتی کورد.

# نهێنییەکانی بەشی سێیەمی گەردەلوول لە بەدرخان



جەلیل زەنگەنە لە دیمەنێکی درامای گەردەلوولدا

**تایبەت بە بەدرخان- سلێمانی**

هونەرمەند جەلیل زەنگەنە سیناریست و دەرهێنەری درامای گەردەلوول باس لە چەندین نهێنی بەشی سێیەمی ئەو درامایە دەکا.

لە دیدارێکی تایبەتدا جەلیل زەنگەنەی دەرهێنەر ئاماژەی بەوە کرد، کە لە (٥٠٪)ی سیناریۆی بەشی سێیەم تەواو بووە و شوێنی رووداو بریتی دەبێ لە (هەولێر، سلێمانی، کەرکووک، گەرمیان، بادینان و چەندین شوێنی تری کوردستان، کە هەریەک لەو ناوچانە بە شێوەزاری خۆیان دەپەیڤن و جەختیش لەوە دەکاتەوە، کە بەشی سێیەم موفاجەئاتی زۆر سەیری تێدا دەبێ و چەندین هونەرمەندی شاری هەولێر بەشداری لێ دەکا و لەو بارەیەوە گوتی: (ناتوانم ناوی هونەرمەندانی بەشداربوو ئاشکرا بکەم، چونکە هێشتا سیناریۆ تەواو نەبووە، تەنها قسەم لەگەڵ هەندێ هونەرمەند کردووە، بەڵام دڵنیابن پانتاییەکی باشی رووداوەکان لە هەولێر و چەندین موفاجەئاتی سەیر دەبینرێ، کە بینەر پێشبینی ناکا.

لە بەشێکی دیکەی ئەو دیدارەش هونەرمەند ئەو قسانەی بە درۆ خستەوە، کە دەڵێن لە بەشی سێیەمدا لە (٧٥٪) هونەرمەندانی پێشوو بەشداری پێ ناکاو گوتی: (من بەشدارییان پێ دەکەم، بەڵام سیناریۆکە پێویستی پێیان نییە و لەوانەیە رۆڵیان کەم بێ و زۆر بەرچاو نەبێ).

سەبارەت بەوە و چەندین پرسی تری گرنگی بەشی یەکەم و دووەم و سێیەمی درامای گەردەلوول لە ژمارەی داهاتوودا دیدارێک لەگەڵ جەلیل زەنگەنەی دەرهێنەری درامای گەردەلوول بخوێننەوە.

# ئەحمەد جۆڵا: فەنتەڵۆس زەلامی وای تیابوو هی ئەوە نەبوو تەمسیلی لەگەڵ بکەی

**هونەرمەند ئەحمەد جۆڵا دوای ئەوەی بەشێوەیەکی بەرچاو لە بەرنامەی بەرنامە و درامای فەنتەلۆس بەدەرکەوت، ئەوجارەیان وا ماوەی زیاد لە ١٠٠ رۆژە وەکو ئەکتەر لە شانۆگەری مەملەکەتی عیللەت بەشدارە.**

**ئا: بەدرخان- سلێمانی**

*** کۆمیدیا بریتییە لە چی؟**

– دەتوانی بە کۆمیدیا زۆر شت بڵێی، چەندەها جار گوتوومە بە کۆمیدیا دەتوانی شۆڕشێکی رۆشنبیری پەیدا بکەی، ئەوەندەی لەڕێی کۆمیدیاکانەوە دەتوانی شت بڵێی و رەخنەبگری و تەنز لە هەموو شتەکاندا بگری و بەشێوە جدی ئەوەت پێ ناکرێ.

*** کۆمیدیای کوردی تا چەند توانیویەتی ئەو شتانە بکا و چارەسەری کێشەکانی ئەم وڵاتە بکا؟**

– لەوەدا ناتوانم هیچ شتێک بڵێم، بەڵام هەندێک لە هونەرمەندان دەڵێن گوایە کۆمیدیامان نییە، من ئەو قسەیە رەتدەکەمەوە و بەراستی کۆمیدیامان هەیە، بەڵام ئەو شتەی بە کۆمیدیا باسی دەکەی دوایی چارەسەر دەکرێ یان نا، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵات.

*** کۆمیدیا بریتی نییە لە قسەی بازاڕی و بەزۆر بە پێکەنین هێنانی خەڵک، تۆ چی دەڵێی؟**

– بە دڵنیاییەوە ئەوەش دەکەوێتە سەر ئەوەی کە ئەگەر ئەو کۆمیدیایە قسەی بازاڕی زۆر تێدابوو، ئەوە دەچێتە خانەی تەهریجەوە، بەڵام ئەگەر تۆ ئەمڕۆ بتەوێ تەمسیلی ئەم میللەتەی ئێمە بکەی، بڕۆ سەیری بازاڕکە، خۆ ناڵێم تۆ بڕۆ دەقاو دەق ئەو قسە بازاڕییە بێنە سەر تەختەی شانۆ و پێشکەشی خەڵکی بکە، بەڵام ئێستا من تەمسیلی میللەتەکەی خۆم دەکەم بە شێوازی کۆمیدیا، بڕۆ بازاڕ بۆ نموونە (٤) کەس دەبینی سەیردەکەی جنێو بە یەکتر دەدەن، خۆ ناکرێ تۆ ئەوە بێنییە سەر تەختەی شانۆ یان ناو کارێکی دراما، بەڵام دەبێ بە خەڵکیش بڵێی خەڵکی ئاوانە، ئەویش گرنگە، هەرچەندە ئەوە ناشێتە ئەوەی تۆ باسی شتێکی بازاڕی بکەیت، ئینجا ئەگەر هەر باسی شتی بازاڕیش نەکرێ، ئێ دە وەڵڵا ئەو هەموو قسە جوانانەشمان بۆ دروست نابێ وەکو کۆمیدیا.

*** باسی قەیرانی شانۆ دەکرێ، پێتوایە قەیران هەبێ؟**

– قەیرانی شانۆمان نییە.

*** بەڵگەت بۆ ئەو قسەیە چییە ؟**

– بەڵگەم بۆ ئەو قسەیە ئەو شانۆگەری مەملەکەتی عیللەتەیە، کەوا بووەتە زیاد لە ١٠٠ رۆژ و جەژنانیش رۆژی دووجار نمایشمان کردووە، کەواتە قەیران چییە؟ بەڵام ئێستا میللەت یان ئەو جەماوەرە رووەدەکاتە هەندێ دەموچاو کە بەڕاستی خۆشی بوێ.

*** بەشێک لە هونەرمەندان پێیانوایە مەملەکەتی عیللەت بریتییە لە کارێکی مەهزەلە و قسەی بازاڕی و فشقیات، پێتوایە راست دەکەن؟**

– نەخێر، رێزم هەیە بۆ ئەو هونەرمەندانەی وایانگوتووە، بەراستی من قسەی خەڵکێکی بازار کە بە خۆشەویستییەوە سەیرت دەکا پێم لە قسەی ئەو هونەرمەندانە باشترە کە وایانگوتووە، چونکە بەڕاستی ئەو هونەرمەندانە هەندێکیان نەبێ رەخنەی دروستکەر و جددیت لێ دەگرێ، بەڵام هەندێکیان وانین، ئێستا ئەو رق و غیرەیەی لەناو هونەرمەندان هەیە، کە کەسیان بە ئیش ئەویتریان رازی نییە، رێزم هەیە بەڵام لە بەردەمت دەڵێ ئیشەکەت تا بڵێی جوانە، هەر کە ئاگات لێ نەما دەڵێ ئەوە کەی ئیش بوو، بەراستی ئەوە راست نییە. کە کارەکە خراپە بڵێ کاکە تۆ کارەکەت خراپە و دەستخۆشیم لێ مەکە، بۆ دەستخۆشیم لێدەکەی و کە ئاوڕت لێمدایەوە دەڵێی ئەوە کار نەبوو، کەواتە درۆ دەکا.

*** ئەی پێتوایە رەخنەی شانۆ لە چ ئاستێکە؟**

– لەو کاتەدا شتەکان ئەو رەخنەیەت لێ ناگرن، ئەمە ناخۆشییەکەیە.

*** یانی دەتەوێ بڵێی رەخنەی شانۆی کوردی یان نییە، یان زۆر بێ هێزە؟**

– ناڵێم نییە، بەڵام ئەگەر هەشبێ زۆر زۆر بێ هێزە، یانی ئەو رەخنەیە وات لێ ناکا دروستت بکا، ئەو رەخنەیەیان وات لێدەکا یا بتڕوخێنێ، یان واز لە ئیش بێنی، فەرموو بۆ نموونە زۆرجار دەچمە چایخانەی شەعب، کە کانگای هونەرمەندانی تیایە، بەراستی بڕۆ سەیرکە کۆمەڵێک بە ئیشی یەکتر رازی نین، هەندێکیان دەڵێن ئەوە چی بوو؟ ئەوە کەی شتە کاکە. یان جارێکیان لەگەڵ برادەرێکدا دەمم لێی گیرا و دانیشتبووین لەو کاتەدا وەسیەتنامەی کاوەی ئەحمەد میرزا هەبوو، گوتی: وەسیەتنامەش هیچ نییە، لەوکاتەشدا حوسێن میسریش هەر ئیشێکی هەبوو، ئیشەکەی ئەویشی رەفز کرد، ئیشی برادەرێکی تریشی رەفزکرد، گوتم کاکە وا ناکرێ، گوتی بەرنامەی بەرنامەش هیچ نییە، کەوایە ئەی چی شتە؟؟

*** کاک ئەحمەد لە کاتێکدا دەکرێ بڵێمە تۆ کارەکەت هیچ نییە، ئەگەر کارێکی لە تۆ باشترم کردبێ، ئەوە لەمڕۆی رەخنەی کوردی چەندبوونی هەیە؟**

– راستە، بەڵام کەس هەیە هیچ نییە و هیچی نەکردووە، کەچی خۆی بە گەورەترین شت دەزانێ و هەرچی ئیشیشە بەدڵی نییە. دە من ئەوە دەڵێم ئەوانە خۆیان هیچ نین، هەرکەس خۆی لێ بووە شت من بەهیچی نازانم، چونکە ئەگەر خەڵک خۆی شت بێ هەردەم خۆی بە بچووکی خەڵک دەزانێ و گوێ لە رەخنەکان دەگرێ.



هونەرمەندان ئەحمەد جۆڵا و ماهیر حەسەن لە شانۆگەری "مەملەکەتی عیللەت"

*** شانۆگەری مەملەکەتی عیللەت زیاد لە ١٠٠ رۆژە نمایشدەکرێ، پێتوایە چ هۆکارێکە وایکردووە ئەو کارە ئەوەندە بەردەوام بێ؟**

– یەکەمین شت کۆمیدیایە، دووەمین موعاناتی ئەمڕۆی خەڵکە، چونکە ئەوەی ئێمە لەسەر ئەو تەختەیە باسی دەکەین هەمووی موعاناتی خەڵکە، یانی ئێمە وامانکردووە با ریزەکان یەک بن، دوایی کاک ماهیر لە حیوارێکدا دەڵێ: ئەوەی نێوان حکومەت و میللەت تێکدەدا، عیللەتە. ئێ عیللەتەکە کێیە؟ هەر میللەتە، لەبەرئەوە سەرکەوتنی ئەو شانۆگەرییە لەوە دەبینم، کە لەناو موعاناتی خەڵک هەڵقوڵاوە.

*** زۆرباسی فەنتەڵۆس کراوە، بەڵام دەمەوێ بزانم فەنتەڵۆس لەکوێی کۆمیدیا بوو؟ ئایا پەشیمانی لە بەشدارکردن تیایدا یان شانازی پێوە دەکەی؟**

– زۆر شانازی پێوە دەکەم، فەنتەڵۆس لە وەرگێڕانی دکتۆر شێرکۆ عەبدوڵڵا بوو و بەر لە نمایشیش خۆی ئاماژەی پێدا کە ئەم دەقە ئێرانییە، ئەو وەریگێڕاوە، فەنتەڵۆسیش یەکێک بوو لە هەموو موعاناتەکانی خەڵک بەشێوەی هێما، تا (٦)ەم ئەڵقەش خەڵک لێی تێنەگەیشتبوون.

*** ئەی بۆ بەردەوام نەبوو، چونکە دکتۆر شێرکۆ گوتی (٩٠) ئەڵقەیە، بەڵام ٢٠ ئەڵقەی لێ نمایشکرا؟**

– بەڵێ راستدەکەی لە سەرەتاوە بڕیار بوو ٩٠ ئەڵقە بکرێ، بەڵام تەنها ٢٠مان بۆ کرا.

*** لایەنی ماددی رۆڵی بینی؟**

– بەڵێ، لەوانەیە کێشەی پارە لە ئارادابێ، کە بۆی تەواو نەکرێ، لەوانەیە نووسەر کێشەی ئەوەی هەبووبێ، کە ٩٠ ئەڵقەی پێ بنووسرێ، ئەکتەرەکانیش زۆرمان بێزار ببووین، چونکە ئەو شوێنەی ئێمە دەچووین لەکاتی هاویندا هیچ سێبەرێکی لێ نەبوو، لەکاتی زستانیشدا هیچ جۆرە گەرمکەرەوەیەکی لێ نەبوو، کە بتوانین خۆمانی پێ گەرم بکەینەوە، لەبەرئەوە ٢٠ ئەڵقە بوو، ئەوانی تر رانەگیراوە، خۆی هەر ٢٠ ئەڵقە بوو، تۆمارکرا و نیشاندرا.

*** بەشێک لە هونەرمەندان رازی نەبوونە بە بەشداری کردنی عیرفانی وەستا محەمەد، وەکو ئەکتەر لە فەنتەڵۆس بۆ؟ تۆ لەگەڵ بووی یان نا؟**

– منیش ئەوەم خوێندەوە کە دەڵێ دوو ئەکتەری سەرەکی رازی نەبوونە بە بەشداری عیرفانی وەستا محەمەد، بەراستی من خۆم و شاهیدی بۆ ماهیر حەسەنیش دەدەم، کە ئێمە دوو بووین لە ئەندامە سەرەکییەکانی فەنتەڵۆس، ئەوە بە ئێمە نەگوتراوە، کە عیرفانی وەستا محەمەد بێ و بەشداربێ و ئێمە رەفزی بکەین، من دوو سێ جاریش قسەم لەگەڵ کاک هاوڕێ کردووە، من و ماهیر ئاگامان لەوە نییە و فەنتەڵۆس زەلامی واشی تیابوو هی ئەوە نەبوو تەمسیلی لەگەڵ بکەی، بەڵام ئێمە هەقمان نییە و ئەوە پەیوەندی بە دەرهێنەر هەیە و ئەو قسەیەش کە کراوە دوورە لە راستی.

*** رات چییە لەسەر هەفتەنامەی بەدرخان؟**

– هەرچەندە ئەمڕۆ رۆژنامە زۆر زۆرە، بەردەوام گوتوومە توخوا با رۆژنامەکان وەکو ئەوە نەبێ هەمووو بە سکێ لەدایک ببن، با هەریەکەیان ستایلی خۆیان هەبێ، ئەگەر لە قەبارەش بێ، ئەگەر بابەتەکانیش وەکو یەک بێ، با جیاوازیان هەبێ، ئەو جیاوازییەش لە بەدرخان هەیە، هەم وەکو قەبارە و هەم وەکو بابەتیش، سوپاستان دەکەم خەڵکی باشیش بەسەر دەکەنەوە، بەڵام هیوام وایە هەندێ هونەرمەند هەن کەنەفتن و ناتوانن بێنە دەرەوە بەسەریان بکەنەوە، چونکە ئەوان شتێکی باشیان بۆ ئەو میللەتە کردووە و ئەگەر لە سەرە مەرگیشدابێ با شتێک بۆ ئەو میللەتە بڵێن.

# رەحیمی زەبیحی: حەزم دەکرد رۆمانی ژانی گەل بکەمە فیلم

**ئا: هونەری بەدرخان**

*** دەرهێنەرێکی کورد دەڵێ ئەگەر وەزارەتی رۆشنبیری ٥٠٠ ملیۆن دیناری بۆ فیلمێک پێدام و فیلمەکەم ئەو پارەیەی نەهێنایەوە با جارێکی تر وەزارەتی رۆشنبیری هاوکاریم نەکا، تۆ چی دەڵێی؟**

– ئەو قسانە هەمووی قسەی کوچە و بازاڕە، نازانم فیلم چۆن ٥٠٠ ملیۆن دێنێتەوە و لەکوێ دەیهێنێتەوە، من لەوانە ناگەم و وای نابینم سینەمای ئێستای کوردی بتوانێ لەسەر ئاستی جیهانی پارە بێنێتەوە و واشی نابینم سینەمای ئێستای کورد بتوانێ لەسەر ئاستی کۆمەڵگای کوردیش پارە بێنێتەوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە ئەو دەرهێنەرەی وایگوتووە یەکجار فیلمی خۆی دروستکردو تەواو با بێ دەنگ بێ تا فیلمەکەی دەبینین، چونکە پێویست بەو قسانە ناکات کە رەنگە ئەو دەرهێنەرە زۆر شتی تریشی گوتبێ، پێویست بەو قسانە ناکا. سینەما گاڵتەجاڕی نییە و گاڵتە هەڵناگرێ و تەحەدا و شتی ناوێ، سینەما کارنامەیە، تۆ فیلمێک بەرهەم بێنە و نیشانی بدە تەواو. ئیتر ئەوە خۆمان دەزانین باوی چەند توانیوتە و نەتتوانیوە، ئەوەش هەڵەیە وەزارەتی رۆشنبیری فیلم بەرهەم بێنێ کە پارەکەی بێنێتەوە، نەخێر لە ئێرانیش ئێستا بەدەیان دەرهێنەر یارمەتی دەدرێت فیلم دروست بکەن بێ ئەوەی تمەنێک بێنێتەوە بۆ وەزارەتی رۆشنبیری، نەخێر وانییە لەبەرئەوەی ئێمە ئێستا کێشەمان ئەوە نییە پارە بێنینەوە، کێشەی ئێمە بەرهەمی جوانە بۆ ئەوەی دەنگ و پەیاممان بگاتە شوێنی خۆی.

*** بەڵام ئەگەر بەرهەم جوان بوو خۆی پارە دێنێتەوە و بە نەمری دەمێنێتەوە؟**

– ئەو قسەیە راستە، بەڵام کێشەکەی ئێمە ئەوە نییە، تەواوی ئەو پارەیەی کە بۆ سینەمای کوردی خەرجکراوە پارەی شەقامێک نییە کە قیرتاو کرا و تێکچووەوە، ئەوە خەریکە قیرتاوی دەکەنەوە، هەموو پارەکە ئەوە نییە، بەڵام بەلای من گرنگ ئەوەیە کە ئێمە پارە خەرج بکەین بۆ ئەوەی پەیامەکانمان بگەیەنین، ئێمە وەکو کورد تەنها سینەمامان هەیە کە بمانبەستێتەوە بە جیهان و پەیامەکانمان بگەیەنێتە جیهان و ئاگایان لە زروفی ئێمە بێ، جگە لە سینەماش هیچ شتێکی ترمان نییە.

*** چ پاڵنەرێک لە پشت ئەوەوەیە کە فیلمی وڵاتی ئەفسانە بچێتە فێستیڤاڵە جیهانییەکان؟**

– فیلمی وڵاتی ئەفسانە لە (٦١)ەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی لۆکارنۆ کە یەکێک لەپێنج فێستیڤاڵی باشی دنیایە، پێشتریش یەلماز گۆنای چۆتە ئەو فێستیڤاڵە و دوای ئەو من یەکەم کەسم، بەڵام ئەوەش بەلای من گرنگ نییە، ئەوە گرنگە کە توانیمان بچینە فێستیڤاڵێک و پەیامێک کە هەمانبوو و خەڵکانی قوربانی شەڕ و مرۆڤەکانی دوای شەڕ بگەیەنینە ئەوێ، ئەوە بەلای من شتێکی باش بوو، دوای ئەوە لە فێستیڤاڵی داسینۆی رۆمانیا نمایشکراوە، کە دەرهێنەری گەورەی جیهانی تێدایە وەک کاستاریکا، کە فیلمیان هەیە و لە فێستیڤاڵی زوریخ، خۆشم لە ئەورووپا هەوڵمدا لە شارەکانی نەرویج و ئەڵمانیا پیشانی بینەری کوردی بدەم. هاتمە هەرێمی کوردستان لە هەڵەبجە و کەرکووک نمایشمکرد و بەداخەوە لە مەخموور لەبەر بڕانی کارەبا نەیتوانی تا کۆتایی بڕوا، بەڵام ئەوەی ئەوانی سەرسام کردووە زمانە سینەماییەکە و روانینە ئینسانییەکەیە، یانی من ناڵێم فەقەت مەسەلە بابەتەکەیە، روانینێکی مرۆڤانەی یەکجار باشی تێدایە کە رەنگبێ لەزۆر شوێنی تریش وەربگیرێت.

*** دوای وڵاتی ئەفسانە بەرنامەی نوێی کارکردنت لەچی خۆی دەبینێتەوە؟**

– لە راستیدا بەرنامە زۆرە، بەڵام بەعەمەلیکردنی ئەو بەرنامانە رەنگبێ قورس بێ، لەبەرئەوەی سەربەخۆیی لە سینەمادا شتێکی زۆر قورسە، بە تایبەتی لەناو کورد ئێستا زیاتر لە هەموو کاتێک پێویستم بە یارمەتیدان هەیە تا بتوانین شتی باش بکەین و بتوانین پەیامە مرۆڤایەتییەکان وەکو کورد باشتر بگەیەنینە شوێنی باشتر و زۆرترین خەڵک لەو پەیامە ئاگادار بکەینەوە.

*** لە فیلمەکانتدا چەند سوودت لە رۆمانە کوردییەکان وەرگرتووە؟**

– لە راستیدا رۆمان و شتی وا کەم دەخوێنمەوە، بەڵام ئێمە خاوەنی رۆمانی زۆر باشین کە ئیمکانیەتی هەیە ببێتە سیناریۆیەکی باش و لەتەواوی دنیاش ئەوە هەیە کە رۆمان دەکرێتە فیلم، بەڵام ئەوەی بەلای من گرنگە حەزمدەکرد کە ئەوە خەونی (٢٠٠٣–٢٠٠٤)مە، کە حەزدەکەم رۆمانی ژانی گەل من بیکەمە فیلم.

*** ئەی قسەت چییە لەسەر فیلمی ژانی گەلی جەمیلی رۆستەمی؟**

– نەمدیوە.

*** دوای قسەکردن لەسەر ئەو هەموو تەوەرانە، ئاستی ئەکتەری کورد چۆن دەبینی؟**

– ئەکتەری زۆر باشن، بەڵام دەرهێنەری ئێمە دەرهێنەری باش نین لە بەخشینی رۆڵ بە ئەکتەر، لەم پرۆسەیە باش نین و نازانن، ئەوەندەی من بینیومە بۆیە هەر وەختێک فیلمێک دەبینم رقم هەڵدەستێ بەرۆڵبینینی زۆربەی ئەکتەرەکان وەک شانۆ و جۆرێکی تر، کە تۆ وەک بینەر ناتوانی باوەڕ بکەی ئەو کەسە لەو کەسایەتییەدایە، بۆیە پێموایە بۆ ئەوەش دەبێ ئێمە دەرهێنەرمان دەرهێنەری باش بێ، ئەگەرچی لە سیستەمی جیهانیدا راهێنەری ئەکتەر هەیە، یانی مەرج نییە دەرهێنەر خۆی ئەکتەر رابهێنێ، راهێنەری ئەکتەر هەیە، بەڵام تا ئێستا سینەمای کوردی کە سینەمایەکە هەموو کارەکان تێکەڵاوی یەکە و دەرهێنەر خەریکە ئەنجامی دەدا، پێویست بەوە دەکا دەرهێنەرەکانمان ئەرکی ئەو راهێنەرە ببینن، من لە فیلمی (تیرۆریستێک دادەبەزێ) هەموو ئەکتەرەکانم خەڵکی باشووری کوردستانن، بەڵام جوانترین رۆڵ، کە ئەکتەری باشووری کوردستان بینیویەتی لە فیلمی (تیرۆریستێک دادەبەزێ) یان لە فیلمی ئەو پیاوەی چوو بۆ سەیران کە هەموو ئەکتەرەکانیش خەڵکی باشووری کوردستانن، ئێمە ئەکتەرەکانمان باشن، تەنها دەرهێنەرەکانمان سەریان لێ دەشێوێنن.

*** چیترت ماوە...**

– تەنها بەرهەمی کورد سینەمایە و جگە لە سینەما هیچ بەرهەمێکی ترمان نییە لەسەر ئاستی جیهانی، بۆیە داواکارم بایەخ و گرنگی خۆی لەلای سەرۆکی حکومەت و حکومەتی کوردستان و وەزارەتی رۆشنبیری ببێ و ئێمە ببینە خاوەنی کۆمەڵگایەکی شارستانی، چونکە یەلماز گۆنای دەڵێ هەر کۆمەڵگایەک رۆمان و سینەمای نەبێت دوورە لە شارستانییەت.

*** ئەرێ تاکەی هونەرمەندی کورد بڵێ داواکارم لە حکومەت وابکا و وانەکا؟**

– خۆی دەزانی ئەو داواکارمە شتێکی زۆر ناشیرینە، بە تایبەت لە میدیادا، بەڵام چی بکەم زۆری لەسەر بڕۆم دەڵێن تۆ کابرایەکی رۆژهەڵاتییە ئێرە دەڵێی چی کە پێشیان گوتووم.

*** بۆ وایان پێگوتی کورد هەر کورد نییە؟**

– نەخێر، کورد هەر کورد نییە، ئەگەر کوردبم و بەکورد و سینەماکاری کوردم بزانن واناکەن و ئەوە هەڵسوکەوتیان نابێت، من لەوێ فیلم دەهێنم بە پارە و ئیمکانیەتی خۆم بەرهەمی دێنم و دەیهێنم لێرە نمایشی بکەم، تەنها سکرین و هۆڵم لێیان دەوێت، دەڵێن کێ سەیری سینەما دەکا، دڵت دەشکێنێ و دەتنێرێتەوە، ماوەیەکە من کێشەم بۆ دروستبووە، کە ئایا منیش بەشێکم لێرە یان نا، دەبینم بەشێک نیم، هەر بەزۆر بڵێم بەشێکم، نەوەڵڵا بەزۆر پێمدەڵێن تۆ بەشێک نی لە ئێمە، بەڵام هەندێک بابەت هەیە من ناتوانم لێی بگوزەرێم، ئەویش کێشە ئینسانییەکانی وەکو ئەنفال و ئەو کارەساتانەی بەسەر ئەو میللەتە هاتووە، بۆیە هەست بە ئەرکێک دەکەم لەسەرشانی خۆم، کە دەبێ کاربکەم بۆ ئەوانە، رەنگبێ لە پێناو ئەو هاتووچوونەدا جۆرەها جار موستەقیم و غەیر موستەقیم کێشەمان بۆ دروست بکرێت و بەجۆرێک سەیرمان بکرێت.



رەحیمی زەبیحی - ٢٠٠٨

بەشی دووەم و کۆتایی

# پرۆفیسۆر مارف خەزنەدار لە ئاڤێستا

**ڕاگەیاندنی بەدرخان**

بڕیارە ئەمڕۆ ٢٠٠٩/١/٨ کاتژمێر ٣,٣٠ ی دوای عەسر لقی هەولێری ناوەندی ئاڤێستا ئێوارە کۆڕێک بۆ پرۆفیسۆر مارف خەزنەدار ساز دەکات.

ئەمڕۆ کاتژمێر ٣,٣٠ لە هۆڵی هوتێلی چوارچرا لە شاری هەولێر، لقی هەولێری ناوەندی ئاڤێستا ئێوارە کۆڕێک بۆ پرۆفیسۆر دکتۆر مارف خەزنەدار لەژێر ناونیشانی "کورد لە یەکیەتی سۆڤیەت و روسیای ئێستا" سازبکا و تێیدا پرۆفیسۆر مارف خەزنەدار بەتێروتەسەلی باس لەو بابەتە دەکا و هێژای گوتنێیە پرۆفیسۆر مارف خەزنەدار، چەندین ساڵی تەمەنی خۆی لە رووسیا بەڕێکردووەو شارەزاییەکی زۆر وردی لەسەر ئەدەبی رووسی و کوردەکان و مێژوونووسانی رووس و کورد و چەندین بەرهەمی لە یەکیەتی سۆڤیەتی جاران نووسیوەو چەندین بابەت و کتێبی لە رووسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، بۆیە لەجێی خۆیەتی تێڕوانینەکانی مارف خەزنەدار سەبارەت بە سۆڤیەت و روسیا دەروازەیەکی ئەکتیڤ و باش بێ بۆ سیاسەتمەدارانی کورد. هاتنیش بۆ هەموانە.

جێی ئاماژەیە دوای ئەوەی لقی هەولێری ناوەندی ئاڤێستا کۆڕێکیان بۆ مەزهەری خالقی و نەزەند بەگیخانی سازکرد، ئەوا ئەمجارەش کۆڕ بۆ پرۆفیسۆر دکتۆر مارف خەزنەدار ساز دەکات، بەناوی بەدرخانەوە دەستخۆشی لە ناوەندی ئاڤێستا دەکەین.

شایەنی گوتنە، مارف خەزنەدار لەم چەند رۆژانەدا بیرەوەرییەکانی خۆی بە ناوی "رۆژگاری من" لە دوو بەرگی قەشەنگدا، کە لە حەوت بەش پێکدێت دەکەوێتە بەردەستی خوێنەران.

# قەمەرنازو وەرزێکی بەفراوی

**مەهستی**

تۆ لەشەوێکی ریش سپیداو
ئەو شەوەی کەسێک ئەیڕوانی
پڕبوو لەسپێتی ریش سپی و
ماچی سروشت و
ناودەستەکان
سپێتییەکی کامڵ تیرۆرۆ
بوویت
بەشەمەندەنەفەری ئەشک
بێ دەنگ بە هاوڕێ
خیانەت بۆ من و تۆ
زووبوو رازی بوو بژی
ئەردەڵانی گەڵا ...
واز لەپێکەنینە ساردەکەت
بێنەو
قەسیدەیەک بێ سنوورێتی
لەحەیرانی پیاوێکی تەنها
بنووسەوە
ئەمە سێهەمین گەڕانەوەی
کلیتنێتی
پەڕاوەکان ئاخر نامەکانی
نامەکانی بەفر هێمنتر
لەنازناوەکەت دائەخورپێن
بەبە خەبەر کردنەوەی

حەرفەکانی ئەبەدیەت
قەیسەری هەڵاڵە
نازانم ئەمجارەیان
لەنامەیەکی
بەفراویدا ئاگادارم کردیتەوە
من موسافیرێکم وەریوم
کاروانم بەرەو
تێرامانتەو بەنیازم پڕبم
لەدەروونی چاوت
ئەی ناترسیت نابینا بم
بەهەموو
ئەو دیاریانەی سەرتاپایان
هەرگڵێنەن
من گەشتم لەگۆشەگیری
دنیادا
نمەنمە بارانێکی تەلیسماوی
و پڕ لەساردی
پەرتەوازەیان کردمەوە
هاژەی چەترەکەم ئەمبینێ
بارانەکە ڕایوەشاندووم
پەرێشان دائەباری
لەخەونی دۆڕاوێکی ئەکرد
نبیل ریحان نزام بۆ کردی
زانیم هێشتا نەوەریویت؟!

# پاڵەوانی چیرۆکەکان

( ١ )
لەوانەیە تا بە ئێستا دەگا
هیچ کەسێک بە تۆی نەگووتبێ !
بەڵام دەخوازم بزانی ...
مەزنترین ئەو شانسەی
دەوروبەرت
بەدەستی هێناوە،
لەدایکبوونی تۆ بووە !
بمبوورە کە زوو بۆم نەدرکاندی
( ٢ )
ئەو دەمەی
کەئازاری چرنووکی ژیان
بەسەر رەگی ئارەزووەکانتەوە
هەستپێدەکەی
بیهێنەوە یادت ....
کە جوانی نەیزەکەکان
لەشکانی دڵی ئەستێرەکانەوە
دێ !
( ٣ )
سەفەر بەلای منەوە
بێجگە لە دڵتەنگی، هیچی تر
نابەخشێ ....
بەڵام ژیان ئەوەی فێرکردم
بۆ ئەوەی شتەکان مەزنتر و
شکۆدارتر ببینین
دەبێ برێک لێیان دوور
بکەوینەوە !
( ٤ )
بەهەزار و یەک فێڵ
لقە گوڵێکی نایلۆنم
لە نێو چەپکە گوڵەکانی نێو
گوڵدانەکەتدا
شاردەوەو، .......
لەدەفتەری بیرەوەریەکانتدا
نووسیم :
(( تۆم خۆشدەوێت،
تا ئەو دەمەی
دواگوڵی نێو ئینجانەکە
هەڵدەوەرێت ! ))
( ٥ )
بەسەرکەوتنی پاڵەوانی
چیرۆکەکانت
هەردەم بەئومێدبە
چونکە نائومێدی ..
لەو درۆیە دەچێ، کە باپیرەکان
لەبارەی جەنگی یەکەمی
جیهانیەوە
دەیگێڕنەوە !
( ٦ )
دەڵێن فریشتەکان
بەزەیی خواوەند بۆ ماڵەکانمان
دەگوازنەوە .....
چەند بە چێژە
بینینی فریشتەیەک،
لەو دەمەدا
کەدەرگای دراوسێکەمان دەکوتێ

**دەق : میلاد تارانی**

**وەرگێڕانی : خدر ئیبراهیم خدر**

# TheTroubadour شایەرێکی میللی- کورتە چیرۆکێکی ئۆ هینریە

**و لەئینگلیزییەوە: مستەفا رابەر**

سام گالۆی گۆرانی بێژێکی میللی بوو لەدەشت و لادێکانی تەکساس و ئوکلاهۆما دەسوڕایەوە، موسیقای بۆگۆند نشینەکان لێدەدا، حیکایەتی دەگێڕانەوە

سەربردەی رۆژە تاڵ و شیرینەکانی خۆی بۆ خەڵک باس دەکرد خاوخێزانی رەوەندو لادێ نشینەکان حەزیان دەکرد گوێی لێبگرن. سام نان و خواردنەوە و خانەخوێی بەو کاروپیشەیە پەیدا دەکرد... ئەم هاوینە گەرمە لە کێڵگەکانی میریدیوس لەتەکساس بەسەر دەبەین خەڵکی میریدوس زۆرخاسن کێڵگەکانیان گەورەنبەزۆری خانو نشینن بەدەنگەدەنگ و قاوو قیژن.. پاش ئەوەی شەش هەفتەی تەواوی لەماریدیوس بەسەربرد، سام بزگورەکانی خستەسەرپشتی وڵاغەکەی بەرەو شوێنێکی تازە بەری کەوت بەنیازی ئەوەی بچیتەشوێنێک کە قاوەی تاڵ و خواردنی چەورو خەڵکێکی هێمن و ئارامی لێ بێت.

پاش ئەو نیوەڕۆی ئەو رۆژە بەرە بەرەی خۆرئاوابون، سام گەیشتە هەوارو بنەگەی ئەلەسنی مەڕدار، ئەلەسن و پیاوەکانی زۆر کەیف خۆش بوون بهاتنی ئەومیوانەتازەیان سام و ئەوان ئێواران لەدەوری مێزێکی گەورەدادەنیشتن پاش خواردن و خواردنەوەوەیەکی تێروتەسەل. گوێیان لەمۆسیقاو حیکایەتی بەلەمە کۆنەکەی سام دەگرد، مستەر ئەلەسن شوانکارەیەکی زۆرکارامەو زرینگ بوو، بەڵام ئێستا لەسەرشنگ و تاقەتی جارانی نەماوەوبەساڵا جووە. بەهۆی لەوەرگاو مێگەلە مەڕەکەی تووشی کێشەهاتووە، گیروگرفتی لەگەل بانکیش هەیە. دەستی کورت بووە پارەی تەواوی لەدەست نییە بۆ مەسرەفی رۆژانە بۆ خواردن و خواردنەوە، بۆ کرینی کەل و پەل و پێداویستییەکانی ناوماڵ ئێواران بیری لەو گیروگرفتانەی دەکردەوەو دەیگوت نازانم چی بکەم چۆن چارەیان بۆ بدۆزمەوە، هەرچۆنی بوو گوێی لەبەندوبالۆرەکانی سام دەگرت دەیگوت بەڵکو سبەی باشتر دەبێ، بەڵام سبەیشی قەت باشتر نەبوو.

سەرلەبەیان مستەر ئەلەسن بەسواری ئەسپەکەیەوە بۆ سەردانی رانەمەڕەکەی بەرەو کێڵگەکەی رۆیشت لەرێگادا توشی سوارێکی باڵا بەرزی جحێڵ هات، ئەلەسن پێی گوت بەیانی باش.... بەیانی باش.... پیاوە جحێڵەکە وەڵامی داوە.

تۆ پیتەر ئەلەسنی ؟ ئەلسن گۆتی بەڵێ خۆمم، ئەگەر هەرخزمەتێکت هەبێ.

من ناوم جەیمس کینگە، بەڵام خەڵک بەزۆری بانگم دەکەن کینگ جەیمس، ئەم کێڵگەو پاوان و لەوەڕگایەی دەیبینی هەموی هی منن، بەس من حەزناکەم ئەم رانە مەڕەت لەم نزیکانە بێت لێرەیان دوربخەوە، دەنا هەموویان دەکوژرێن

بەڵام مستەر کینگ من جێگایەکی تر.. ئەلەسن ویستی قسەکەی تەواو بکات، بەڵام جەیمس گوێی نەدایێ گۆتی. یەک هەفتەماوەت دەدەمێ ئەلەسن تەنیا حەوت رۆژو بەس، خوات لەگەل.

مستەر ئەلسن لەزووییکی ئێوارێ گەیشتەوە ماڵ، کپ وئارام بوو بەڵام چاوەکانی خەمیان لێدەباری بەسەرپێوە کەمێک خواردنی خوارد، پاشان لەگەل سام گالۆی لەسەر مێز رونیشت، سام هەندێ موسیقای لێدا هەندێک وەستا بەمستەر ئەلەسنی گۆت پێم نالێی بۆچی ئەم ئێوارەیە وا بێتاقەتی؟ هیچ کێشەت هەیە؟

(شایەرەکان شارەزاییان لەکێشەی شوانکارەو مەڕدارەکان هەیە)..

بەلێ: کێشەیەکی گەورەم لەگەڵ کەسێک بەناوی جەیمس کینگ هاتۆتەپێش.

ئۆە. کینگ جەیمس دەیناسم لەهەموو لایەکی تەکساس خەڵک باسی دەکەن، ئەو مەڕوماڵاتێکی زۆری هەیە، پارەپولێکی زۆری لەبانکەکانی وڵات داناوە، پیاوێکی شەڕودڕە خۆتی لێ لادەو توخنی مەکەوە.

مەڕەکانم لەئاقاری جەیمس کینگ نزیکن، ئەو حەزناکات مێگەلە مەڕەکەم لەوێ بلەوڕێن، منێش هیچ لەوەڕگایەکی باش شک نابەم ئەوە کێشەکەمە، بەڵام سام بزانە ئەوە کێشەی تۆ نییە.

تکایە هەندێکی تر مۆسیقامان بۆ بژەنە.. سام دەستی کردەوە بە موسیقا لێدان، بەڵام ناوە ناوەسەیرێکی پیرەشوانکارەی کرد. دەیگوت کینگ جەیمس کێشەیەکی گەورەیە بۆ پیرە ئەلسن.

سەرلەبەیانی ئەلسن سەردانی بانکی کرد هەروەها سەردانی ئەو دوکانەی کرد، کە شتومەکی لێدەکری بەدوای چارەسەری کێشەکانی دەگەرا قسەی لەگەل پووش و پاواندارەکان کرد، بەڵام هیچ وەڵامێکی دروستی دەست نەکەوت، زۆر نائومید بوو، سەرلەئێوارێ ئەلسن بەشوێن مێگەلە مەڕەکەی دەگەڕا لە هیکرا تووشی بوو بەتووشی کینگ جەیمس لەناو کێڵگەکانەوە بەرەو روی دەهات

کابرای جحێل گۆتی پاش نیوەرۆت باش مستەر ئەلسن.. راوەستە دەمەوێ چەند قسەیەکی تایبەتیت لەگەڵ بکەم.

ئەلسن گۆتی بەداخەوە مستەرجەیمس قسەی چیم لەگەڵ دەکەی، من هەروا خەریکم شوێنێکی تازە بۆ مەڕەکانم پەیدا بکەم، دەگەڕێم هەتا ئێستا دەستم نەکەوتووە.

جەیمس کینگ گوتی: من نامەوێ باسی مەڕەکانت بکەم هەندێ پرسیاری تایبەتیم هەیە دەربارەی خودی خۆت ؟

یەکەم: تۆ خەڵکی جاکسون میسیسیپیت؟

بەڵێ من بیست ویەک ساڵ لەوێ ژیاوم ئەلسن وەڵامی داوە.

دیسان جەیمس پرسیاری کرد تۆ لەجاکسون بنەماڵەی ریڤیز دەناسی ؟

ئەلسن لەوەڵامدا گووتی: بەڵێ خاتوو کارۆلینا ریڤز خوشکی تاقانەی منە کینگ جەیمس گوتی تکایە مستەر ئەلسن باش گوێم لێبگرە من ئەورۆژەسەختانەی ساڵی ١٩٠٢ م لەبیرە..زستانێکی ساردوسڕ بوو تەمەنم پانزە ساڵ بوو کە هاتمە جاکسن، بێکەس وکار بێ پارەوپوڵ، بێخواردن، ئەوە بوو خاتوو کارۆلینا منی لەسەر شەقامی شارەکە دیت و بردمییەوە مالی خۆی، نانی دامێ قاپوتێکی گەرمی کردەبەرم، پێلاوێکی باشیشی پێ دام پاشان ئەوخانمە کارێکی بۆ پەیداکردم، لەئوتێلی جاکسن هەموو یەک شەمانیش دەچومە ماڵیان ئەو ژنە زۆر بەکەلکم هات بە تەواوەتی ببووە کەسو کارم. لەساڵی ١٩٠٧ هەندێ پارەم لەبانک هەبوو لەگەل خاتو کارۆلینا باسی پلانی خۆمم بۆکرد ئەو باش گوێ لێگرتم هەندی پارەشی دامێ هەروەها سەعاتێکی زێڕیش ئەنجا خواحافیزیم لێکرد و چوومە تەکساس یەکەمجار کێڵگەیەکم کڕی لەگەل چوار سەر مەڕ، ئەمڕۆ دەبینی کێڵگەو مەڕوماڵاتێکی زۆرم هەیە بەهۆی چاکەی خاتوو کارۆلینا کە رۆژێک لەرۆژان لەساڵی ١٩٠٧دا یارمەتییەکی زۆری دام، دەمەوێ ئێستا پاداشتی چاکەی ئەو بدەمەوە، من کێڵگەوپووش و پاوانم زۆرە با رانە مەڕەکەت هەر لێرە بێت پێم بڵێ ئەگەر کێشەی پارەوپولت هەبێ ئەوەبوو پیرەشوانکارە کێشەکانی خۆی بۆ جەیمس کینگ باس کرد. جەیمس گۆتی لەم رووە تۆ هیچ کێشەیەکت لەگەڵ بانک نامێنێ هەروەها گرفتەکانی کێڵگەشت بۆ چارەسەر دەکەم، هەر بەیانی دوو هەزار دۆلارت بۆ لەبانک دادەنێم، قسەش لەگەڵ مستەر برۆکی و خاوەن دوکانەکان دەکەم. پارەیان ئەدەمێ بۆ دابینکردنی کەل وپەلو پێویستییەکانی ناوماڵت تۆ برای خاتوو کارۆلینای ئەوەش بەلای منەوە زۆر گرینگەو تایبەتمەندی خۆی هەیە.

مستەر ئەلسن بەسەرودڵێکی خۆش گەڕاوەماڵ حەزی دەکرد هەندێک گوێی لە موسیقا بگرێ، بەڵام سام گەلەوی لەوێ نەبوو. سەر لەئێوارێ ئەلەسن خەریکی قاوەفڕکردن بوو کاتێ سام وەژۆرێ کەوت...ئەلەسن پێی گۆت بەخێر بێیتەوە..ئەوە لەکوێ بووی وا درەنگ گەڕایەوە، ناشێ ئەمڕۆ چووبیت بۆ شارۆچکەی فیریۆ. دەی ئەمڕۆ دڵم زۆرخۆشە، کەمێک مۆسیقام بۆ لێدە بەتەمای ئەوەم بەیانیم رۆژێکی نوێ بێت.

بەڵام سام ئەو شەوە دەستی بۆ ئامێری مۆسیقاقەکەی نەبرد، موسیقای نەژەند لای مێزەکە دانیشت سەیرێکی مستەر ئەلەسنی کرد و گوتی: بەڵێ ئەمڕۆ چووم بۆ فەریۆ کێردە گەورەکەی تۆم لەناو گیرفانی قاپۆتەکەم هەلگرتبوو، کینگ جەیمسم لەئوتێلەکەی پشتی هۆلی شانۆکە دۆزییەوە. دەستی بۆ چەقووەکەی خۆی برد، بەڵام من لەو بەدەست و بردتر بووم.

بەیانی تۆ هیچ کێشەو گیرو گرفتێکت لەگەڵیدا نابێ ئەو مرد.


مستەر ئەلەسن تاوێک سەرسام بوو پاشان سەیرێکی سام گەلەوی کرد ئێستا دەتوانی تۆزێک مۆسیقامان بۆ بژەنیت من ئەم ئێوارەیە سەرم لە هیچ شتێک دەرناچی مەگەر بەیانی !

# نۆڤلێت (٢)

## خەرەندەکانی سنوور

سەیربوو ساتێکی کەمی نەبرد، دنیای ژوورەکە کشومات دەهاتە بەرگوێم، وەک ئەوەی لە بیابانێکدا فڕێیان دابم، نقە و پێخۆست و هەناسەی هیچ کەسێکم نەدەبیست، ترسێک، هەر لەو مارە دەچوو، خێرا خۆی بکا بەنێو قەڵشی بەردێکدا، بەنێو گیانمدا هەڵگەڕا، لەناخمەوە دەنگێکی قەبەی عاسێبووی نێو خەرەندێکم گوێ لێ بوو، هاوارێک هاتە بەر گوێم، هەر لەهاوار و پاڕانەوەی کەسێکی دەکرد لە سەرە مەرگ دابێ، من وامدەزانی لەو ژوورەدا کەسانێک هەن، چاوەڕێی ئەوەن، رەفتارو گوفتارێکم لێ بەدی بکەن، هەستم دەکرد هەر هەموویان بۆ ساتێک هەناسەیان لە خۆیان بڕیوە و چاویان لەنێو جەستەمدا چەقاندووە، من هیچم نەدەبینی، بەڵام قورسایی هەموویان بەسەر لەشمەوە بوو، لەنێو ئەو تاریکییە چڕو خەستەدا، دەموچاوی زەبەلاحی پڕ خوێنی ئەوانم دەدیت، دەمدی کە چۆن، پەنجە ئەستوورو بەرد ئاساکانیان بە ردێن و سمێڵە ئاوێتەبووەکانیان دادەهێنا، من چاوەڕوانی ئەوە بووم، زللەیەک، پێلەقەیەک، تفێک، بەنێو چاوانم بکەوێ، کەچی ئەوان هەر لە بێدەنگیدا مابوونەوە، هەر بێهەست و بێنقە بوون، لەناکاو ئەمجارەیان، دەنگێک وەک کولە تیغێک ڕۆچووە گوێچکەکانم، لەگەڵ ئازاری دەنگەکە راچەنیم، گوێم لێبوو ئەو هاوڕێیەی، کە لەگەڵ من گیرابوو، لە شوێنێکی دیکە، وەک ئەوەی لەو دیوی ژوورەکەی من بەسترابێتەوە، هاواری دەکرد، دیمەنی لێدانەکەیم دەهاتە بەرچاو، سەرو سیمام وادەبینی، کە جێ پەنجەی زللەکانی پێوە دیاربێ، پێدەچوو، بە ئانقەست لەو دیو ژوورەکەم ئازاری بدەن، تاکو بەهاواری ئەو، من بترسێنن، لەوە دەچوو ئەو شوێنەی منیان لێدانابوو، ژوورێک بێ و پەنجەرەکەشیان بۆ ئەو مەبەستە کردبێتەوە، کە گوێم لە هەموو شتێک بێ، گوێم لێبوو کەچۆن دوای هەر زللەیەک، کەمێک دەوەستان، بەڕوونی دەمزانی چی پێدەڵێن و ئەویش چی دەڵێ...هاوڕێیەکەم پێدەچوو زۆر بەخێرایی بیەوێ لەدەست ئەو ئەشکەنجەیە ڕزگاری ببێ، ئەوان چەند جارێک پێیان وت:تۆ سیخوڕیت! دەزانی سیخوڕ چ سزایەکی هەیە؟! من وادەهاتە بەرچاوم کە لەپەنجەرەیەک بەسترابێتەوە و کەسێکیش ناوە ناوە بە قامچی و شەقازللە بکەوێتە سەری، من ئەگەرچی لە نێو تاریکیشدا خنکێنرابووم، کەچی لەگەڵ هەرهاوارێکی ئەو هاوڕێیەم، کەسێک بەچەقۆیەکی خوێناوی جەستەمی هەڵدەکۆڵی، بەهەناسەیەکی پڕ لە تورەییەوە پێی دەوتم(هەرچی هەتە زوو بیڵێ، ئەگەرنا وەک هاوڕێیەکەت ناچارت دەکەین بیڵێی) من لەوە دڵنیا بووم تازە ئیدی چارە نووسم لە مەترسیدایە، زۆر زەحمەتیشە بەئاسانی لەدەست ئەوانە ڕزگارم بێ، تازە کەوتوومەتە دەستیان، ئەو نامەیەش کە لە گیرفانمدایە، هەموو ڕێگایەکی قورتاربوونم لێدەگرێ، من بۆچی ئەو نامەیەم لەو برادەرە وەرگرت، بۆ دەبوایە ئەمڕۆ بیداتە من؟ ئەو نامەیە هەموو شتێکی تیایە، دڵنیام، ئەوەی پەیوەندی بەمنەوە هەبێ، بۆ هاوڕێیانی شاخ نووسراوە، ئەگەر سەعاتێکی دیکە نەگیرابام، ئێستا ئاودیو ببووم، حەتمەن ئەوانە لە مێژە چاودێری ئێمە دەکەن، ئاگایان لە هەموو هەڵسوکەوتی ئێمە هەبووە، من ئەگەر ئەو دەقەیە نەچووبومایە، دوکانی ئەو هاوڕێیەم، ئێستا لێرە نەدەبووین، لە هاوار و ئاخ و ئۆفی هاوڕێیەکەم، کە دیاربوو لێی نەدەگەڕان و سوور بوون لەسەر ئەوەی هەموو شتێک بڵێ، تا دەهات ترس و تەنگەتاویان بۆمن زێتر دەکرد، من زیاتر لەو نامە نەعلەتییەی نێو گیرفانم تۆقیبووم، دەمزانی ئێستا دێن و دەری دەهێنن و ناچارم دەکەن هەموو شتێکیان پێ بڵێم، من خۆم تەندروستیم زۆر خراپ بوو، بەڵام بۆ ئەوان هیچ بایەخێکی نەبوو، ئەو نامەیە بۆ خۆی هەموو شتێکی تیابوو، هەرچەندە هەوڵی نکۆڵی کردن و خۆ لێگێلکردنیش بدەم، بۆ ئەوان وەک ئەوە وایە ماندوویان بکەم و گاڵتەیان پێ بکەم، ئەوان بەدوای دەرکێشانی ئەو دەنگ و بەڵێنە نهێنی و شاراوانەی نێو دەروونمدا دەگەڕێن، گەڕەکیانە بە ئاسانی هەموو شتێکیان پێ بڵێم و ڕزگاریان ببێ، چۆن بتوانم لەدەست ئەم نامە نەگریسە کە دان بە هەموو شتێکمدا دەنێ، قورتارم بێ؟ دەستێکم لە خۆڕا بەرز بۆوە، کەمێک پشدێنەکەم لەسەر چاوم لابرد، هێندێک بەردەمی خۆمم بینی، کەسێک بەلامەوە نەهات، سەرم بەرز کردەوە هەوڵم دا لەوشوێنەی کە دانیشتبووم شتێک ببینم، کەسێکم نەبینی تەنیا مێزێک و دوو کورسی، مێزێکی کۆن، هەر لەو مێزانە دەچوو، کە لەکۆنە چایەخانەکان دانراون و تاوڵەو دۆمینەی لەسەر دەکەن، لە شوێنی خۆم جوڵامەوەو هەڵسامە سەر پێ، هیچ کاردانەوەیەکم نەبینی، زانیم ئەو ژوورەی لێیان داناوم، کەسی تیا نییە، ڕەنگبێ بۆ چاوەڕێ کردن بێ، لە درزی نێوان ڕوومەت و پشدێنی سەرچاوەکانم، ئەرزی ژوورەکەم بینی، کونی ئاوەڕۆیەکم لە تەنیشت پێچکەی کورسییەک هاتە بەرچاو، خێرا نامەکەم لە گیرفانم دەرهێنا، ویستم بیخەمە نێو کونەکە، کەچی لەیەک لەحزە ڕایەکەم گۆڕی و خستمە نێو دەمم، چەند جارێک هەوڵمدا قووتی دەم، نەمتوانی، نامەکە زەحمەت بوو بە گەروومدا بچێتە خوارەوە، بەپەلە دەرمهێنایەوە، خستمەوە ناو گیرفانم، دەستم بۆ گیرفانەکەی دیکەم برد، ناونیشانی هاوڕێیەکی دیکەم لابوو، کە لە شارێکی دیکە دەژیا، ناونیشانەکەم لەسەر پارچە کارتۆنێکی بچووک نووسیبوو، نەخشەی ماڵەکەشیانم بە قەڵەم ڕەساس کێشابوو، پارچە کارتۆنەکەم دەرهێناو بەخێراییەکی زۆر، خۆم شۆڕکردەوە، خستمە نێو کونی ئاوەڕۆکە، هەرزوو کونەکەشم بەپێ داپۆشت، لەپڕ وەک ئەوەی کۆمەڵێک کەس، لەیەک کاتدا، لەسەر بانێکەوە هەڵبپەڕن، ڕمب، ڕمب، ڕمب...دەرگایان کردەوەو گەیشتنە سەرم، من دەم و چاوی ئەوانم نەدەبینی، بەڵام دەمزانی هاتنیان بەو شێوەیە، دەبێ شتێکیان بینیبێ، ئەوان بێ ئەوەی هیچ پرسیارێکم لێبکەن، دامیانە بەر پێلەقەو شەپازللە، یەکێکیان بەپەنجە ئاسنینەکانی، گوێچکەیەکی ڕاکێشام و وتی:(سەگباب...چیت خوارد؟!) من وەک ئەوەی لە هیچ تێنەگەم، لێوەکانم لێک نەترازاندن، ویستم بڵێم دەمەوێ جگارەیەک بکێشم، بەڵام نەموت، ئەوان وەک ئەوەی دڵنیابن، کە شتێکم قوت دابێ، بەناچاری پشدێنەکەیان لەسەر چاوم لادا، یەکێکیان کە گەنجێکی ڕەشتاڵەی بەڕیش و سمێڵ بوو، بەئیشارەت پێی وتم:ئەو شتە چی بوو کە قوتمدا، منیش هەر بە ئیشارەت تێم گەیاند، کە هیچم قوت نەداوە، ویستوومە جگارەیەک بکێشم. لەودەمە نامەکەی لە گیرفانم دەرهێنا و بەخەندەیەکی پڕ لە جوێن و سوکایەتی پێکردن پێی وتم:کوڕی سەگ دەتویست ئەم نامەیە قوت بدەی؟! منیش بۆ ئەوەی لەوە تێبگەن، کە هیچم قوت نەداوە، چەند جارێک هەر بەزمانی کوردی سوێندم بۆیان دەخوارد، سەرم بۆ ئاسمان بەرز دەکردەوە، کەچی ئەوان نەک هەر باوەڕیان بەقسەکانی من نەدەهات، بەڵکو یەکێکیان بەگاڵتە پێکردن و پلارەوە لێم نزیک بۆوەو وتی:(کام خوا، ئەوەی من یا ئەوەی تۆ؟!) من هیچ وەڵامێکم نەداوە، هەستم کرد کار لەکار ترازا، هەموو ئەوانەی لە ژوورەکەمدا بوون لەبەرچاوم بوونە کۆمەڵێک باڵندەی ترسناک، کە لەهیچ باڵندەیەکی سەر زەمین نەدەچوون، سەرو کەللەیان لە مرۆڤی دەکرد، دوو باڵی لە موو خوڵقاو، دەندوکێکی تووڕە، چوار قاچی توندوتۆڵیان هەبوو، هەمویان پێکەوە وەک مرۆڤ دەیانقیژاند، چاویان لەدوڕ چاوەکانم چەقیبوون، ئەو مێزو کورسیانەی لە ژوورەوە بوون، یەکڕاست ببوونە سێدارە، هەمویان بە قاچەکانیان بەرزیان کردمەوە، خستمیانە سەر سەری خۆیان، بەو قیژە ترسناکەیانەوە منیان ڕاپێچی دەرەوە کرد، فڕێیان دامە ناو پشتی پیکابێک، دوان لەو باڵندە وەحشیەتناکانە سەرکەوتن، هەرچەندە هاوارم کرد (چیم لێدەکەن بۆ کوێم دەبەن؟) گوێیان پێنەدام، ئەوان دەیانزانی دەچنە کوێ، منیش هەر ئەوەندەم دەزانی، لەوێ دوورم دەکەنەوە، لەنێو پشتی پیکابەکە لەسەر سک ڕاکشابووم، وەک مردووێک فڕێدرابوومە نێو ئۆتۆمبێلەکە، ناوە ناوە هەستم دەکرد پێلەقەیەک بەپشتم دەکەوێ، لەوە دەچوو بواری ئەوەم پێنەدەن بیر لەهیچ شتێک بکەمەوە، مەبەستیان ئەوە بوو قورسایی ترسەکە بەسەر جەستەمەوە بمێنێ، من ئەو کاتە خۆم وەک مرۆڤێک نەدەهاتە بەرچاو، دەمزانی لە شتێک دەچم تەنیا لە مرۆڤ نەبێ، دەمزانی لە ئاژەڵێک دەچم، کە لەشەڕ دۆڕاندبێتی و بەبریندراری کەوتبێتە دەست ڕەقیبەکانی، هەر بەڕاستی ئەوان ئەو باڵندە دڕندانە بوون، کە منیان بە چۆک داهێنابوو، منیش ئەو ئاژەڵە بووم کەوتبوومە ژێر پێکانیان، کە سەیری ئەوانم کرد ئەوان لەتەنیشتمەوە دانیشتوون، بەزەینم داهات ئێستا نا کەمێکی دیکە لەشار دوورم دەکەنەوەو لەوێ هەنجن بە هەنجنم دەکەن و لە دووری ڕێگاکەش فڕێم دەدەن، ئەو چەکەی بەدەستی هەردووکیانەوە بوو، لەبەر چاوم ببوونە دوو شمشێر، شمشێرەکان هێندە ساف و ڕوون بوون، سەرو سیمای خۆمم تیا دەبینی، لە شمشێرێکیان نزیک بوومەوە، لە جیاتی دوو برۆ چوار برۆم هەبوو، چاوەکانم هەر لەو چاوانە دەچوون، کە ئەگەر یەکێک بیان بینێ وا دەزانێ ئیزرائیلی دیوە، من خۆم لە دیمەنی خۆم دەترسام، دەستێکم بۆ شمشێرەکە برد، چەکدارەکە یەکسەر دوور کەوتەوە و هاواری کرد:

(چ دەکەی؟!) ئەوەی دیکەیان هەتا لە توانای دابوو زەبرێکی تێوەشاندنم، نەمزانی چی بوو، بە پشتم کەوت، بەڵام هەر ئەوەندەم هەست کرد من لەسەر قەرەوێلەیەک درێژ کراوم و کەسێکی جل و بەرگ سپی بەسەرمەوەیە، بە دیقەت تێی وەرامام، دەتوت پێش ئێستا ئەو کەسەم بینیوە، خەندەیەکی بۆ فڕێدام، خەندەکەی پڕبوو لە سۆزو هاودەردی، ویستم قسەیەک بکەم، زمانی خۆم گرت، کەچی ئەو دەمی کردەوە، بەزمانی عەرەبی قسەی لەگەڵ کردم، عەرەبییەکەی تەواو لە یەکێ لە شێوەزارەکانی عەرەبی عێراق دەچوو، کە قسەی لەگەڵم کرد، چەند جارێک ئاوڕی لەدەوروبەری خۆی دەدایەوە، پێی وتم:(خەڵکی کوێی؟) منیش تێم گەیاند، کە ماوەیەکە هاتوومەتە ئێران بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانم...من خەڵکی کوردستانی عێراقم...کوردم....لە خۆڕا منیان گرتووە...هەر ئەمڕۆ منیان گرت و لەژوورێک دایاننام، ویستم جگارەکیەک بکێشم بۆم هاتنە ژوور، لەگەڵ ئەوەی لێیان دەدام، دەیان گوت چیت خوارد، چیت قوتدا؟ دکتۆر دەتوانیت لەدەست ئەوانە ڕزگارم کەیت؟ دکتۆرەکە وەک تەنیا ئەو ئەرکەی پێ ڕاسپێردرابێ، کە چارەسەری من بکا، بێ ئەوەی هیچ قسەیەکی دیکە بکات بینیم دەرزییەکی بۆ ئامادەکردم، لێم نزیک بۆوەو داوای لێکردم، کە شەلوارەکەم بێنەمە خوارەوە، بەر لەوەی دەرزییەکەم لێبدا، لێی پاڕامەوە، کە پێم بڵێ بۆچی ئەو دەرزییەم لێدەدا، تەنیا ئەوەندەی وت:(تۆ ماندوویت) وامدەزانی دەیانەوێ بەم دەرزییە هەموو شتێکیان بۆ ئاشکرا بکەم، زۆر ترسام، بە دکتۆرەکەم وت: داوای چیم لێ دەکەن، دکتۆرەکە بەسەر وەڵامی نەزانینی خۆی بۆ چارەنووسی من نیشاندا، لە دەم و چاوی دکتۆرەکە، ئەوەم خوێندەوە کە ئەوانە بە ئاسانی دەستبەردارم نابن.



کاروان عەبدوڵڵا

# دامەزراندنی ئیسناد بەپێچەوانەی دەستورە !!


چەکدارانی ئیسناد

**بەدرخان**

لەناو هەموو میللەتێک کەسانێک هەن هەردەم بەپێچەوانەی ویست و ئارەزووی زۆرینەی میللەت هەڵسوکەوت دەکەن .ئەمانەش کەسانێکن مەرام و بۆچوونی تایبەتی خۆیان هەیە یا ئەوەتا کەسانێکی دابڕاون لەرووی کۆمەڵایەتییەوە. یا ئەوەتا لەپشت خۆفرۆشتن و چوونەریزی نەیاران مەبەستی ئابووریان هەیە دەیانەوێت بە شێوەیەک برێک لەپێویستییەکانی ژیانیان دابین بکەن .واتە بژێوی ژیانی خۆیان یا ئەوەتا مەسەلەی دوژمنایەتی هەیە دەیەوێت بەهۆی ئەمەوە بەدوای کێشەکاندا بڕوات.

هەرچۆنێ بێت هەبوونی ئەم جۆرە کەس و لایەنانە مێژوویێکی دوورو درێژی هەیە زیاتر لە (١٤٠٠) ساڵ لەمەو بەر کەسانێکی وەک ئەبوروغال هەبوون، کە بووە بە کەواسوورەی پێش لەشکری نەیارەکانی ئیسلام .کەواتە لەم رۆژگارەی ئەمڕۆ نابێت لامان شتێکی نامۆبێت.

بەڕێز نوری مالیکی هەوڵ دەدات هەر شتێک لەبەرژەوەندی حیزبەکەی بێت بیکات جا چ بەدروستکردنی ئیسناد بێت یا ئەوەتا جولاندنی سوپا بۆ لابەلایکردنەوەی کێشەکان وەک رووی‌دا لەناوچەی خانەقین و جێبەجێنەکردنی ماددەی (١٤٠) لەکات و وادەی خۆیدا، ئێمە دژی هەموو کارێکین، کە پێچەوانەی دەستوور بێت، بەڵام دەبێت ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی و فەزیلە و رەوتی "صدر" باش بزانن، کە دروستکردنی ئیسناد دژی ئەوانە زیاتر، نەک کورد، لەکاتی هەڵبژاردنەکان بەتایبەتی، چونکە لە خواروو و ناوەڕاستی عێراق و ئەمانە زۆرینەن و دژ بەیەکترین لەمەسەلەی هەڵبژاردن. جا دەبێت ئەوان پێش ئێمە بکەونەخۆ دژ بە دامەزراندنی ئیسناد.

# عەبدوڵڵا حەسەن زادە: رۆژنامەی "کوردستان" خوێنەرانی کوردی فێری زمان و رێنووسی کوردی کرد

**مامۆستای گەورەونووسەروسیاسەتوان و رۆژنامەنووس و رووناکبیری گەلی کوردستان "عەبدوڵڵا حەسەن زادە" کە نیو سەدەیە لە کاری نووسین و وەرگێڕان و بابەتی رۆژنامەنووسیدایە، مامۆستا هەر زوو بە وەرگێڕانی رۆمانی "گێلە پیاو"ی عەزیز نەسین زۆرێک لە خوێنەرانی کوردی ئاشنا بە خوێندنەوە کردو لە پاشان بە وەرگێڕانی هەرسێ بەشی رۆمانی "حەمەدۆک"ی یەشار کەمال مێشکی زاخاو داین.. لەو نووسین و پێشەکییە بۆ ناساندنی "عەبدوڵڵا حەسەن زادە" قەڵەم لە ئاستیدا لەرزۆک و نەزۆکە، وەلێ، لە دوا دیمانەی کە لەگەڵ مامۆستا "عەبدوڵڵا حەسەن زادە" لە رۆژنامەی "کوردستان" ژمارە ٥٠٠ "بڵاوکراوەتەوە، پاش رەزامەندی بەڕێزیان دووبارە لە هەفتەنامەی بەدرخان بە شانازییەوە بڵاومان کردەوە.**

## دیمانە: رۆژنامەی کوردستان

*** بڵاوکرانەوەی "کوردستان" وەک رۆژنامەیەکی رۆژانەی سەردەمی کۆماری کوردستان دا لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە چ گرنگییەکی هەبوو و چەند کاریگەریی لە سەر پێشکەوتنی فەرهەنگیی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کۆمار هەبوو؟**

– ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو وەختی دەزانین بڵاوبوونەوەی رۆژنامەیەکی کوردی بە تایبەتی بۆ ئەو بەشەی کوردستان دەسکەوتێکی زۆر گەورە بوو. چونکە تا پێش دەورانی ژ. ک لە جێ دا بۆ ماوەیەکی زۆر بڵاوکراوەی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەر باو نەبوو. دیارە پاش دامەزرانی حیزبی دێموکرات لە پێش دا گۆڤاری کوردستان دەرچوو کە مانگانە بوو، بەڵام جاری وابوو بە دوو سێ مانگ جارێک دەردەچوو دواتر رۆژنامەی کوردستان دەردەچوو. رۆژنامەی کوردستان بە بێ شک هەم لە گەیاندنی بیروباوەڕی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا (کە ئەو وەختی ناویشی ئۆرگان نەبوو ناوی بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو) و هەم لە پەرەپێدانی وشیاریی سیاسی و فەرهەنگیی کۆمەڵانی خەڵک دا نەقشێکی زۆر باشی هەبوو. لە عەینی حاڵ دا مەجالێکش بوو بۆ ئەو شاعیرو ئەدیب و نووسەرانە کە عەلاقەش و تواناشیان هەبوو بەرهەمەکانیان بە زمانی کوردی بێننە سەر کاغەز و بڵاوی بکەنەوە کە تا ئەو وەختی زۆر دەرەتانیان کەم بوو مەگەر جاروبار ناردبایان بۆ کوردستانی گەرمێن بۆ ئەو گۆڤار و رۆژنامانەی کە لە باشووری کوردستان دەردەچوون. بە بێ شک دەسکەوتێکی گەورە بوو بۆ کورد هەتا پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان بڵاوبوونەوەی نیشتمان یا بڵاوبوونەوەی گۆڤاری "کوردستان" بۆ ئەو بەشەی کوردستان دەسکەوتێکی گەورە بووە.

*** "کوردستان" لەو کاتەدا دەکرێ وەکوو ئۆرگانی حیزبی دێموکرات و یان وەک بڵاوکراوەی رەسمیی کۆمار چاوی لێ بکرێ؟**

– بە بێ شک ئەو وەختە ئێمە شتێکمان نیە کە ئۆرگانی حکومەتی کۆماری کوردستان بێ. لە واقیع دا ئەو بڵاوکراوانەی ئەو وەختە هەبوون، چ رۆژنامەی کوردستان بێ چ گۆڤاری کوردستان چ بڵێین گڕوگاڵی منداڵان و هەڵاڵەو ئەوانەو هێچیان بە ناوی ئۆرگانی حکومەت نەبوون. ئەمیان بۆ منداڵان بوو ئەویان بۆ لاوان بووە ئەویان ئۆرگانی حیزب بووە. لە بەر ئەوە نەقشی رۆژنامەیەکی ئۆرگانی حکومەتیشی گێڕاوە هەرچەند ناوی ئۆرگانی رەسمیی دەوڵەتی لە سەر نەبووە و هەر بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەرچووە.

*** کوردستان سەرەتا وەکوو رۆژنامەیەکی رۆژانە دەرچووە، بەڵام بە هۆی گۆڕانی هەلومەرج بەر لەوەی مۆمی دووەمین ساڵی تەمەنی خۆی داگیرسێنێ نەتوانی بەم شێوەیە درێژە بە تێکۆشانی خۆی بدا بۆ ماوەیەکی زۆر بە پچڕ پچڕی( بێجگە لەو ٢٥ساڵەی دوایی) لە تاراوگە بەشێوەی مانگانەو ٢حەوتووانە دەرچووە بەڕێزت وەک کەسێک کە نزیکەی ٤٠ ساڵ کە لە بەڕێوەبەرانی سەرەکیی کوردستان یان یاری نزیکی بووی دەکرێ ئاوڕێک لە قۆناخ و دەرچوونی ئەم رۆژنامەیە بدەیەوە؟**

– ئەوەی کە وتت رۆژنامەی کوردستان لە ئەوەڵەوە بە شێوەی رۆژانە دەرچووە، کەمێک تەسحیحی دەوێ. ئەوەی من بزانم کوردستان هیچ وەختێکی بەشێوەی رۆژانە دەرنەچووە. لە دەورانی کۆمار دا ماوەیەک دوو رۆژ جارێک دەرچووە هەفتەی ٣ ژمارەی لێ دەرچووە، جاری وابووە هەفتەی ٢ی ژمارەی لێ دەرچووە. یانی بە شێوەی رۆژانە ٦ ژمارە یان ٧ ژمارە لە هەفتەدا وەکوو هێندێک رۆژنامە دەردەچن قەتی ئەوە نەبووە. لە پاشانیش بەداخەوە نەک هەر رێکە پێکییەکەی ساڵە وەختی تێ وەرنەسووڕابۆوە، بەڵکوو دەرچوونەکەشی ساڵێکی تەواو نەکرد کە رووخانی کۆماری کوردستان لە دەرچوون وەستا بەڵام ئەگەر تەماشای رۆژنامەی کوردستان بکەی دەورانی زۆر سەخت و دژواری بەجێ هێشتوون لە پاش روخانی کۆماری کوردستان کە کوردستانیش لە دەرچوون دەوەستێ بۆ ماوەیەک هەر لە جێ دا پچڕانێک هەیە، هەر دەرناچێ. پاشان هێندێک محاوەلە دەبن کە یەکێکیان لە ساڵی ٢٧ بەم لاوە هەوڵێک بوو کە هەر تێکۆشەرانی حیزب لە نێوخۆی وڵات دایان و شاراوەش نیە کە بە کۆمەکی حیزبی توودە بوو کە ٤ یان ٥ ژمارەی لە تەورێزێ لێ دەرچوو لە چاپخانەیەک کە وا بزانم هەر سەر بە حیزبی توودە بوو. ئەو جار عیددەیەک لەوانەی کە سەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون بەڵام لە پاش جمهوری کوردستان رۆیشتبوون بۆ ئازەربایجانی شووڕەویی ئەو کات، لەوێ بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ نزیکەی١٢ساڵان رۆژنامەی کوردستانیان دەردەکرد کە رۆژنامەیەکی تەواو موستەقیل نەبوو، هەر بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش دەردەچوو. بەڵام لە راستیدا هەر بە ئیمکاناتی حیزبی توودەو لە سێبەری کۆمەگی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجانی شوورەویدا دەردەچوو. وابزانم دەوری ١٣٠٠و چەند ژمارەیەکی لێ دەرچوو. ئەوەیان بە رۆژنامەیەکی ٤ لاپەرەیی دەردەچوو، ٣ لاپەڕی ئازەربایجانی بوو هەر ناویشی ئازەربایجان بوو یەک لاپەڕیشی کوردی بوو کە ناویشی کوردستان بوو. ئەوە دەورەیەکی، دەورەیەکی دیکەی دیوە کە لە دەرێ دەردەچوو کە ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی حیزب و دۆستانی حیزب وەک دوکتور قاسملوو، حەسەنی قزلجی و کەریمی حیسامی و عەلی گەلاوێژ هاوکارییان لەگەڵ دەکرد و هێندێک قەڵەمی دیکە کە رەنگە ئێستا ناوەکەیانم لە بیرم نەبێ دەریان دەکرد. راستە فکرەکە هەر لە دەوروبەری فکری حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو بەڵام ناوی ئۆرگانیان لە سەر دانەدەنا، تەنیا هەر ئەوەندەیان دەنووسی کە لە لایەن دەستەی نووسەرانەوە دەردەچێ. ئەویشیان بە چەند ساڵ (وابزانم سێ ساڵ کەمتر نەبوو لانیکەم) ٢٦ ژمارەی لێ دەرچوو کە لە را دوو ژمارەشی هەر بە ٢٥ دەرچوو. لە بیریان چووبوو کە ئەوە ژمارەی ٢٦ە، دوو ژمارەیان هەر ژمارەی ٢٥ی لە سەر بوو. بەداخەوە ئەوانیش یەک لەوان بۆ خۆشم لە دەستم دا نین. ئاخر دەورەیشیان ئەو دەورەیەیە کە ئێستا دەردەچێ و بۆ ئەو ژمارەیە دەبێتەژمارەی ٥٠٠، ئەوە لە رێبەندانی ١٣٤٩(فێوریەی ١٩٧١ )دا دەرچوو. ئەگەر دیققەت بکەی ئەویش رێکوپێک نیە. باسی رێکوپێکیی دوو دەیەی ئەخیرتان کرد راستە لەسەریەک رێکوپێکترە، بەڵام ئەویش مانگانە بووە جاری وابووە دوو حەوتووانە بووە. ماوەیەکی زۆر مانگانە بوو بەڵام جاری وابوو سێ مانگان دەرنەدەچوو. لە بەر ئەوەی هەلومەرجی خەباتەکەی حیزبی دێموکرات کە ئەویش ئۆرگانی بوو هەلومەرجێکی زۆر سەخت و دژوار بوو رۆژنامەکەش مەجبوور بوو ببێتە تابعی ئەو هەلومەرجە. بۆیە زۆری نامورەتتەبی بە خۆیەوە دیوە.

*** ئەو چەند ژمارەیەی کە لە تەورێز دەرچوون هەر درێژەی ئەو سەد وچەند ژمارەیە بوون کە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا دەرچوون؟**

– نەخێر ئەوان ژمارەی تایبەتییان لێ درا بوو یەک و دوو سێ و چوارو پێنج. پێنجەکەش زۆر مەعلووم نیە، بووەو بڵاونەبۆتەوە یان نەبووەوە؟ ئەوەی کە من لە بیرم بێ فەقەت چوار ژمارە کە هەر ژمارەی یەک ودوو سێی وچواریان لێ دەدرا. نەک تەسەلسولی زەمانی جمهوریی لێ بدرێ. هی زەمانی جمهوری ١١٣ ژمارەی مەعلوومە. رەوایەتێکیش هەیە کە ١١٤ ژمارەبووە، ژمارە ١١٤ەکە بڵاونەبۆتەوە یا خەڵک نەیدیوە. بە هەر حاڵ تەسەلسولی وی نەبووە.

*** وەک دەزانین یەکەم ژمارەی ئەم دەورەیەی "کوردستان" لە سەرەتای دەیەی ٧٠ی زاینی لە بەغدا بڵاوکرایەوە. بەو پێیەی کە هەر لەو سەردەمەدا ژمارەیەکی بەرچاو بڵاوکراوەی کوردی لە باشووری کوردستان بڵاو دەکرایەوە دەکرێ بڵێی پێگەی "کوردستان" لە نێو ئەم بڵاوکراوانەدا چۆن بوو؟**

– زۆر بە ئینسافەوە دەبێ بڵێین کە رۆژنامەی کوردستانی ئەو وەخت (کە من پێی دەڵێم رۆژنامە بە مانای ئەوە نیە کە بەشێوەی رۆژانە دەرچووە. عادەتەن ئەو بڵاوکراوەیەی کە بە شێوەی وەرەق دەردەچێ پێی دەڵێن رۆژنامە ئەگەر بە دوو ساڵیش دەربچێ. مەجەللەش ئەگەر هەموو رۆژێ دەربچێ پێی دەڵێن مەجەللە) شتێک نەبوو کە لە نێو رۆژنامەکانی دیکە دا حیسابی بۆ بکرێ، چونکە هەر ئەو وەختی کە ئەو رۆژنامەیەمان دەردەکرد لە بەغدایە(دیارە ئێستا دەزانین کە لە بەغدایەدەرچووە ئەو وەختی نە دەگوترا لە بەغدایە دەردەچێ)، رۆژنامەی حەفتانە هەبوو بە بیست سەفحە دەردەچوو، بە ١٦ سەفحە دەردەچوو بەناوی "هاوکاری"، "برایەتی" دەردەچوو. گۆڤاری جۆراوجۆر دەردەچوون هەفتانە، مانگانە، وەرزانە و کتێب و شتی زۆر دەردەچوون. لەو بارەیەوە حەجمەکەی زۆر نەبوو. بەو حاڵە رۆژنامەی کوردستان لە دوو بارەوە زۆر زۆر لە نێو رووناکبیران و، ئەویش لە نێو بژاردەی رووناکبیران دا، موعتەبەر بوو. یەکێکیان ئەوە بوو کە لە باری سیاسییەوە وەزنی باشی بوو، مقالاتی باشی تێدابوون، سەرنووسەرەکەی شەهیدی گەورەمان دوکتوور قاسملوو بوو. نووسەرەکانی دیکەشی نووسەری باش بوون لە سەر یەک. کەوابێ لە باری موحتواوە دەوڵەمەند بوو، ئیستقباڵی لێ دەکرا، زۆر باش بوو. لە باری دیکەوە، لە باری زمانەوە، تەنانەت لە باری زمانەوە ناوی دەرکردبوو، یانی خەڵک دەیان نووسی (نەک ئێمە بنووسین)، ئەدیبەکانی باشووری کوردستان دەیان نووسی دەبێ زمانی "کوردستان" بکرێتە نموونەی نووسینی کوردی لە حاڵێک دا لە چوار لاپەرە دا دەردەچوو. بەداخەوە "کوردستان" لەو بارەیەوە هەم لەبەر ئەوە کەمێ بێ مبالاتیی تێدا دەکرێ لە باری زمانەوە، هەمیش لە بەر ئەوەیە کە نەشرییاتی دیکە زۆرەو رەنگە بڵێم ئەم شێوە نووسینە زاڵ بووە کە نەشرییاتەکەی دیکەی پێ دەردەچێ، ئەو بەرچاوییەی ئەو کات هەیبوو ئێستا نیەتی. ئەو وەختی لەگەڵ ئەوەی زۆر مەحدوود بوو، مانگانە بوو، لە چوار لاپەرە دا دەردەچوو جێگەیەکی زۆر باشی هەبوو.


عەبدوڵلای حەسەن زادە

*** "کوردستان" لە سەرەتاوە رۆژنامەیەکی حیزبی بووە تا ئێستا، هێندێک پێیان وایە رۆژنامەی حیزبی رۆژنامە نیە، ناتوانێ بە پێی پێوەرەکانی کاری رۆژنامەنووسی کار بکا. بە رای جەنابت "کوردستان" چەند توانیوێتی بە پێی ئەو هەورازو نشێوانەی لە مێژووی خۆیدا بوویەتی بە گشتی لە گەڵ پێوەرەکانی کاری رۆژنامەنووسی خۆی رێکبخا؟**

– لە گەڵ ئەوەی کە خزمەتی رۆژنامەی کوردستان خزمەتێکی گەورەیە و جێی شانازییە، زۆری خزمەت بە فکرو ئەدەبیات و زمانی کوردی کردوە بە بێ شک، بەڵام ئەمنیش لە گەڵ ئەوانەم کە ئۆرگانی حیزبی بە رۆژنامە نازانن. پێم وایە وەکوو رۆژنامە رۆژنامەیەکی خراپە یا دەکرێ پێی بڵێین کە هەر رۆژنامە نیە. بریا ناوێکی دیکەیان دانابا بۆ ئەو رۆژنامانە کە زمان حاڵی حیزبێکن ناویان لێ نەنابان رۆژنامە. چونکە رۆژنامە ئەوەیە لە گەڵ ژیانی کۆمەڵ سەروکاری هەبێ، تازەترین ئەخباری رۆژ، تازەترین ئیحتیاجاتی خەڵک، نەزەراتی جۆراوجۆری خەڵک بتوانێ بڵاو بکاتەوە. نیزیک بێ لە کۆمەڵانی خەڵک. رۆژنامەیەک کە لە ئەشکەوتێک دەردەچێ و رۆژنامەیەک کە بە دزی دەردەچێ بە حەفتەو چەند مانگ جارێک دەردەچێ و بە دزی بڵاودەبێتەوە قەت ناتوانێ خەسڵەتی رۆژنامەی هەبێ. لەو بارەیەوە ئەگەر نومرەی بدەمێ، نومرەکە لە سەد بگرم رەنگە هەر پێنجی بدەمێ، بەڵام وەکی دیکە بە رۆژنامەیەکی رووسوور و سەربەرزی دەزانم.

**<br>* لە قسەکانت دا ئاماژەت بە هێندێک لەو قەڵەمانە کرد لە "کوردستان"دا دەوریان بووە، دیارە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو ریزێک ناوی دوورودرێژ دەبینین، بەڵام لانیکەم دەکرێ یادێک لەو کەسانە بکەیەوە کە لە دەیەی یەکەمی "کوردستان"دا دەوریان هەبووە؟**

– بەراستی ئەوانەی لە دەیەی یەکەم دا تێیان دا دەنووسی ژمارەیەکی کەم بوون. دەکرێ بڵێین شەهید دوکتۆر قاسملوو بوو، کاک کەریم حیسامی و قزڵجی بوون، کاک حەمەدەمین سیراجی بوو، خوالێخۆشبوو هێمن بوو، رەفیقێکمان شەهید بوو جەلال میراوەیی یان عوسمانی یەزدانپەناه خەڵکی میراوێی سەردەشت کە ساڵی ٥٨ شەهید بوو، کاک مەلا رەحمان بوو. بەڵام دەورەکانی دیکە ماشەڵڵا زۆرن رەنگە هەمووی لە بیر نەبن بەڵام لەوانەی کە زۆریان نەقش تێدا هەبوو دەتوانین جگە لە شەهید دوکتۆر شەرەفکەندی هەموو ئەندامانی دەفتەری سیاسیی ئەو وەخت باس بکەین. بەڵام لە نووسەرەکانی دیکە دەتوانین کاک قادر وریا، کاک هەیاس کاردۆ، کاک برایم لاجانی ناو بەرین.

*** بەو پێیەی کە تۆ یان لە بەڕێوەبەرانی سەرەکی یان یاری نزیکی "کوردستان" بووی دەزانی لەو دەورەیەش دا وەکوو دەورەکانی دیکە دابڕان و وەستان هەبووە بە تایبەت پێش شۆڕشی ٥٧ و دوای شۆڕشی ٥٧. دەکرێ بڵێی کە ئەو وەستان و دابڕانانە چۆن بوون؟**

– لە پێش دا کە ئێمە دەستمان بەو دەورە تازەیە کردەوە دەورەیەک بوو کە نەوعێک ئیستقراری هەبوو. نوێنەرایەتییەکمان لە بەغدایە هەبوو (نوێنەرایەتیی رەسمی نەبوو، بەڵام ماڵێکمان لەوێ هەبوو ) لەوێ دەرمان دەکرد. تا ژمارەی ٣٥ و ئەوانەی باش بوو لە چاپخانەیەک دەردەچوو رێکوپێک. لە پاشان وای لێ هات کە هێندێک ئاڵوگۆڕی سیاسی لە ناوچەکە دا رووی دا بە تایبەتی لە پێوەندیی نێوان ئێران و عێراق دا. ئەو وەختی عێراق لێی قەدەغە کردین رۆژنامە دەربکەین. مەجبوور بە تایپ دەمان نووسی ئەویش بە تایپی دەستی نەک بە تایپی ئێستا، لە سەر کاغەز دەمان چەسپاندو دەمان نارد بۆ یەکێ لە پایتەختەکان لەوێ چاپ بێ. بە زەحمەت بڵاو دەبۆوە. ژمارەیەکم لە بیرە سێ چوار پایتەختی کردن تا دەرچوو. لە بەغدایە چاپ نەکرا، چووە بەیرووتێ، چووە ئەڵمانی (پایتەختی ئەو کات بۆن نەبوو بێرلین بوو) چووە برلینێ چوو لە پاریس چاپ کرا. ئەو دەورانەی بە خۆوە بینی. لە پاشان کە گەڕاینەوە وەزعەکە جۆرێکی دیکە گۆڕا و گۆڕانێکی موسبەت هاتە ئاراوە. ئێمە گەڕاینەوە کوردستان. بۆ ماوەیەکی دیسان "کوردستان"یش دەرنەچوو. ئەو جار کە دەرچوو ماوەیەک دەستمان پێ کرد بە تایپ و بە پۆلیکۆپی دەرمان دەکرد، دوای چەند مانگ چاپخانەیەکمان کڕی بۆ یەکەمین جار حەوتانەش ٣، ٢ ژمارەی لە مەهاباد لێ دەرچوو. جارێکی دیکە کە مەجبوور بووین ئاوارە بینەوە، دەربەدەر بووینەوە دووبارە پەنامان بۆ تایپ و پۆکۆپی بردەوە. بە کورتی بڵێم پاشان لە باری حەجمیشەوە، حەجمەکەی وەختێک بە ئەندازەی حەجمی کتێب بوو، وەختێک بە ئەندازەی A٤ بوو، جا دوایە کردمانە A٣ئێستا حەجمەکەی حەجمی رۆژنامەیەکی مامناوەندییە. زۆری ئەو دەورانانە بە خۆیەوە دیون. ئێمە جارێکی شتێکمان لە سەر نووسیوە کە رەنگە هەر من نووسیبێتم کە دەڵێین "کوردستان" رۆژنامەی تێکۆشەرانی کوردە و چارەنووسی لەگەڵ چارەنووسی ئەوان لێک گرێ دراوە، کە ئەوان ئاشکرا بوون ئەویش ئاشکرا بووە، کە ئەوان نهێنی بوون ئەویش نهێنی بووە، ئەوان ئیمکاناتێکیان هەبووە ئەویش هەیبووە. لە سەر یەک رۆژنامەی کوردستان ئاوێنەیەک بووە لە خەبات وتێکۆشانی ئەندامانی حیزبی دێموکرات.

*** لە دەیەی یەکەم دا کە هەلومەرج لە چاو ئێستا شتێکی دیکە بوو "کوردستان" چەندە دەگەیشتەوە نێوخۆی وڵات و دەست ئەو کەسانەی دەبوو بی خوێننەوە؟**

– ژمارەیەکی زۆر مەحدوود دەچوو رەنگە بکرێ بڵێین لە باشترین حاڵەت دا ١٠٠ ژمارەیەکی دەگەیشتەوە وڵات. بەڵام عەلاقەیەکی زۆر هەبوو لە نێو ئەوانەی کە "کوردستان"یان بە دەست دەگەیشت. ئەو وەخت زۆریش ئیمکانی کۆپی و ئەوە نەبوو رەنگە هەڵکەوتوە کە رۆژنامەیەک ٥٠ کەس یان ژمارەیەکی زیاتر دەیان خوێندەوە. ئێمە بۆ ئەوەی بچێتەوە وڵات دوو جۆرمان چاپ دەکرد بەشێک لە سەر کاغەزی مەعمولیمان چاپ دەکرد بەشێکی دیکەش کاغەزێکی تەنک و قایم لە عەینی کاتدا مقاوم کە بە نوشتاندنەوە زوو خرا نەبێ، ئەوەمان دەناردەوە وڵات. ئەوەش هەر قاچاغ بوو.

*** دەزگای "ژین" بەشێکی بەرچاو لە ژمارەکانی سەردەمی کۆماری چاپ و بڵاو کردۆتەوە ئەو هەوڵە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

– لە بارەی "ژین"ەوە بڵێم چی، بریا "ژین" ناوی خۆی گۆڕیبا کردبایە بنکەی ژیاندنەوە، نەک بنکەی "ژین". چونکە ئەو بنکەیە هەم "ژین"ی ژیاندۆتەوە هەمیش زۆری دیکە لە گۆڤارو رۆژنامەکان و بەرهەمە تاریخییەکانی نووسەرانی کوردی ژیاندۆتەوە. خزمەتی بنکەی "ژین" بە تایبەت ئەو دوو برا بەڕێز و تێکۆشەرە مامۆستا رەفیق ساڵح و مامۆستا سەدیق ساڵح ئەوەندە بەرچاوە کە زمانی من لە تاریفی عاجزە. ئەوانە لەو کەسانەن تەنیا کەسانێک نین بەڵام لەو کەسانەن کە هەق وایە هەر بە زیندوویی پەیکەری زێڕیان بۆ دروست کەی. بەش بە حاڵی خۆم هەر ئەو کارەیان نا، هەرچی کردوویانە بە خزمەتی گەورەو بە شاکار دەزانم. ئارەزووی ئەوە دەکەم ئەوان هەر بەردەوام بن، سەرکەوتنی زیاتریان بۆ بە ئاوات دەخوازم و زۆریشم پێ خۆشە کە یادت کردنەوە.

*** راسپاردەت بۆ بەڕێوەبەرانی ئێستای "کوردستان" چیە بۆ ئەوەی لە ئاست ئەو چاوەڕوانیانەدا کە لێی دەکرێ ؟**

– بە بێ شک لە گەڵ هەموو سپاس و شانازیم بە زەحمەت و تێکۆشانی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەوە دەبێ بڵێین کە رۆژنامەی کوردستان نەک هەر وەکوو گوتم رۆژنامە نیە بە مانای واقیعیی کەلیمە، بەڵام وەک ئۆرگانی حیزبییش لە خوارەوەی ئینتزاراتی خەڵکە و لە خوارەوەی ئەوەیە کە دەبێ رۆژنامەی حیزبێکی وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان بێ. کەوابێ لەگەڵ تەقدیرم لە زەحمەتەکان دەبێ زەحمەتی زیاتر بکێشن، پتری پێوە ماندوو بن، لە قەڵەمی دیکە بگەڕێن، تەنەوعی زیاتری پێ ببەخشن. لەوانە زیاتر ئەوەی کە بۆ من زۆر موهیممە مەسەلەی زمانە. چونکە بە تایبەتی رۆژنامەی کوردستان دەبێ ئەو نەقشەی هەبێ کە زمانی سەحیحی کوردی، رێنووسی سەحیحی کوردی فێری خوێنەرانی کورد بکا. زۆر بە ئەدەبەوە دەڵێم بەڵام ئێستا رەخنەی پێ واریدە، بەرەو دواوە گەڕاوەتەوە، کەلیماتی سەیر و سەمەرەی تێدا دەبینم کە لە کوردی نەزانانەوە فێریان دەبێ. لە حاڵێک دا کەلیماتی ئەسیلی کوردیمان هەیە، کەلیماتی نامۆ بە کار دەبرێ. کەمترە لە رۆژنامەکانی دیکە بەڵام وادیارە فێری بووین. لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە کەلیماتێک دەبینم کە لە فارسی وەرگیراوە، کوردەکانی باشوور بە غەڵەت وەریان گرتوە. ئێمەش دەچین غەڵەتەکەی لەوان وەردەگرینەوە. بۆ نموونە کەلیمەی ئامادەباش کەلیمەیەکی فارسییە، کوردەکانی باشوور دەڵێن ئامادەباشی کەچی ئێمە کە لە فارسیدا لەوان واریدترین ئامادەباشی بە کار دەبەین، یان مەسەلەن "کجا مرحبا" بە کار دەبەین. کەلیماتی وامان هەیە حەق وایە "کوردستان" بژاری بکا کە لە باری ئینشاییشەوە "کوردستان"ی ئێستا لە گەڵ کوردستانی پێشوو ئەو هەمووە بێ ئیمکاناتییەی دەورانی سەرەتای دەرچوونی ئەو دەورەیە ئەگەر بەراوەردی بکەین دەبینین هاتۆتە خوارێ.

> **ئێستا رۆژنامەکانی کوردستان بەرەو دواوە گەڕاونەتەوە، کەلیماتی سەیرو سەمەرەی تێدا دەبینم، کە لە کوردی نەزانانەوە فێریان دەبێ. لە حاڵێکدا کەلیماتی ئەسیلی کوردیمان هەیە، کەمترە لە رۆژنامەکانی دیکە، لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە کەلیماتێک دەبینم کە لە فارسی وەرگیراوە...**

# دەنگی ئازادی بەهێزی سەربازی کپ ناکرێت!!

**ماموستا کازم**

لەماوەی حەڤدە ساڵی حوکمڕانی خۆیدا حکومەتی هەرێمی کوردستان هەمیشە لە ململانێی بەردەوامدابووە لەگەڵ نەیارو دەوڵەتەئیقلیمییەکاندا.
ململانێیەکەش لەسەر هەموو ئەم کارە نـاڕەواو قێزەونانە بـووە، کە دژ بەم دەسەڵاتە کراوە لە هەرێمی کوردستان.
لەگەڵ ئـەوەشدا لێپرسراوانی هەرێمی کوردستان بۆ تەشەنەنەکردنی کێشەکان هەمیشە ڕێگای دایە لۆگی هەڵبژاردووە، بۆ ئـەوەی ڕووبـەڕوی گیرو گرفتەکان نەبێتەوە.
یەکێک لەم کێشانەش کە هەردەم لەلایەن تورکیاوە باسی لێوە دەکرێت کێشەی (پ.ک.ک) بەم بیانووە چەندین جار هێرشی سەربازیان بۆ سەر کوردستان ئەنجامداوە، ڕۆژانـەش بە فرۆکە بۆمبا هاوێژەکانیان گوندە سنورییەکانی هەرێمی کوردستان ئاگر باران دەکەن. هەر بەمەش نەوەستاون لێرەو لەوێ پشێویان ناوەتەوە بۆ ئۆقرە هەڵگرتن لە خەڵکی کوردستان. ڕۆژی (٢٠٠٨/١٢/٢٣) مالیکی بە جیا سەردانی تورکیای کردو لەگەڵ سەرۆک کۆماری ئەم وڵاتە (عەبدولڵا گول) کۆبۆوە، یەکێک لەم تەوەرانەی کە باسیان لێوەکرد دیسان بەهەمان شێوەی رابردوو کێشەی (پەکەکە) بوو.
من لێرە دەڵێم کێشەی پەکەکە کێشەیەکی حکومەتی تورکیاو پەکەکەیە. هەبوونی ئەم ڕێکخراوە کوردییە بۆ ساڵی (١٩٨٣) دەگەڕێتەوە چالاکیان هەبووە نۆ ساڵ پێش دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوونیان هەبووە.بۆیە پێویستە حکومەتی تورکیا پێداچوونەوە بەسیاسەتەکانی خۆیدا بکاتەوە. ئێمە وەک کـوردی کوردستانی باشوور تاقیکردنەوەی ئەوەمان هەیە هیچ حکومەتێک بەهەر قەبارەو هێزێک بێت ناتوانێت بەهێزی سەربازی شۆڕشگێران لەناو بباو دەنگی ڕاستەقینەیان پێ کپ بکات. بۆیە واباشە دەرگـای هەڕەشەو ئاگرو ئاسن دابخەن لە بری ئەوە دەرگای دانووساندن و گفتوگۆ بکەنەوە. چونکە سەردەم گۆڕاوە سەردەمی چارەسەرکردنی کێشەکانە بە دیالۆگ.




بەدرخان پەیمانگای گۆتە بۆ فێربوونی زمانی ئەڵمانی بەسەردەکاتەوە

# تامان شاکر سەرپەرشتیاری پەیمانگای گۆتە: پەیمانگای گۆتە بۆ فێربوونی زمانی ئەڵمانییە

**تامان شـاکر ناوێکـی دیار و چالاکـی ناو دنیای نووسـین و فیمینیسـتی کوردییە، ئەو جگە لەوەی ڕاوێـژکاری ڕاگەیاندنـی وەزارەتی ڕۆشـنبیرییە، ئێستا دیارە بۆتە سەرپەرشتیاری پەیمانگای گۆتە بـۆ بڵاوکردنـەوەی ڕۆشـنبیری و فێرکردنی زمانی ئەڵمانی لە کوردستان، سەبارەت بەو پەیمانگایە ئەو دیدارەمان لەگەڵی سازدا..**

**پ. بەدرخان**

*** ئامانج لە کردنەوەی پەیمانگای گۆتە چییە؟**

– دوای ڕزگارکردنی عێراق بە تایبەتیش کوردسـتان کە ماوەی چەند سـاڵێکە ئازاد بووە، بەڵام ئەڵمانەکان بەردەوام بەهێواشـی کاردەکەن و ترسێک هەیە لـە پشـتی کارەکانییانە بـۆ ئەوەی ئەو شـوێنەی کە دەچن پێویستە ١٠٠٪ ئەمنیەتی پارێزراو بێ، ئیتر بەرە بەرە کوردستانیش وەکو هەموو عێراق لەگەڵ دنیـای دەرەوە پەیوەندییەکـی زۆری هەیە، هەروەهـا بوونی ڕێژەیەکی زۆر لە کوردانی باشـووری کوردسـتان لە ئەڵمانیا، ئەمەش بـووە هۆی ئەوەی چەندیـن کۆمپانیـای ئەڵمانـی بێنە کوردسـتان کاری وەبەرهێنـان بکەن، بێگومان کە ئەڵمانەکانیش بینیان لێرە سەنتەری ڕۆشنبیری فەرەنسی و زانکۆی ئەمەریکی و شـتی وا هەیە، ئەمانیش بیریان کردەوە شـتێک دابمەزرێنن، بۆ ئەوەی ڕۆشنبیری و فەرهەنگی ئەڵمانی ئاشـنابێت و لە کوردستان بناسرێت، بۆ سـەرەتا لە سـاڵی ٢٠٠٨ بنکەیەکی ڕۆشـنبیری ئەڵمانی کوردیان دروست کرد، ئەوەی کە ئێسـتا دەیبینی، لەم بنکەیەدا ئێمە کۆمەڵێک شتمان هەیە کە دوایی باسی دەکەین، ئەم بنکەیەش لە دواتر بەنیازین بیکەینە پەیمانگای گۆتە بۆ فێربوونی زمانـی ئەڵمانی، کە ئەو پەیمانگایە لەزۆربەی وڵاتانی دنیا هەیە و ٥٠ ساڵە لە میسر هەیە و لە وڵاتانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش، بۆ ئەوەی بتوانـن کلتوور و زمانـی ئەڵمانی لەو وڵاتانەدا بڵاوبێتـەوە و خـەڵکی زیاتر شارەزای فەلسەفە و میوزیک و هەموو بەشـەکانی دیکەی بواری ڕۆشـنبیری ئەڵمانی بن.

*** کێ پاڵپشتی ئەم سەنتەرە دەکات؟**

– پێموایە قونسـولگەری ئەڵمانی لە هەولێر، کـە لـەم مانگـەدا دەکرێتەوە پاڵپشتی ئەم سەنتەرە دەکەن، وەزارەتی ڕۆشنبیریش کە منی ناردۆتە ئێرە وەکو کەسـێک، کە هاوڵاتییەکـی ئەڵمانیم و زمانـی ئەڵمانی دەزانـم، بۆیە من ڕۆژانـە ٤ کاتژمێـر لێـرە کاردەکەم، کارکردنەکەشم ئەوەنییە کە من زۆر زۆر موعتاجم، نەخێـر کاردەکەم بۆ ئەوەی ئەم پەیمانگایە لە کوردستان بکرێتەوە، کە دەزانم چ سوودێکی گەورە بە خەڵکی کوردسـتان دەگەیەنێ و بـۆ داهاتووی گەنـج و منداڵی ئەو وڵاتـە، کە چەند گرنگە بتوانین کەلک لە کلتوور و زمانی ئەڵمانی وەرگرین، بێگومان ئەگەر بێتوو خەڵکانێک بێن ناوی خۆیان بنووسـن و ئارەزووی ئەوە بکەن زمانی ئەڵمانی فێربـن، پێموایە دەبێتە بەشـێکی زۆر گرنـگ و گەورە لـە پەیمانگای گۆتە، کە لە ئەڵمانیا هەیە و خەڵکانی بیانی دەچن فێـری زمانی ئەڵمانـی دەبن و دەتوانین لە شـوێنی ئـەوەی بچین لە ئەڵمانیـا فێری زمانـی ئەڵمانی بین، دەتوانین لە کوردستانەوە فێری زمانی ئەڵمانی بین.

*** لە بەرامبەر ناساندنی کلتوور و زمانی ئەڵمانی بە کوردی، هەوڵدەدەن کلتوور و زمانی کوردیش بە ئەڵمانەکان ئاشنا بکەن؟**

– ئەوەی ڕاستی بێ پەیمانگای گۆتە لە وڵاتـان زۆر چالاکی ڕۆشنبیری دەکەن، بۆ نموونە دەتوانن کتێبی ئەڵمانی وەرگێڕنە سەر زمانی کوردی، ئەوان خۆیان چاپی دەکەن و پـارەی دەدەن، ئەم کارانە لە وڵاتانی دیکە دەکەن، کە ئەڵمانی زمان نین، ئەگەر بێتوو ئەم شـوێنەی ئێستا من و تۆ لێی دانیشـتووین لە داهاتوودا بایەخی پـێ بدرێت و گەورەتر بکرێت، بێگومـان چالاکی ڕۆشـنبیری لەگەڵ کـورددا زۆرتر دەبێ، چونکە ئەوان ئەو پەیمانگایەیان لـە هەولێر کردۆتەوە، نـەک لە بەغدا و شـوێنی دیکە، بۆیە دڵنیـام لە داهاتـوودا زۆر بایەخی پێ دەدرێت.

*** بەرنامەی ئایندەتان چییە؟**


– سـەرەتا وەک دەبینـی کۆمەڵێـک فەرهەنـگ و کتێبـی فێربوونی زمانی ئەڵمانیمان هێناوە بە کاسێت و سیدیش بۆ ئەوەی مـرۆڤ گوێ بگرێ، چەندین کتێبمان هێناوە دەربارەی شـارەکانی ئەڵمانیا، میوزیکی کلاسـیک و پۆپ و جاز و ڕۆک و ئەمانە هەمووی هێنراوە، ٧٠ فیلمـمـان هێنـاوە، کـە بـاس لە مێژووی ئەڵمانیا و شارەکانی ئەڵمانیا دەکا و هەموویـان ئەڵمانیـن، چوار کۆمپیوتەریشـمان هەیە کە گەنجەکان دەتوانن بێن لێـرە خەریکی ئەنتەرنێت بن، ئەم کتێبانەش کە دەیبینی هەمووی هـی منداڵان و گەنجانە کـە چیرۆکن بە زمانی ئەڵمانـی، لەگەڵ کۆمەڵێک سـیدی بۆ فێربوونی زمانی ئەڵمانی، لەبەرئەوەی بەرنامـەی ئایندەی ئێمە ئەوەیە ئەگەر بێتوو خەڵکی کوردستان بیانەوێ فێری زمانـی ئەڵمانی بن ناو دەنووسـن تا بزانین چەند کەس دێ و سەردانمان دەکا، بێگومان کۆڕسی زمانی ئەڵمانی دەکەینەوە، ئەوە لە لایەک لە لایەکی تر لەم مانگەدا مامۆستایەک دێت ڕۆژانی شـەممە کۆڕس بە مامۆستایان دەڵـێ، کە چـۆن وانە دەڵێنـەوە لە پۆلەکان، هەرچەند ئێستا لە هەندێک قوتابخانە زمانی ئەڵمانی دەخوێندرێ، لەبەرئەوە ئەو قوتابیانە کە گەورە دەبن پێویسـتیان بە خوێندنەوە و فێربوونی باشتری زمان هەیە، پێویستیان بەوەیە ئـەو زمانەی فێـری بوونە بـەردەوام گوێیان لێ بێ، لەبەرئەوە ئەو شتانەی کە دەبینی هەمووی پێداویستی فێربوونی زمانی ئەڵمانییە.

*** ئـەو هاریکارییانـە بـە بەرامبـەرە یـا بـێ بەرامبەر؟**

– تا ئێسـتا پارەمان لە هیچ کەسێک وەرنەگرتووە، ئـەوەی دێ کتێب دەبا، ئەوەی دێ فیلم دەبا بە بەلاشـە، بەڵام ئەگەر بێتوو کۆڕسـی زمـان بکرێتەوە بـێ گومـان پارەیـەک وەردەگیرێ لە بەرامبەر ئەوەی مامۆستاکان ئەو وانانە دەڵێنەوە.

*** وەکـو سەرپەرشـتیاری ئـەو پەیمانگایـە، لە بەرنامەتدا نییە پێشانگای کتێبی هاوبەش و کۆڕ و سیمینار و فێستیڤاڵ سازبکەن؟**

– ئەڵمانەکان وەکو ئێمە نین، پەیمانگای گۆتە بۆ فێربوونـی زمانی ئەڵمانییە، بەڵام دەکرێ هەر لەناو ئەو پەیمانگایە کۆڕسـی زیاتر و لابـەلا بکرێتەوە کە پەیوەنـدی بە کلتـووری ئەڵمانییەوە هەبێ، ئەوەش لە داهاتوو دەبێ، بەڵام جـاری من بە تەنها ناتوانم هەموو ئەو کارانە بەڕێوەبەرم، ئەو کارەش کە لێرە دەیکەم تەنها خۆشەویستییە بۆ وڵاتەکەم و منداڵان و گەنجانی وڵاتەکەم، تا کەڵک وەرگرن لە زمانێک کە زمانێکی زیندووە و پێویسـتە ئێمە فێری بین، دواتریش ساڵانە کورد بەشداری دەکا لە پێشانگای کتێبی نێودەوڵەتـی فرانکفۆرت، بەڵام بەداخەوە. دەبێ ئێمـە زیاتر بایەخ بە زانستی وەرگێڕان بدەین، پێموایە ئەگەر سبەی ڕۆژێ خەڵکانێک بێن لێرە فێری زمانی ئەڵمانی بن بەو شێوازەی، کە لە پەیمانگای گۆتە لە وڵاتان بەڕێوەدەچێ، پێموایە خەڵکانێک بە شێوازێکی زانستی فێری زمانی ئەڵمانـی دەبن، ئەوکاتە دەتوانن هەم لە کوردییەوە شت وەرگێڕنە سەر ئەڵمانی و هەمیش بە پێچەوانەوە، کە ئەوەش خزمەتێکی زۆر گەورەیە بۆ کورد.


تامان شاکر لەنێو کتێبخانەی پەیمانگای گۆتەدا - ٢٠٠٨

*** لە نێوان پەیمانگای گۆتە و وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆچی تۆیان هەڵبژارد بۆ سەرپەرشتی کردنی ئەو پەیمانگایە؟**

– نازانـم بۆچی منیان هەڵبژارد، بەڵام لە دانیشـتنێکدا کە وەزیری ڕۆشنبیری تێیدا ئامادەبوو لەگەڵ سەفیری ئەڵمانیا لە بەغدا داوای هاوکارییان لە وەزارەتی ڕۆشنبیری کرد، گوتیان ئێمە سەنتەرێکی ڕۆشـنبیری و دواتـر پەیمانگای گۆتە لە کوردسـتان دەکەینەوە، پێویستمان بـە هـاوکاری وەزارەتی ڕۆشـنبیری و کەسـێکە، کە سـەرەتا بـۆ ئەوەی بتوانێ لە دامەزراندنی ئەو پەیمانگایە بەشداربێ، منیش کەسـێکم وڵاتەکەی خۆم خۆشـدەوێ و گەلەکەی خۆشـم خۆشـدەوێ، ڕاسـتە لـەو گەلەی من ئەمڕۆ دیاردەی گەندەڵی و هەموو شتێک هەیە، بـەڵام ئەو گەلـە بەدبەختە و ئەوانەی کە شایستەن خزمەت بکرێن بۆ خزمەتکردنێک بە وڵاتەکەم، گوتم باشە دەیکەم، هەرچەنـدە کاتم زۆر دەگرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا پەشیمان نیم و تاکو خەڵکانێکی تر دێن و هاوکار دەبن بەردەوام دەبم لەو کارە.

*** زۆرجار ئەو جۆرە پەیمانگایانە بەوە تۆمەتبار دەکرێن، کە تەنها کەسـانی نوخبە و دووبارە لە چالاکییەکانیان بەشدار دەبن، ئێوەش هەروا دەکەن یـان هەوڵـدەدەن گەڕانتان هەبێ بـۆ دۆزینەوەی کەسانی بەهرەمەند؟**

– ئەوەی ڕاسـتی بێ ئێمە دەفتەرێکمان هەیە ناوی ئەو کەسانەی لێ دەنووسین کە دەیانەوێ زمان فێربـن، دواتر ئەو پەیمانگایە، کە دەیکەینەوە سـەنتەری ئەوە نییە بگەڕێین، ئێمە سەنتەرێکمان هەیـە وەکو قوتابخانـە وایە، ئەوەی بشیەوێ فێری زانسـت بێ دەبێ خۆی بچـێ بەدوایـدا بگـەڕێ، ئێمـە ئەو چالاکیانەمان نییە بچین لە دەرگای ئەم و ئـەو بدەین و خەڵک بانگکەین، بەڵام ئەو کەسەی کە حەز بە کلتوور و زمانی ئەڵمانی دەکا دەبێ خۆی بێ و لێرە خۆی ناونووس بکا و سەردانی ئەو سەنتەرە بکا. دواتر لە کۆڕسەکان بەشدار دەبێ، تۆ ئەڵمانەکان ناناسی ئەوان شتەکانیان زۆر جددیە و زۆر ڕێک و پێکە لە وەختی خۆیەتی، کە گوتیان شتێک دەکەین هەر دەیکەن، بـەڵام ئێمە ناتوانین چاو لەو سەنتەرانەی دیکە بکەین، کە حکومەت دایناوە و پارە وەردەگـرن و زۆربەیان کار و چالاکییەکانیـان دیارنییە، بۆیە ناتوانیـن وەک ئەو سـەنتەرانە بین، ئێمە سەنتەرێکی ڕۆشـنبیریمان هەیە لە داهاتـوودا دەبێتە پەیمانگای گۆتە، دەبێ خەڵک بۆ خۆیان بێن ناوی خۆیان بنووسن و سوود وەرگرن، چونکە گەڕان بەدوای خەڵکـی بەهرەمەند کاری ئێمە نییە، ئەوە کاری وەزارەتی پەروەردەیە.

*** لە سـەرەتای دیدارەکە گوتـت ئەڵمانەکان لە کردنـەوەی شـوێنی وا بڕێـک حەساسـن، دەکرێ بڵێین پەیمانگای گۆتە دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی لەمەودوا ئەڵمانەکان باشتر و چاکتر و چالاکانەتر بڕواننە کوردستان و وابکەن لێرە چالاکیان زیاتر بێ؟**

– بێگومـان، لەبەرئەوەی ئەوە دەبێتە تاقیکردنەوەیـەک بۆ ئـەوان کە دێنە ئێـرە دەبینـن خەڵکی کـورد هێمنە و حـەز بەفێربـوون دەکا و دەیەوێ لەو وڵاتەی خۆی بەهێمنی و ئاسـوودەیی بـژی و مافەکانـی دەسـتەبەر بکرێ، بێگومـان بیروبۆچوونیـان دەگۆڕێ، پێموایە ئێستاش سـەرەتایەکی باشە بـۆ ئەوە، چونکە ئێمە بەو شـێوازەی هەیـن خۆمان پیشـانی خەڵک بدەین و هەوڵدەین سەرنجی دنیا بۆلای خۆمان ڕاکێشـین، ڕەنگـە زۆر لەوڵاتان هەبن حەزبکەن پەیمانگای گۆتە لەو شوێنانە بکرێتەوە، بەڵام نەکراوەتەوە. بەڵام کە ئێستا بەردی بناغەی ئەوە لە کوردستان دادەمـەزرێ، پێموایە سـەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ خەڵکی کوردستان.

*** دەگوترێ کردنـەوەی ئـەو جۆرە سـەنتەرانە زیاتر دەستی جاسووسی و دەزگا هەواڵگرییەکانی لەگەڵە، پێتوایە ئەو قسانە بنەمای هەیە؟**

– ئەمانـە قسـەی پڕوپووچن، ئەوەی بیەوێ جاسووسـی بکا لەهەر شوێنێک بێ دەیکا، بۆ لە سەنتەرێکی ڕۆشنبیری دەیکا، دوایی ئەوەی کاری جاسووسـی دەکا نایێ لێرە دانیشی و خۆی ماندووکاو وانە بڵێتـەوە، بەڵکـو حکومەتەکەی هێنـدەی پارە بـۆ دەدا لەو شـوێنانە دایدەنێ، کە خەڵکی سیاسـەتمەدار و پڕۆژە و شتی تیایە، بەڵام سەنتەرێکی ڕۆشنبیری کە خەڵک دێ لێی فێری زمان دەبێ، دەبێ جاسووسـی چـی تیابێ؟ پێموایە ئەوانەی ئەو قسانە دەکەن دژی ئەو میللەتـەن و نایانەوێ ئەو میللەتە دنیای دەرەوە ببینێ و چاوی بکرێتەوە و شارەزای فەلسەفە و کلتووری دەرەوە بێ، بۆیە ئەو قسـانە دەکەن، ئەگینا لێرە چی هەیە کاری جاسووسـی بکا، فێربوونی زمان و چیـرۆک و ڕۆمان و فەرهەنگ وئەتڵەس و ئاشـنابوون بە کلتوورێک، باوەڕناکەم شتی وا هەبێ، ئەوانە هەمووی قسەی لابەلان.

*** بەدرخان چۆن دەبینی؟**

– هەمیشە بەدرخان باش دەبینم، بەڵام هەندێکجار لەگەڵ بەڕێوەبەری بەرپرسی بەدرخان کێشـەمان دەبێ لەبەرئەوەی زۆرجـار بەڵێنەکانی خـۆی جێبەجێ ناکا، زۆر پیاوساڵاریشە لەو گەشتانەی دەیـکا، ئەوانەی دەیانبا زۆرینەیان پیاون و ژنی تێدانییە، حەزمدەکرد کاک حەمید زۆر یەکسانی خوازبایە لەوەی کە هەیە، خۆی ماندوودەکاو کاردەکا، بـەڵام بـا کارەکانی بە شـێوەیەکی یەکسانی بکا.

# پەنجاو دوو ساڵ لەمەوبەر مامۆستا جەلال حەمەد فێرە ئەلفوبێی کوردی کردم!

**باوکی لێزان**

چەند ڕۆژێک لەمەوبـەر دەمەو ئێوارە لەسەر شۆستەی یەکێک لەشەقامەکانی گەڕەکی کشتوکاڵ لەهەولێر ڕاوەستابووم لەپڕ لە پێشـەوە ئۆتۆمبێلێک وەستا. سـەیرمکرد لەتەنیشـت لێخـوری ئۆتۆمبێلەکە مامۆسـتایەکی بەتەمەنی سەرسـپی دانیشـت بوو. سـاقۆیەکی ئەستورو مل پێچێکی لەملی ئاڵاندبوو، چاوێلکەیەکی پزیشکی لەچاوبوو.ئەمە کاتێ لێی ورد بوومـەوە بۆم دەرکەوت ئەمە بەڕێز مامۆسـتا (جـەلال حەمەد)ە. پێـش پەنجاو دوو سـاڵ لەمەو بەر لە قوتابخانەی (حاجـی قادری کۆیی) لەشاری کۆیە وانەی ئەلف و بێی کوردی پێداوم. زۆر بەڕێزەوە دەسـتم لەسـەر سینگ داناو لێی نزیک بوومەوەو خۆم پێناساند.لەکاتی دوانیدا هەناسایەکی ساردی پڕ لەخەم و پەژارەی بۆ ڕۆژانی تەمەنی ڕابردووی هەڵکێشاو سوپاسی وەفاداری کردم و پێی گوتم ناتوانم لەم وەختەدا هیچ بلێم پێم خۆشە لەماڵەوە میوانداریت بکەم و سەرگوزشتەی خۆم بگێڕمەوە بەیانـی ڕۆژی (٢٠٠٨/١٢/١٦) بەهاوڕێیەتی مامۆسـتا دڵزار فەتحوڵا زاوای مامۆستا لەماڵەوە سەردانمکرد و ئەم زانیاریانەم لێوەرگرت.

ڕۆژێکی سارد بوو دوو سۆپەی بەرانبەر خۆی دانابوو.لەسـەرەتا مامۆسـتای بەڕێـز گوتی نـاوی سـیانیم (جەلال حەمەد ڕەسـول)ە، لەدایکبووی ساڵی (١٩٢٤) ی شـاری کۆیـەم، لەگەڕەکی( بەفری قەندی) قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندیم هەر لەم شارە تەواو کردووە. لەسـاڵی ١٩٣٤ بۆ یەکەمجار چوومەتە قوتابخانەی (سەرەتایی کۆیەی یەکەم )، ئـەم قوتابخانەیە لەشـوێنی کۆنە کتێبخانـەی کۆیە بـوو. بەڕێوەبەری قوتابخانە ئەوکات ناوی (عەبدولخالق) بـوو، خەڵکی شـاری کەرکـوک بوو مامۆستاکانیشـمان (تاهیر سـادق) و (مامۆستا باکۆس)، خەڵکی دهۆک بوو. لەگەڵ مامۆستا (مارف عەبدوڵڵا).

قۆناغی ناوەندیشم لەکۆیە تەواو کردووە ئەوکات بەڕێوەبەری ئەم قوتابخانەیە مامۆستا (عەبدورەحمان نورجان) بوو.

ماوەی سـێ سـاڵ لـە قوتابخانەی سـەرەتایی دوورکەوتمـەوە، ئەویش بەهـۆی ئەوەوە بـوو پیاوێک بەناوی (سـۆفی کەریم) داوای لەباوکم کرد، کە فێرە سنعەتم بکات باشترە، هەر بۆیە بەم منداڵییە سێ سـاڵ بووم بەشاگرد بەرگدروو.

بەڵام لە دواییدا ڕازی نەبووم و پەیوەندیم بە قوتابخانەوە کردەوە، لەدوای تەواو کردنی قوتابخانەی ناوەندی پەیوەندیم کرد بە (خانەی مامۆستایان ) لە بەغداد و سـاڵی (١٩٤٧) ز دەرچووم، بووم بە مامۆستا لە قوتابخانەی(حاجی قادری کۆیی )، وەک پێشـوازیکەرێکی چالاک بەشـداری چالاکی جەژنـی زۆر زۆرم کردووە لە بەغدا لەساڵی (١٩٤٦).

لەژیانی وەزیفیم بەهۆی چالاکی سیاسیم چەند جارێـک فەرمانی گواسـتنەوەم لەلایەن (موتەسەریف) بۆ دەرچووە لە کۆیە وە بۆ مەخمور و دیبەگە.

لەسـاڵی (١٩٥٣) خێزانم پێک هێناوە سێ کورو دووکچم هەیە.

لەسـاڵی (١٩٦١) کاتێ شۆڕشی ئەیلول هەڵگیرسـا دەربەدەربووم، چوومەتە شاری قەڵادزێ و بوومەتە بەڕێوەبەری قوتابخانـەی شۆڕشـی ئـەوکات لەسـاڵی (١٩٦٤) دوای گفتـو گۆکـردن لەگەڵ حکومەتی بەغـدا گەڕاومەتەوە کۆیـە و دواتر لەسـەر داواکاری خۆم گەڕاندراومەتەوە (قوتابخانەی هەولێر ی سـەرەتایی ) لـە هەولێـر دواتـر گوازراوەتەوە بۆ (قوتابخانەی سۆرانی سەرەتایی) بەناونیشـانی ئەمینداری کتێبخانە.

لەسـاڵی (١٩٧٧) خانـە نشـینکراوە.

مامۆسـتا دەڵێت پـەروەردەو فێرکردن ئەوکات گەلێک لەئێسـتا باشـتر بوو لەگەڵ ئەوەی ئەمڕۆ پێداویسـتییەکان زۆرن و تەکنەلۆژیا زۆر پێشـکەوتووە. جـاران ڕێزی مامۆسـتا زۆربـوو، بە تایبەتی کاتێک سەرپەرشـتیار دەهات باوەڕبکە وەک ئەوەبوو، کە سـەرۆک کۆمار هاتبێت ئەو هابوو سامێکی زۆری هەبوو. جگە لەمە دەڵێت ئاستی زانستی قوتابی جاران زۆر لەئێستا بەرزتر بوو قوتابـی عەرەبی و ئینگلیزی بەباشـی دەزانی. بروانامەی شەشـی سەرەتایی جـاران هاوسـەنگی بڕوانامـەی بـە کەلۆریۆسی ئێستایە.دەرچووی زانکۆیە جگە لەزمانەکەی خـۆی زمانێکی دیکە نازانێت، ئەمە کارەسـاتە. جگە لەمە دەڵێت پێویسـتە لێپرسـراوانی باڵای پەروەردە لەئاست لێپرسراویەتی دابن، چونکە ئەمانەتێکی یەکجار گەورەیان لە ئەستۆ دایە، ئەگەر نا مێژوو لەدواڕۆژدا بەزەییان پێدانایەتەوە.


مامۆستا جەلال حەمەد

# دەنگ بدەن بە (ئازادی، دیموکراسی، یەکسانی، مافی مرۆڤ)



## قائمة التحالف الكوردستاني - بغداد

# ٤٣٩

## قائمة التآخي والتعاشي السلمي - صلاح الدين



ليستى برايەتى و پێكەوە ژيانى ئاشتييانە

# ٣٣٣



# ٢٣٦

## قائمة نينوى المتآخية




## التحالف الكوردستاني - ديالى




نازم دڵبەند

## دیسانەوە سووتانی ئەنتیکەخانەی هەولێر دادگا چی بۆ کرد؟ دەسەڵات چی بۆ دەکات؟

دۆستێکی ئەوروپاییم بەری دوو ساڵان هاتە هەولێر و چەند رۆژێک مایەوە و خۆی و کامێراکەی، هەموو شتە جوانەکانی ئەو شارەی وێنەگرت و لە هەموو شتێ گرنگتر بەلای ئەوەوە ئەم گەڕەکە کۆنانەی وەکو تەعجیل و سەعدوناوە و خانەقا ئینجا قەڵای دێرین بوو، چونکە هەمیشە دەیگوت: (دانانی ئەم خشتانە لەسەر یەکتر و دروستکردنی ئەم بینایەتە رێکوپێکانە لە دیزاینکردنی دەستوپەنجەی دیزاینسازەکانی ئەوروپایی دەچێت، ئەوانەی دوای خاپووربوونی ئەڵمانیا دووبارە ئەم وڵاتەیان نەخشە سازکردەوە....).

چێشتانێکی هاوینی گەرمبوو سەرکەوتینە سەر قەڵاو منیش بۆ خۆ هەڵکێشانی خۆمان، کە گوایە جوانترین ئەنتیکەخانەمان لەم شارەدا هەیە و خیلافیشم لە قسەکانم نەکردبوو. هەروابوو) بە بەهاترین کەلوپەلی بەهاداری تێدابوو. کە گەیشتینە نێومالەکە ئەم دۆستە ئەوروپاییەم تووشی جۆرێک لە سەرسوڕمان هات و پرسی: (ئەمە کام رێکخراوی نێودەولەتی سەرپەرشتی دەکات؟)، منیش لەبەرخۆمەوە بە زەردەخەنەوە بە برادەرە وەرگێڕەکەم گوت پێی بڵێ: ئەمە دەزگای (خالس هەولێر) بەڕێوەی دەبات... ئینجا پێمگوت ئەمە بەرهەمی هیلاکی و توانای لەرادەبەدەری پیاوێکی پاکی هەولێرییە، کە بە درێژایی تەمەنی بەدوای کۆکردنەوەی ئەم کلتوورە پیرۆزانەوەیە و خۆی و خانەوادەکەی بەدرێژایی شەو و رۆژان بەناویاندا دەسووڕێن و خزمەتیان دەکەن.

برادەرە رۆژنامەنووسە ئەوروپاییەکە دەموچاوی گرژبوو و بە نیگایەکی سەرسوڕهێنەری تر سەیری کردم و لچێکی باداو رووی لە وەرگێڕەکەی برادەرمان کرد و گوتی: پێی بڵێ ئەمە ئەگەر لە وڵاتی ئێمە بووایە دڵنیابە گەورەترین گەلەری بۆ دروسدەکرا و رێکخراوە ناحکومییەکان خۆیان سەرپەرشتیان دەکرد و یان دەکرایە (مۆڵ)ێکی تایبەت بە کلتوور، بە هەناسە هەڵکێشانەوە دیسانەوە گوتی: حەیف ئەو گەنجینەیە ئاوا بە پەرش و بڵاوی لێرە کەوتوون.

هەر زوو رووی لە ئێمە کردەوەو تێیگەیاندین، کە لە ئایندەیەک من مژدەیەکی خۆشتان دەدەمێ، چونکە کە من دەچمەوە کاری بۆ دەکەم بۆ ئەوەی بتوانم هەر لە شارەکەی خۆتان لەرێگای رێکخراوە خێرخواز و کلتوورییەکانەوە بینایەتێکی گەورە بۆ ئەم گەنجینەیە دروستبکرێ.

هەموومان گەشاینەوە و ئەوپەڕی خۆشحاڵی و خۆشەویستیمان بۆ دەربڕی... دیسانەوە بەناو هەموو کون و قوژنەکانی ئەم ئەنتیکەخانەیە سوڕایەوە و ژمارەیەکی زۆری وێنەی فۆتۆگرافی لێگرت.

دواجار کە ماڵئاواییمان لەکاک (خالس) کرد، لە دەرگای چوونەدەرەوە ئاوڕێکی دایەوە و بە حەزەوە گوتی: من دەڕۆمەوە، هیوادارم زۆر ئاگاداری ئەم هیلاکیەت بیت و ئەم کلتوورە پیرۆزە ئەمانەتی تۆیە.

زەمەن هات و زەمەن رۆیشت، لە سەفەری ئەمجارەم بۆ ئەڵمانیا سەردانی ئەم دۆستەم کرد، کە یەکترمان گرتە باوەش هەرزوو زۆر بە حەماسەتەوە گوتی: کاری زۆرباشم کردووە و رەنگە لەم زوانە وەڵامی زۆرباشم پێبدەنەوە و منیش هەر زوو وەڵامی ئێوە دەدەمەوە.

بەبێ هیچ موجامەلەیەک روخساری ئەم پیاوە لەلام بووە پەرستگایەکی ئەوەندە پیرۆز، بەدڵنیاییەوە دەیڵێم هەموو ئەو پیاوچاکانە حەز لە بوونی مرۆڤ و گەورەیی مرۆڤ و شتە بە بەهاکان زەرورییەتە لە پەرستگای ئەم روخسارە نوێژی راستگۆیی بکەن.

بەهەرحاڵ من گەڕامەوە هەولێر هەموو ئەم شتانەم گێڕایەوە و بە رووداوێکی گرنگ و گەشبینم بینی و لە دانیشتنە تایبەتییەکاندا هەمیشە دەمگوتەوە کە: (خەڵکێک دەیان کیلۆمەتر دەبڕێ و دێتە وڵاتەکەی من... ئەنتیکەخانەیەک دەبینێ و مشووری گەورەتر بوونی بۆ دەخوات... بەراست زۆر حەقە مێژووی میللەتەکەی من بە پیرۆزی ناوی بنووسێتەوە.

ئەوەندەی نەخایاند لە شەوێکی مانگەشەودا دۆستێکم بە حوزنەوە لە زەنگێکی مۆبایلداو هەواڵی ئەوەی دامێ (ئەوەتا ئەنتیکەخانەی هەولێریان سووتاند.

بە حەقیقەت هەواڵێکی دڵتەزێن بوو... ئەوشەوە نەمتوانی بگەمە راست و دروستی هەواڵەکە... سبەینێ زوو کە چوومە ئەوێ لە جیاتی ئەم هەموو جوانییە... ئەم دنیا قەشەنگە ببووە خۆڵەمێش... چاوەکانم بەراییان نەداو گەڕامەوە دواوە و لە بەردەم چایخانەی مەچکۆ زەنگێکی مۆبایلەکەم بۆ ئەڵمانیا بۆ دۆستەکەم لێداو بەرلەوەی من قسە بکەم، یەکسەر دۆستەکەم بە گەرمییەوە گوتی: ئەم برادەرە ئەڵمانە رەزامەندی تەواوی بۆ کارەکەتان وەرگرت و لە دوو هەفتەی داهاتوو چەند کەسێکیان دێن بۆ دانانی دیزاینێک بۆ ئەم گەلەرییە...

بە هەڵکێشانی هەناسەیەکی گەرمەوە گوتم: بەم دۆستەمان بڵێ ئەو ئەزیەتە نەبینێ، چونکە ئەنتیکەخانەکەیان سووتاند...!!!)

هەرچەندە بەچاو خۆم نەمدەدی، بەڵام من دڵنیابووم لە شوێنی خۆی تووشی گەورەترین تاسان ببوو...

لەدواجار ئەوەندەی پێگوتم: (من هیچ وەڵامێکم نییە... کە ئەم هەواڵەش دەدەمە ئەم دۆستە رۆژنامەنووسە ئەڵمانەم شعور بە گەورەترین سووکایەتی دەکەم، چونکە چۆن دەکرێ میللەتێک بەدەستی خۆی کلتوور خۆی بسووتێنێ).

کەواتە لێرەوە هەر ئەوەندە ماوە بیڵێین: بۆ سووتانی ئەنتیکەخانەی هەولێر
دادگا چی کرد...؟ دەسەڵات چی بۆ دەکا...؟


بەدرخان یەکەم هەفتەنامەی ئەهلی ئازادە، دوای راپەڕین ژمارە سفری لە ٢٢/١٠/٢٠٠٠ لە سلێمانی دەرچووەو هەموو ٨ و ٢٢ی مانگێک دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان لە باشووری کوردستان دەریدەکات

- خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری بەرپرس:
حەمید ئەبوبەکر بەدرخان (٠٧٥٠٤٥٥٥٨٧٨)
- بەڕێوەبەری نووسین:
عەبدولڕەحمان مەعروف (٠٧٥٠٤٦٣٨٥٤١)
- ستافی کارا:
حەسەن یاسین، نازم دڵبەند، کازم عومەر دەباغ، هێمن جەمیل، هەوراز محەمەد، محەمەد فەتاح، مەسعود ئیبراهیم.
- نەخشەساز:
ئاسۆ حەسەن ئەحمەد (٠٧٥٠٤٤٧١٨٢١)

- راوێژکاری مێژوو: د. عەبدوڵلا عەلیاوەیی
- راوێژکاری زمانەوانیی: د.وریا عومەر ئەمین
- راوێژکاری رووناکبیریی: د. هیمداد حوسێن
- راوێژکاری کلتووری: خالید جوتیار
- بەشی کۆمپیوتەر: ئەیوب یوسف ئەبوبەکر

ناونیشان:
کوردستان، هەولێر، شەقامی ئاراس، باڵەخانەی سەرداری
نۆرماڵ: ٠٦٦ ٢٥١ ٠٦٧٩
مۆبایل: ٩٦٤ ٧٥٠ ٤٥٥ ٥٨٧٨ +
سلێمانی، باڵەخانەی رەحیمی مەلا عەلی
مۆبایل: ٩٦٤ ٧٧٠ ١٥٩ ٨٥٥٤ +

Bedirxan
www.bedirxan.net
bedrxan@yahoo.com